جیهانە کە دەبێت بگوترێ پارادیگمای ئینتەلێگیانە وەک کرێکی گشتی، وەک فۆرمی پێتیی بوونەوەر (2)، لەی تێبگەین. بە شێوەیەکی دی ببڕژین: زەینی چالاک "لە دەرەوە" دێت و کاریگەری لەسەر زەینی مرۆڤ دەنوێنێت، واتا سەرەتا کار دەکاتە سەر پلەی دووەم. ئەم پلەیە دەروونداڕە، دەروونیش (psyché) بە فەیلەسوفە ئەرەبییەکان هەروەها واتای "ژیان"ی دەگەیاند. دەروون "وەک کرێک یەک-ە؛ گوهەری دەروون هاوشێوەی گوهەری خودایە، هەر وەک چۆن تیشکی خۆر هاوشێوەی خۆرە" (Kindi al-, 2731950). کەواتە لەنێو دەروونداو بەشیمانەیی / هەزرکییانە زەینی پێتی، چالاک، دانراوە. ئێوجا سێیەم پلەی هزر پێوەندییەک لە نێوان هەردووکیاندا دەهێنێتە گۆڕێ، واتا لە نێوان کایەی زەینی چالاکی دانراوی نێو دەروون و کایەی زیندەدا، واتا کایەی بزواو و پابەندی سروشتدا. ئێوجا کندی فۆرمێکی دیکەی زەین دەداتە پاڵ سەرئەنجامی ئەم پێوەندییەی نێوان زەینی پێتی و کایەی زیندە، کە بریتییە لە بەیانبوونی پێوەندییەک. ئەمە بۆچی بەیانبوونی پێوەندییەکێوە دەتوانین ئێو زانینە هۆشکییە بناسینێوە کە خەی لەنێو جیهانی بەرجەستەیی شیاوی دەرککردندا دەبینێتەوە. کندی لەسەر ئەم پلەیەی زەین زانستکان و فەلسەفە یان پێیامهێنی دادەنێت. بەگومان کندی بەم مەدلە هەشتا هەر وەڵامی ئێو پرسیارە ناداتەوە کە داخە چۆن دوایی پێنەوەکە لە مەئریفەی سێنسییەوە ڕووەو مەئریفەی هۆشکی ڕووبدات. ئێو پەڕە بە پلەکانی زەین دەدات، وەڵە کارکی بەم چۆشنە هیچ لە پاییکیی زەینکان ناگۆڕێت گەر هاتوو ڕوونکرێتەوە کە داخە چۆن خودی پلەکان بتوانن لە یەکدییەوە بنەگۆڕێ. ئەمە دەتوانین هەی دەلاقکان کە لەنێو فەلسەفە سیستەماتیکییەکەی کندیدان، بە ئێوە بگۆنینەوە کە بەرهەمکەی ناتواو بە ئەمە گەیەنراوە. وەڵە هەروەها دەتوانین ڕوایانە گومانی ئێوە لێو هزرڤانە مەزنە بکەین، کە ئێو ئاگامەندانە وەڵامدانەوەی فەلسەفییانەی هەندک پرسیاری بە خاتری وەڵامدانەوەیەکی ئایینی پشتگوێ خستووە.

3-2 ئەڵەازی و گومانگرایی فەلسەفەیی
(بڕوانە هەمان ماپێ – و)

پەراوێز

(1) سیتاتەکە وەرگیراوە لە وەرگێڕانەکەی:
Watt/Marmura 1985, 331, Vgl. al-Kindi 1950, 82 ff.
2)) بەم تێگەیەدا جیاوازیی نێوان پارادیگمای ئینتەلێگیانە و پارادیگمای نوسەردەم-مەدەرنی مەنتالیستی ڕووەبتەوە: کانت

تەنیا ئەو بابەتانە ناودەنێت "ئینتەلیگیبل" (هۆشەکی، دەرسنسی) کە "تەنیا بە زەین شیاوی پێشبینیکردنن و هیچ کامەکی لەوانینەکانمان ناتوانێت هووبان تێبکات" (Prolegomena zu einer jeden künftigen Metaphysik, § 34 Anm.). کەواتە بابەتەکان "کرەکی هۆشکین" (Gedankendinge) کە ئاوەزمان بنیاتیان دەنێت بە ئەوەی بتوانین گەزارە لەبارەی دەرککردنە سنسیبلەکان دەربڕین (وەک: پرنسیپی کاوساڵیتی، یان زەروورەی کردار (die Imperative) لە مەرالدا). بە پێچەوانەشەوە فەلسەفاندنی ئینتەلیگیبانە ئاماژەدا شوێنی مەئریفەی "ئەها" و "استییەکان بەسەر کرەکی جیهانەوە دەبینێت.

سەرچاوە
Geert Hendrich, Arabisch-Islamische Philosophie, Frankfurt / M 2005

تێبینیی وەرگێڕ
ئەم وەرگێڕانانە کە بەدووی یەکدا بەاودەکرێنەوە، دەگەڕێنەوە بۆ نزیکەی پازدە ساڵ لەمەوبەر بۆ "فەرخوازان"ی بەشی فەلسەفەی زانکەی هاپێڕین.

فەرهەنگۆک

بۆچوون: لای پلاتۆن نزمترین پلەی مەئریفەیە و تەنانەت دەکەوێتە ژێر مەئریفەی دەرککردنی هاستەوخۆی بابەتەوە. کە من دەبڵێم "بە بۆچوونی من ئەمە ئەوهایە"، لەرەدا من تەنیا وای بە دەچم کە هەوشەکە ئەوهابێت، وەلێ من هیچ لەبارەی نازانم.
پارادیگما: نموزەج، نمونەیی، مەدێلی هوونکردنەوە، شێوازەکی مەئریفەیی.
ترانسسەندەنت: دەرجیهان، لەوبەر توانستی مەئریفەی مرۆڤەوە.
ترانسسەندەنتکردن: تێپەڕاندن لە کایەی سنسی، کایەی شیاوی دەرککردن و ناسین؛ هەڵزنان هووەو کایەی هۆشکێتی.
تیەلەگی: زانستی توژڕەوە لە خودا / خودایەتی و کرەکی ئەو.
تێلیەلەگی: زانستی هەئەنجامی، واتا گریمانە دەکات کە جیهان لە پێوەندیی هەئەنجامیدایە؛ هەردووکیان پابەندی یەکدین: هەوەک کاریگەری، ئەنجام وەک سەرهەداو لەو کاریگەرییەوە.
هوانین (نەزەر)ی میستیکی: ئەزموونی نهێنیئامێزی دیتەنییانەی خودا (بە نموونە لە تەسەوفی ئیسلامیدا).
ستەئایک: ستەئا مەدرەسەیەکی فەلسەفەیی گریکی بوو دوای

ئەپیستەتلیس (بەگشتی دوای قۆناغی کلاسیکی). مەدرەسەکە بەتایبەتی ئەتیکی (ئەخلاقناسی) بوو و هەوڵی دەکردەوە کە چۆن مرۆڤ یەکگرتوو لەتەک "خۆی" و "سروشت"دا بژی، هاوکات لەدژی سۆفیستەکانی کارا بێت تاکو بەو مەئریفەیە بگات. ستائیکیەکان خۆیان هەروەها لە سیاسەت بەدوور دەگرت.
سیلەگیزم: زانستی قیاس، دەرئەنجامانەدن. لە دوو پێشدانراوەوە (پرەمیسەوە) کە تێگەیەکی نەوانیان هەبێت، بۆزرووری دەرئەنجامێک دەکەوێتەوە: "سەکرات مرۆڤە"، "مرۆڤ بمرێ"، کەواتە: "سەکرات بمرێ". سەکرات لە پێشدانراوی یەکەمدا بکەرێ (سەبژەکتێ)، مرۆڤ پرەدیکاتێ (مەحمولێ)؛ مرۆڤ لە پێشدانراوی دووەمدا بکەرێ، بمر پرەدیکاتێ؛ مرۆڤ لە هەردوو پێشدانراوەکەدا تێگەی نەوانیە.
سێنسی: مەحسوس، ئەوە کە بەهۆی سێنسەکانەوە (چاو، گوێ، لووت، هتد) چەدەبێت.
سەیەکانە: تیەلەگیی کریستیانەتی جەخت لە سێ یەکانە، یان لە سێیەکانەیەک دەکات کە بریتین لە: خودا جارێک وەک "بابە"ی ئاسمان کە مرۆڤان دەپارێزێت، جارێک وەک "کوڕ" (ئیسا)، واتا خودا هاتێتە نێو مرۆڤەوە، ئەوجا خودا جارێکی دی وەک "هۆشی / گیانی پیرۆز" کە هەمیشە لەنێو کریستیانیەکاندا ئامادەگیی هەیە.
کرێکی هۆشکی، یان شتی هۆشکی / بیرکەیی لای کانت بریتین لە "ئیدەکان" کە ئاوەز خۆی بەناچاری دەیانهێنێتە ئاراوە، هەروەها "شت لە خۆدا".
کلاسیکی: سەر بە کلاس (پۆل)ی یەکەم، هەمیشە چواندوو، هەمیشە هێنووکەیی. کە دەگوترێت سۆفکلێس کلاسیکە، یان بووە بە کلاسیک، مەبەست لەوەیە کە دراماکانی ئەو هەرگیز کۆن نابن. کلاسیک جیاوازە لە "تەقلیدی"، بە نموونە مرۆڤ ناتوانێت ببژێت: "فەان کلاسیکیە"، "ئەو پارتانە کلاسیکین".
گنۆستیک: واتا مەئریفە، کەناوک بوو بە ئەو ئاستانەی کریستیانەتیی سەرەتا لە سەدەی دووەم تا سێیەم کە ئیمانی کریستیانییان بە هەندێک هەزری ئینتیکەوە گرێ دەدا؛ ئەوان دەیانویست بە مەئریفەی خودی خۆ (خودناسین) و جیهانبینیەکی دوالیستی (هۆش و ماتەری) بەهای لەشکەتی بەرانبەر هۆشکەتی تا بشێت کەمبکەنەوە، تاکو ئیدی مرۆڤ بەو هێیەوە خۆاسی خۆیی بدیبهێنێت.
ماکرۆکەسمۆس: "مەزنە گەردوون"، واتا گەردوونی دەرکی بە پێچەوانەی میکرۆکەسکەس، واتا گچکە گەردوون کە لە ناخی مرۆڤدا شیاوی سەرهەڵدانە.
مەنەتایزم: ناساندنی خودایەکی "تاک" و "گشتگیر"، وەک لە

ئایینەکانی جوویەتی و کریستیانەتی و ئیسلامدا.
میحنە: بریتی بووە لە "ئینکفیزیسیۆن"ی ئەباسییەکان کە خەلیفە ئەلمەئمون ساڵی 833 دایناو هەموو کەسێکی ناچار دەکرد پابەندی بۆچوونێت بێت. دەوترێت دەیسەپاند کە "قورئان دانراوی مرۆڤە" ("خەلق ئەلقورئان")، بە پێچەوانەی پیاوانی ئایین کە قورئانیان بە پێیقی ئیلاهی دادەنا. بۆتایبەتی موئتەزیلییەکان جەختیان لە قورئان دەکرد وەک مەخلوق.
مێنتالیزم: مێنتال بەواتای "کایەی هەش". مێنتالیزم لە فەلسەفەدا (هەروەها پسیکۆلۆگیدا) گریمانەی سروشتێکی هەشکییانەی مرۆڤ دەکات بۆپاڵ سروشتی بیۆلۆگییانەی ئەوەو. سروشتی هەشکی خەی لە زمانێکی گشتگیری هزرینەدا دەخەمڵێنێت، ئەوە سەربەخۆ لە سروشتە ماتریالیستییەکەی مرۆڤ (لە نیەرلۆگی).
نووس: ئاوەزی پۆتی، یان هەشی پۆتی ی تەکنەبوو بە هەر ڕووشکی سێنسی، هەستکی و ئەندێشەیی.
ئیتەدەکسی: پابەندی بە بنەما چواندن پەدراوەکانی ئیدیۆلۆگییەک یان ئایینەکەو.
ئەزەلی: نائافرێنراو، هەمیشە هەبوو. بە نموونە گەردوونێکی نائافرێنراو لە لایەن خودایەکەو. ئەمە تەوانینی ئیستەتلیس بوو و لەتەکیدا فارابی، ئیبن سینا و ئیبن ڕوشد هاوڕا بوون.
ئیدە: وێنەی هەشکی.
ئیستەتریک: هەموو ڕەبازە میستیکییەکان (نهێنیئامێزکان) دگرێتەو، وەک تەسەوف، کە دیانووت بنهێنی، مەتافیزکییانە، بە مەئریفەی خودی خە بگەن. ئامانجیان لێرەدا بریتییە لە "یالیزەکردنی خودی خە" (تەحقیق ئەلزات).

ئەدیبی کوردو مەلا.. جەمال عەزیز قادر

لای زۆربەمان ئەو پێناسەیە لە مەشکماندا چەسپیوە کە ئەدیب و هونەرمەند کەسانی هەستاوەرو هوشیاری کەمەگان و جێی متمانەی گەلن، ئەوان بەشەویکی ناراستەوخۆ کار لە بەرەوپێشبردنی ڕەوڕەوەی پێشکەوتن دەکەن و گەل لە فەرهەنگی ئەوانەوە بەهرەمەند

دەبێت.
ئەم دەستواژانەو نموونەی ئەمانە لە بواری تیۆریداو بە تێگەشتنە کلاسیکییەکەی چوارچێوەیەکی جوانن کە دەکرێت لە ناواخنەدا زۆر پێچەوانە بێت و بگرە شونێی مشومگەزو بگەنیی بێت، بە ناڕ؟ گەر ئەدیبان لە پشێوەی شێشی فەرانسادا سیمبۆڵی بەرخەدان و گیان بووبن ئەوا زەمانەکە لای ئەمە زۆر پێچەوانە بووتەوەو باڵی ڕەشی گەندەڵی سەرتاپای لە ناواخنی زۆربەی ئەدیباندا ڕەنگی داوەتەوە(بە تایبەتی ئەوانەی پێگەیەکی وەزیری بچوك یان گەورەیان هەبێت). ئەم گوتانە ڕەنگە کەسانێکی لەخۆبایی و تیۆریست تووڕە بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕاستییەکن تاکو نەدرکێنرێن ئەوەی ژیر بەڵێ نایەتە سەر بەڵێو ڕاست و چەوتی بە خەڵك و خوێنەران ئاشکرا نابێت. ئەو کاتە گیانی بنەڕەتی لە سیستەمی ژیاندا ڕووی دەدات کە ئەدیبان ڕاستگۆیانەو مرۆڤدۆستانە مامەڵەیان کرد، ئەو کاتە دەتوانن ببنە نموونەیەکی جوانی پێشەنگ بوون. ئەو کاتە وتەکانیش کاریگەرییان دەبێت کە لە دژی دڕندە باوە چەقبەستووەکە باهۆزێك هەڵبکات هەموو ناوە قەبە و قەرخکاران و لافوگەزافی ئەدیب بوون و هونەرمەند بوونی ئەوانە داماڵێت کە بوونەتە بارێکی قورس بەسەر شانی وشەو فەرهەنگ و سەلیقەی ئەدەب دەستانەوە.

دوو حیزب لە دوو زەنی جیاوازدا هەموو خوێنشتن و ستەم و چاوبەست و خیانەتکیان بەسەر گەلی داماودا تاقیکردەوە ئەنجا بڕیان بە سەبەر-قەڵەمکان و پاشکۆکانیان چەکرد کە لە پاشماوەی دزی و گەندەڵیەکان بخەنن و ببنە چاو ساغ و پاکانکارانیان، قەڵەم بەسەدەت پوچکانیش شانازی ئەویان بە دەمنەتەوە سەفی لەگەڵ ئەو تاوانبارانەدا بگرن کە لە قەناغکانی داهاتووی مژوودا دەردەکەوێت چ دەعباو جانوەرێك بوون. بەڵام کەلکە ئەدیب و ئەوانەی لە بەخشین پوکاونەتەوە ئامادەن نێك ویژدان بەکو هەوەست و خەشیان بفرۆشن لە پێناوی بڕژەوەندی گیرفان و پلەی خیاندا و هەمیشە لەو گەژاوی نیفاقەدا بتلێنەوە کە نووسینکانیان لەوەی دەدوێت.

دەزگای سەردەم و ئەوانەی بزنسکەی بەڵێوە دەبەن پشکێکە لەو پانتاییە بەرفراوان و قەزەونەی لە قوڵی گەندەڵیەکی خستەوە لکاون و بەوایان بەوە هەیە کە دەڵێت: ئەوەی خەم بەخەم، ئەوەی تەش دەخەم. تەنانەت لای زەرێك نابێت ئەو شاعیرەی ئەو ئاوی گەندەڵی و خەخەیەی تیایدا چاند ناکرێت لە گەندەڵیەوە بگلێت ولەکاتێکدا دوای خەشی کەمێك مشخۆری جیهەشتبێت لەسەر ڕەبازی خەی، هەموو

داهاتۆکان لوش دەدەن و تەنانەت جگە لە کتێبی خۆیان هیچی تر بە نەیاس چاپ ناکەن، جا خەمەکە ئاوێیە بە شاعیری نەتاوە ناوبەنرێت و ببێتە وێردی سەر زاری توتیەکان، ئەمێیە نەگبەتی میللەتی شۆکۆر! ئەمێیە جەهلی توان دوو! لە زەنەکی تریش دەزگای رێشنبیرو چاپەمەنیی زەرو زێبانەدی وا هەیە دەکرێت ببێتە دەزگایەکی سیخوێیی بەسەر نووسەرانەوەو زەر بەلاشیانەوە ئاسایی بێت، چونکە هەمووان دەقیان بەو دەخێ بگەنەوە گرتووەو ئەم دیاردانە بووتە رێتینەکی رەژانە لای هاوڵاتییان و کەس تاقەتی خوێندنەوەی گەڤارە تاقانە تەمەن درێژەکێشیانی نەماوە، کاتێك شتێك نەما لای ئەدیبان ناوی ویژدان و مەڵا بێت، ئەو کاتە دەستپاکی و راستگۆیی و مەبدەئو هەڵوێست دەبێتە حاڵەتێکی نامۆ. بەڵام جەی خۆیەتی لەرەدا ستایشی ئەو کەمە ئەدیب و نووسەرو هونەرمەندانە بکەین کە هەشتا خۆیان نەدەڵاندووە پێیان خۆشترە لە پەراوێزدا گەڵ بزر بن نەك ببنە خامۆیەکی بە ئەرزشی خوانی ستەمکاران، ئەوانەی لەو ئەرگانە حیزبیانەدا گۆشیان نییە و لافی ئازادی و بەلایەنی و داهێنانیش لێنادەن!

کچی سوور.. شیعر\ سەلاح جەلال

پێنج گوڵی سور(...)
گۆکانێك کاکڵشانی سوور کرد
پێنج گوڵی سووری هەڵگرتبوو
بەموزیکی رەوی هەسارەیی هاتن
لەپەلکە زێڕینەی رۆح جیابوونەوە
بەگۆگڵی وشەی تواوەی مەرگەسات
شەوارەیان خستە فەزا
پێنج هەسارەی عیشقیان ناونا
بەئەتۆمی زمانەوە سنووری مەرگ تێکەڵ بوو(...)

پێنج گوڵی سوور(...)
بە گێژەنگی رۆح و زمان

تونێلی مەرگ بوو بەفڕ
بوون و نەبوون بەهەمیرسی گردرا
فەزای سێدارەی پاکیزەیی بوو بە زمان:
بوو بە فەزای تەکنولۆژیای ڕۆحی زەمان
لێرە لەم فەزایە لێرەبوونی من و تۆ ئەوانە
درەخت و کێشکی وێنە وێنەی هەناسەیە(..)
لەئاماژەو وشەو گریەو لایە لایە
شاری موزیکی مەرگەساتیان پێکهێناوە(…)

پێنج گوڵی سوور، ڕیشتن(..)هاتن(…)
لەئەستێرە ڕەشەی نەبوونەوە کەوتنە خوار
ڕۆح بەچرا گڕایەوە
خوێن بە ئاگر
بەسێدارە گۆوگاڵ بێ کۆرپە دەکەن(…)

پێنج گوڵی سوور پەلکە زێڕینەی تاریکین(…)
شانۆیەکی ناوەختەیان نمایشت کرد:
سەفی محەمەدی ڕچەی سیبریایی بێ
بەفەلسەفەی سیزیف و چرای دانتی
تۆوی کچانی سێدارەی هێنایەوە
فەلسەفەی مەرگ لەمەرگ دادەهێنێت:
(ئێمە دابڕاوی ڕەوی بیابانی خۆرین
گۆکانی شەوارەیی مەرگی مەرگ
بێ ئەتۆمکی گۆوگاڵ)(…)

تابلۆی پاش مەرگەی ئەنجیلێ فەزایەکی هێنایەوە:
ملوانکەو موورو ستیان و ژێرکراس و جلی خوێناو(…)
ڕەمانی بورکانی کچانی سووریان چاپ دەکرد
مستیلەی نەرمینی کەریمی لە کاکێشان هێنایەوە:
(شارا ڕەحمان بەهەتاوی زەمەن بەخشی
بلوێنان چرا داگیرسا)(…)

بازنەی مەعسومی سەرهەنگی بوو بە تابلۆ(…)
لەهەسارەی تیژ ڕەوییەوە گزنگی دا
بانگەشەی بۆ کاروانی سیبریا کرد:
(پەتی سۆدارە فیلمێکی دازاینی فەلسەفی بوو
هەمانڤی زەمەن و بوون و مۆژووی دەکرد
چەندە خۆش بوو پەتی سۆدارەم خرایە مل
وام دەزانی شەوی عاشقی بوکێنیە)(…)

ملوانکەی نەسرینی پاك نییە بوو بەموورووی ئاودار(…)
لەملی درەختی قەدەردا پەخش دەکرا
ناخی پاش مەرگەی کچانی سۆدارەی دەڤتەوە:
ئەو وشانەی دەبنە هەم و
بەبارانی شڤشی سوور دادەبارێن(…)

کاتژمێری مریەمی سادقی چرکەی هەسارەی مەرگی کرد(…)
ساتی سفری ڕەوی ئازادی مار دەکات
بە مۆزیکی ڕەوی قەرەجی ئیتالی
سەمفۆنیای بیتهۆڤن و ئاوازی مەرگ
سروودی پەتی سۆدارەی کچانی سوور دەڤنەوە(…)

لێرە فەزایەکە یاخی لە ئەدیبی فرێئید(…)
سەرکێش لە سێبرمانیەتی نیتشەو
قوڵتر لەتاعونی کامۆ
ڕونتر لە مورغی سلێمان
بڵند تر لەشاخی هیمالایاو
سوورتر لەمۆژووی غاندی و هەربرت
ئاهەنگی کچانی سووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە
قەڵەم بریسکەی گریانە
دەفتەر گەی بورکانی هەناسەیە(..)
تەکنەلۆژیا ئاوێنەکانی ناو ڕۆحە
گەردوون لە کونی دەرزیەکا نیشان دەدات

بە گۆگای هەرگرفی
بەرح پانرامای دەوەتی مەروولە دەکەن
ژینا ئەمینی بەبورجی ئیفیلی شێشی سوور(..)
بەرمانی کچی پاکیزەی رەشەبا
لەتەکنەلژیای بووندا چاپیان دەکات(…)

27/8/2022 کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ

چیت لێ توانایە..!.. شیعر: یغما گلرویی.. وەرگێڕانی: پشکۆ ناکام

گۆرانی: داریوش اقبالی

بێ تاوانی عەتر بەخشین

گوڵ گوناهبار کردن

قەترێ بێ قەترێ.. سەر تا خوار

تاڤگێ لێک هەڵوەشانن

بێ تاوانی هەناسێ یان

لێدارم ئێیەی !

لێ نێوان چرا و چاوی من

دیوار دروست کردن

لێ ترسی هاودەنگی

زنجیر کشانن

لێ مل یانی چرا..و

لە ئەم دەستەژ کردن

ئەستێر داگرتن..و

ئاوێنە شکانن

لە "ساردخانە"(1)ی پە لە تۆیمان

چیت لە توانایە..؛

لە قی پەنگ خواردووی دەنگمان

چیت لە توانایە..!

بە سەبەری داسی رق و قین

گەنم ئەشکەنجە یان

بست بە بستی

کێگە هێاج کردن

گوەاێ زیندانی کردن

پەپولە هێوەران

خەر ئەدزی..و

شەو دووبارە ئەکەیتەوە

بەرامبەرمان

بێام چیت لە توانایە..!

"""""""""""""

(1)= ساردخانە بەو بەشەی خەستخانە ئەوترێ کە لاشەی مرددوی تیا هێئەگیرێ..

دونیای شیعر.. سەردار جاف

زنجیرە وتاری نووسین بەرەو نووسین

(١)

لە زنجیرەکانی پێشوو باسمان لەوە کرد کە لە ناو کورد دا هەموو لە ڕووە پێنا بە شیعر دەبێن کە قورسترین ژانرە، ئەستایش گەرەکە بزانین کەرستە پێویستییەکانی شیعر چین؟ وتمان سەرەتا و بە هیچ ئامادەکارییەک تێ دەبە بەهرەیەک لە ناختدا هەبێ و گوژم بدات ئەو بەهرە هەڵقوڵاوی ڕەحمکی پاکی شاعیرانە بێت، کە ئەو بەهرەت شک برد، یەکەم کار ئەوەیە کە تێ ژانرە دەست نیشان بکەی و لە سەری بنووسیت، ناکرێ تێ کۆشک بی دژە ڕەمانسی و شیعری ڕەمانسییەت بنووسی، یاخود کەسکی دژە فیکر بیت و شیعری فیکری بنووسیت ئەو دەمە نە دەتوانیت ئامانج و مەبەستەکەت بپێکی نە بە ڕەحەوە دەینووسیت، یانی هەڵقوڵاوی ناخمکی پاک نابێت، پێویستە شیعری شاعیران و ڕەخنەگران بخوێنیتەوە، تا سەردەرکردوو بیت لە کون و کەلەبەرەکانی شیعر، کارامەییت لە زمانمکی جوانی شیعرییەتدا هەبێت، ئەمە ڕەنگەڕێکی ئەستاتیکایی بە دەقی شیعری دەدا، ئەمەش لە شیعردا زمان کۆدەکەی سەرەکییە، کاتێکیش شیعرت نووسی و تەواو بووی هەوە بدە لە گەڵ هاوڕێکانت بەشدار بیت لە کۆڕ و کۆبوونەوەی خەیی، ئەوەی بە شاعیر گرینگە لەم ڕۆژگارەدا فەربوونی بنەما شیعرییەکان و داشتنتی، دوو کەپلە لە شیعری خەرمانەی مامۆستا ئەحمەد هەردی دەنینەوە بە ئەوەی لە سەر کەشی پەنجە بە ئەوەی شیبکەینەوە تا ئاشنایەتی پەیدا بکەن لە بگەکانی شیعری؛

چ سەکت لە ناو دەدا، حەشاردەوە بە پەنهانی
کە چاوت چێشنی ئاوێنە وەها بە پەردە درکانی
ئەزانم دڵ هەیە، وەک مس ، کە ژەنگ دەنە بە ئاسانی
دڵی تۆ زەڕەی تەزابە لە کوەوە ژەنگی هەڵهانی ؟
جگە لەوەی ئەستا دەین برگەکان دەستنیشان دەکەین، هاوکات زانیتان کە دوو دەڵەی شیعر دەبەتە بەیت، دواتر شتێ دیکەیش ئاماژە پێ دەدەین با بەینە سەر بگەکان ؛

چ / سە / کت / لە / ناو / دە / دا / حە / شار / دا / وە / بە / پەن / ها / نی
کە / چا / وت / چەش / نی / ئا / وە / نە / وە / ها / بە / پەر / دە / در/ کا / نی

ئە / زا / نم / دە/ هە / یە/ وەک / مس / کە / ژەنگ / دە / نە / بە / ئا / سا / نئ
د / ەی / تە / زە / ەی / تە / زا / بە / لە / کوە / وە / ژەن/ گی / هەە / ها / نی
لەردا ئەویشمان بە دەردەکەوت کە ئەم شیعرە کلاسیکییە، ١٦ بەگەییە، ئەوەی بە ئەوەی تازە دەست پەکردوو گرینگە ئەوەیە بزانن کە وشەی دە لە دەەی یەکەم و سێیەم یەک بەگەیە، کەچی لە دەەی چوارەم پیتی (ی) بە زیادکرا، (د) بە تەنها بووە بەگەیەک، هەروەها لە وشەی ژەنگ کە لە دەەی سێیەمدا هاتووە یەک بەگەیە، کەچی لە دەەی چوارەم بە زیاد بوونی (ی) ئەمیش بوو بە دوو بەگە(ژەن) بەگەیەک و (گی) بەگەیەکی دیکەیە.
لە شیعر نووسیندا هەوە بدەن وشە دووبارە ناکەنەوە، تەنها بە جوان بەخشی نەبە، چونکە دەبەتە مایەی سواوی بە مانایی لە دەقە شیعرییەکەتدا، کەچی لە هەندە حاەتدا جوانی دەکات و پێی دەوترێ ((جیناس));
((جیناس ئەوەیە دوو وشە وەک یەک بن، ئەمەیش چوار جۆری هەیە؛
أ / " جیناسی تەواو " ئەوەیە پیتەکانی ئەو دوو وشەیە لە چەشن و ژمارە و ریز و سەر و ژێردا تەن بە تەن یەک بن، جا ئەگەر هەردوو وشەکە یەک وشەیی بوون، ئەوا پێی دەەن " جیناسی تەواوی موماسیل " وەک لەم بەیتەدا؛

شەبەهی زولفە شەه گەنیە روو گەردانی
بە سەری ئەو کە بە سەودا سەر و سامانم دا

لەردا لە نەوانی دوو وشەی " شەبەه " دا جیناسی تەواوی موماسیل هەیە.
خە ئەگەر یەکە لە دوو وشەکان لە دوو وشە دروست کرا بە و ئەوی تریان یەک وشەیی بە، ئەوا پێی دەەن" جیناسی تەرکیب " وەک لەم بەیتەدا ؛

موتمەئین خاتر و ئەیمەن مەبە هەرگیز لە شەی
نەفسی ئەممارە، کە ئەم مارە لە گەە تە شەیە

ب / " جیناسی ناقیس " ؛ ئەوەیە یەکە لە دوو وشەکە پیتەکی لەوی تریان زیاتر بە، ئیتر ئەو زیادەیە لە سەرەتاوە بە یا لە ناوەاست یا لە دوای وشەدا، وەک وشەی " پووش" و " پووشوو " لەم بەیتەدا:

رەقیب و موددەعی وەک پووش و پووشوون
بسوتێنین کە وەک بەرقین، لە بەر قین

ج / " جیناسی موحەەف " ؛ ئەوەیە کە دوو وشە لە هەموو شتدا یەک بن، تەنها سەر و ژێریان جیاواز بە، وەک " جەنان " و " جینان " ،

بۆ پەی شێوە نووسینی عەرەبی، لێم بۆیتەدا؛
جانانی وەک جینان کردم بە ماوا
حەبیبەی " ماڤیاوا" ماڤی ئاوا
د / " جیناسی موزاریع " ؛ ئەوەیە دوو وشەکە وەک یەک بن و تەنها لە یەک پیتدا جیاواز بن و ئەو دوو پیتەش کە تیادا جیاوازن لە یەکەوە نزیک بن، وەک وشەی " دیبا " و " زیبا " لێم بۆیتەدا؛
کوە تازە و تەڵ مادام سادە وەکوو خوشکی بۆ
ئەمما کە روا سەبزە دیبا کوە و زیبا کچ
ه / " جیناسی لاحیق " ؛ ئەوەیە دوو وشەکە وەک یەک بن و تەنها لە یەک پیتدا جیاواز بن و دوو پیتەکەش بۆ تەواوی جیاواز بن، وەک سێ وشەت " ئاسک " و " ناسک " و " باسک " لێم بۆیتەدا؛
ئەلا ئەی ئاسکی ناسک بۆ باسک
شکاندت گەردنی سەد شەری شەرز)) (١)
شیعر دونیایەکی جوانی ئەفراندن، تۆ کە تازە دەست بە نووسینی شیعر دەکەی گەرەکە لە دەقی شیعریدا ڕەوانبێژی لە بەرچاو بگریت، بۆ ئەمەیش هەوڵ بدە کەشی شیعریت ناڕەک و لاسەنگ نەبێت، چونکی ئەم لایەنە بەوردی سەرنجی دەدرێتە، بۆ ئەوەی ئەستاتیکا بە شیعرەکەت بەدەی ناکرێ و نابێ ئەم لایەنە فەرامۆش بکەی، هاوکات لە گەڵ ئەوەیشدا تواناکانت لە دوا دێری شیعرەکەدا دەربخە واتا دوا دێڕی شیعرەکەت تەواوی هەنزی ژانر و بیرکەی شیعرەکەت لە خۆ بگرێت، هەم خوێنەر سەرسام دەکەی هەم چێژیشی پێدەبەخشی و وای لە دەکەی بە خەی بیر بکاتەوە و بە دوای بیری تەدا وەڵێ و عەوداڵ بێت، دەکارە لە بەرایەوە وا لە خوێنەر بکەی تەکەڵە بە شیعرەکەت ببەی و لە گەڕیدا سەما و لەنجە بکات ئاوێتەی ببێ، تا لە پێام و مەبەستەکەت هەم ورد بێتەوە هەمیش تێبگات، کاتێک کە شیعرت نووسی یەکسەر مەچە سەر لاپتەپ و کەمپیوتەرەکەت و دەست بە نووسین مەکە، ئەگەر بکەر دەفتەرێکی بەر باخەڵت هەمیشە پێبێت، ناو بە ناو چی بە هزرتدا هات یاداشتیان بکە، بە مەرجێک لە چوارچێوەی یەک ژانردا بێت، یەکەی ژانر لە دەست نەدەی، پێش تایپ کردن بە ڕەشنووس دەست پێبکە ئەوەی مەبەستتە بینووسیت بە یەک وشە دەریببڕە، پاشان زەر بە وردی و سەرنجەوە دیقەتی ئەو وشەیە بدە و بیری لێبکەرەوە، زەر شتت دێتە یاد، تۆ کە لە قۆناغی سەرەتای نووسینی شیعردایت دەشێ چەندینجار ئەو ڕەشنووسە بسڕیتەوە تا دەگاتە پاکنووس کە ئەوە گرینگە و ئیتر دوای پاکنووس دەست بە تایپ کردنی بکە، کەش و سەرواکانیان دەسکاری بکە، هەندە جار دەکرێ وەنا شیعرییەکانیش دەسکاری بکرێت و وەنای جوانتر نیشان بدەی، هەوە بدە خۆ لە بیری ئاڵۆسکاو و جەنجاڵ و سترەسی دوور بخەوە، پشوو بدە، چارە نەکرا، بچە درەوە و تەواو

ئارامی بە هزرت ببەخشێ با وەس و نیگەرانت نەکا، بە ئارامی ئاسوودەیی و هزرکی نەرمەوە وەرەوە سەر نووسینی شیعرکەت، ئەو کات بە بیرکی جیاواز و نا ماندووەوە دگەیتەوە و رەنگە شیعرکی زەر جوان بنووسیت و دەستخۆشانت لێبکرێت، ئەم حاڵەتانە لەبەر چاو بگرە تا دەکەویتە سەر پەی خەت و دوای ئەوە دەبێتە کارکی ئاسایی و زاڵ دەبیت بە سەریدا.

سەرچاوە ؛
١ / دیوانی نالی /لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ؛ مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح حەبدولکەریم، پیاچوونەوەی ؛ موحەممەدی مەلا کەریم. أنتشارات کوردستان ، سنە

ئێران .. دیکتاتۆر بەرە کۆتایی!.. نووسینی: عەبدولڕەحمان گۆورکی

چاوخشانێک بەسەر مەترسییەکان و تایبەتمەندییەکانی راپەڕین و وریایی!
نووسینی عەبدولڕەحمان گۆورکی، نووسەر و شرۆڤەکاری سیاسی

هاوکات لەگەڵ بەرەوپێشەوچوونەکانی ڕاپەڕینی سەرتاسەری خەڵکی ئێران بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆریەتی مەزهەبیی دەسەڵاتدار، حکوومەتی ئێران لە بازنەشێوازی دیکتاتۆرکان و لایەنگرانی، دیاردەت ڕەوی ڕاستەقینەی ڕاپەڕینی خەڵک بۆ لادان بەرەت و ڕەگەری بکات لەوەی گەل بۆ ئاوات و ئارزووەکانی خۆی بگات.
پێناسەی ڕاستەقینەی ڕاپەڕین لە ئامانج و دروشمی سەرکی ڕاپەڕیندایە. هەروەها (کلیل)ی سەرکەوتنی ڕاپەڕینیش لە بەدیهێنانی دروشم و خواستی سەرکیدایە. لە ئێران خەڵک دیاردەت ئەم دەسەڵاتە بۆ تەواوی بوونەن. ئەم داواکارییە هەقوەاو و بەرهەمی هەلومەرجی پێ لە ئازاری سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووریی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەزهەبیە لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردووەدا و بە "هەڵکەوت" پێنەگەیشتووە بە ئەم دروشم و داخوازییە

سەرکیین.
بەردی ئاپۆین!
هاوکات لەگەڵ بەردەوامیی ئاپۆینی خەڵک و ئاسەی رووداوەکان و هەروەها بە نیشاندانی تەواوەتی تابلۆی ئاپۆین، پرسیار لەرەوە دەست پێدەکات کە دوای هەڵوخاندنی ئەم دەسەاتە چی هەودەدات؟ بە واتایەکی تر کە دەوات و کە دەت؟ وەاماەکی هەون بە ئەم دوو پرسیارە، تەشە و دینامەی سەرخستنی ئاپۆینی گەلە بەرەو شەش و دووركەوتنەوە لە باریکەە و بە لاەداچوونی.
دیکتاتەری ئایینیی دەسەاتدار لە ئێران، سامناکترین و ترسناکترین جۆری ژەمە دیکتاتەرکانە لە مێژووی ئێراندا. هەربەیە زیانی ماڵی و مرۆیی ئەم حکومەتە لە کەی هەموو حکومەتە دیکتاتەرکانی ئەم سەرزەمینە زیاترە و تا ەژی هەڵوخاندنیشی، دەست لە تاوان و تاانکاری هەناگرێت.
ئێستا هەڵوبەووەوونەوەی خەڵکی ئێران بەرانبەر بە دیکتاتەری دەسەاتدار پڵی ناوەتە دواقۆناغی خۆی و دەنگی تەکشکانی ئیسک و پروسکی دیکتاتەر لە هەموو شوێنکی ئێران بەر گوێ کەوتووە. دەبە چ بکرێت و مەترسییەکان چین و ئاسەی چیین؟
هەنگاوەکانی دژ بە ئاپۆینی گەل!
بە درێژایی مێژوو، کەنەپەرەستی و ئیستعمار (کۆلەنیالیزم) هەمیشە دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێران بووە. ئەگەر بتوانن، بە میتەدی سەربازی و مەیدانی ئاپۆین سەرکوت و بەدەنگ دەکەن. ئەگەر نەتوانن، پەنا دەبەن بە لادان لە ەەوی ئاستەقینەی ئاپۆین و دابەزاندن و کاەکردنەوەی دروشم و داواکارییەکانی خەڵک. ئەوان توقاون لەوەی "ئاپۆین" بگاتە ئاستی"شەش" و "دیکتاتەر ەووخان". هەر لەبەر ئەم هەکارەشە هەوە دەدەن بە شەوازی جیاواز ئاماژەی ئاپۆینی جەماوەر بە ەووخاندنی دیکتاتەر بگەن بەرەو "ئیسەاحات و چاکسازی و مانەوە"ی ئەم ژەمە.
ئەگەرچی راپەڕینی خەڵکی ئیران لە ساڵی ۱۳۵۷ (1979) زەر جیاوازی لە راپەڕینی ئەمەی خەڵکی ئێران، بەڵام یەکەک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەویە کە ناەزانی خەڵکی ئێران، توانیان لە پیلانکی گەورەدا "خومەینی" وەک "سەرکی شەش" بناسەنن و ئەم لایەنە خونەژ و کەنەپەرستە بخەنە سەرە کورسیی دەسەاتی و مەسەری ئاپۆینی دژە پاشایەتیی خەڵکی ئێران بە تەواوی بە لاەدا بەرن و دیکتاتەریەتکی زەر خراپتر لە دیکتاتەری پەشوو لە ئێران بسەپەنن بەسەر خەڵکی ئێراندا. لە هەڵومەرجی ئەوسادا، خەڵک بە دروستی هەیانبژاردبوو کە دەسەاتی پاشایەتییان ناوەت! بەڵام سەرکردە راستەقینەکانی خەڵکی ئێران یان لە لایەن رژیمی شاوە لە سێدارە

درابووون، یان لە ناو زیندان لە ژێر ئەشکەنجەدا بووون. ئەوەش وایکرد کە رەوتی کۆنەپەرستان و کلۆنیالیزم بە قەستنەوە هەلەکە، "بەشایی سەرکردایەتی" بە "خومەینی" پڕ بکەنەوە. ئەنجام، ئەوەی نەدەبوو ڕووبدات، ڕووی دا!

پێویستیی درێژدان بە ئاپۆین!

شوبهاندنی ئەم ڕاپەڕینەی ئێستای خەڵکی ئێران بە ئاپەڕینەکەی ساڵی ١٣٥٧ (1979) هەڵەیەکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. چونکە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئێستاکە، جیاوازە لە دیکتاتۆرییەتی وابەستەی پاشایەتی لەو سەردەمدا. خەڵکی ئێرانیش خەڵکی ئەو سەردەمە نین. بە وتەی بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی، تەنیا خودای ئەم دوو هەڵ و مەرجە دەکرێت "یەک" بێت. بەو دەرهاویشتەیە کە کۆتایی هەموو دیکتاتۆریەتییەک، کۆتنی حەتمییە لە سەر دەستی خەڵکی ئاپەڕینکار لە ئێراندا.

هەموومان دەزانین کە ئاپەڕینی ئێستای خەڵکی ئێران، ئاپەڕینێکی خێرسک و بە ڕەبەڵەی نییە کە بە ئەزموون و بە هێکخستن و بە ئامانج بێت. بە لای خەڵکی ئێرانەوە ئەوە بە ئەزموون کراوە کە ئەم دەسەڵاتە، هەقوڵاوی ناو خەڵک و لە بەرژەندیی خەڵکدا نییە. هەر بۆیە دەبە کۆتایی پێ بهێندرێت. هێنگە جیاوازی بەرچاوی نێوان ئاپەڕینی ئێستاکە و ئاپەڕینی خەڵک لە ساڵی ١٣٥٧ (1979)، بەم شێوەیە فەرمولە بکرێت کە: "ئێستا خەڵکی ئێران دەزانن بۆچی شۆشیان کردووە و دەیانەوێت بە چی جگەی پێ بکەنەوە". خەڵکی ئێران زۆر بە جیدی بەدوای حکومەتێکی کەماری و دیموکراتی و جەماوەری و نیشتمانیدا دەگەڕێن و تێگەیشتنیکی هێژاییان هەیە بەرامبەر بەوەی "چی دەبە بەوات" و "چی دەبە بێت". چونکە ئەم ڕاپەڕینە خاوەن ڕەگ و ریشەیەکی دێرینە لە بەرخودان و خۆڕاگری بەرامبەر بە دیکتاتۆری ئایینی لە ماوەی (43) ساڵی ڕابردوودا و بە هەڵکەوت و خێرسک ڕووی نەداوە، کە شەهیدبوونی کچێکی کورد بە ناوەی مەهسا ئەمینی (ژینا) ڕاپەڕینەکانی پشووی گەیاندە لوتکە و ڕژێمی دیکتاتۆریی ئێرانی وەلەرزە خستووە!

بۆیە یەکەم وانەی ئاپەڕینی ئێستا لەوەدایە کە دەبە بەوپەڕی چڕی ئاپەڕین درێژەی پێبدرێت بە بەدیهێنانی ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە دیکتاتۆرە و بە هیچ شتێکی کەمتر ڕازی نەبین!

وریابوونەکی پێویست!

هێژانی لوتکەی ئاپەڕینی جەماوەری تایبەتمەندی خۆی هەیە. بەرەوپێشچوونی ڕاست و دروستی ئاپەڕین و پاراستنی، پێویستی بە وریایی و جووڵەی ڕەک و پێک هەیە بە پێوەرێکی دیار و ڕوون. ئاسایی کە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و لایەنگرانی بەدەنگ دانیشن و لە

پەناو مانەوەی ژمەکیان پەنا بە هەر تاوانێک دەبن. ئەوان هەوە دەدەن بە چالاککردنی ناکۆکییە لاوەکییەکان یان دروشمی دابشکێر و دووبارەکینانەوە(!)، ئاپڕینی گەل لە ئامانج و دروشمی سەرەکی لابدەن و بەم شێوەیش ئاپڕینی جەماوەری نزیک بکەن. هەربۆیە لەو ژانەدا زۆر شت دەبینرێن و دەبیسترێن کە پێشتر نەبینراون و نەبیستراون. کەاویە نابێ ئاگە بدرێت داواکارییەکانی پێشووی خەڵک، جگەی دروشمی سەرەکی ئاپڕین، واتا(ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە) بگرنەوە!

بەپێز مەسعود بارزانی لە کاتی ئاپڕینی ساڵی ١٣٥٧ (1979)دا وتی "ئەمە نەهاتوین بۆ ئەوەی هەموو شتێک لە ئاپڕینەکەدا پشتڕاست بکەینەوە". ئەمە ئەزموونێکی پراکتیکی نایابە بۆ پەداگری لەسەر پرەنسیپەکان و بۆ دروستی پێشخستنی ئاپڕینی جەماوەری بەرەو سەرکەوتن و گەیشتن بە شۆڕش و ڕووخاندنی دەسەڵات. هەروەک چۆن موجاهەدینی خەلق نەک هەرگیز دەستوور و پلان و سیاسەتی خومەینی و ژمەکیان پەسەند نەکرد، بەڵکو لە بەرانبەریدا وەستان و باجێکی گەورەیان دا. موجاهیدین هەر لەو ڕۆژەوە کە خومەینی توندوتیژی و تۆقاندنی بەرانبەر بە خەڵک نیشان دا، لەدژی خومەینی و سیاسەت و بەرنامە و ژمەکی وەستان و بەرەنگاری بوونەوە و بوونە ئاماهەنگری ڕووخاندنی ئەم ژمە!

دروشمی سەرەکیی ئاپڕینی جەماوەری لە ئێران!

پاراستنی ئاپڕینی جەماوەری و دەستکەوتکانی و ڕزگارکردنی سەرکەوتوانەی لە بەسەرلی گەورەی دیکتاتۆر، تەنها کاتێک مەیسەر دەبێت کە پەداگری لەسەر پرەنسیبی بنەڕەتی "ڕووخاندنی ژمە" و "پرەنسیبەکانی خەبات و تێکۆشان" بکرێت و وەک هێزی سوور دابنرێن و بە کەمتر لە ڕووخاندنی دیکتاتۆر ئازی نەبین.

ئەزموونەکان دەریانخستووە کە دروشمگەلی وەک "حیجابی ئیجباری" و "ئازادی زیندانیانی سیاسی" و "ژن، ژیان، ئازادی" … هتد، هەرچەندە پشکەوتنخوازن و پەیوستە پشتیوانیان لێبکرێت، بەڵام ئەوانە ئەو داواکارییانەن کە ئاگەر جگەی دروشمی "ڕووخاندنی دەسەڵات" بگرنەوە، ئەوە یەکەم سوودمەند تیایدا، دیکتاتۆری دەسەڵاتدارە.

مندالەکانی بەرهەمهێنەر.. رزگاری شوان

لە روی زانستییەوە، چەندین زاراوە هەن کە گوزارشت لە چەمکی (مندالی بەرهەمهێنەر) دەکەن و هەمان مەبەست دەگەیەنن. وەک (مندالی بەتوانا)، (مندالی داهێنەر)، (مندالی بلیمەت)، (مندالی هەڵکەوتوو)، (مندالی لێهاتوو)، (مندالی باڵادەست)، (مندالی زەرزان) ، ... هتد.
ئەم زاراوانە هەرچییەکبن، گوزارشت لە پلەیەک لە مندالەکانی نائاسایی دەکەن، کە دەکەونە ژێر چەتری پەروەردەی تایبەتییەوە و لە رووی زیرەکی ئاقڵییەوە جیاوازیان لەگەڵ مندالەکانی ئاسایی هاوتەمەنیاندا هەیە، لەوان بە جۆش و خرۆشتر و هۆشیارترن.
بەگومان هەموو خەزانکان حەزدەکەن کە منداڵەکانیان بەرهەمهێنەر و داهێنەر و جیاواز و ناوازەبن، تا شانازی بە خۆیان و بە داهێنانکانیانەوە بکەن. بەڵام حەز شتێکە و توانا و بەهرە شتێکی ترن.
دەشێ منداڵەکانی بەرهەمهێنەر، لە بوارێک یا زیاتر لە بوارێکدا هەڵکەوتووبن، وەکو لە رووی هەزری و داهێنان و کەمڵایەتی و جەستەیی و هونەریی (موزیک، هەڵپەڕکێ، سەما، گۆرانی، شانۆ) و لە بواری ئاکادیمی و وەرزشی و تەکنەلۆژی و بوارەکانی کەدا.
ئەم منداڵە بەرهەمهێنەرانە پێویستییان بە ستراتیژی و میکانیزمی جیاواز هەیە. پێویستییان بە بەرنامە و پڕۆگرامی پەروەردەیی پێشکەوتوو هەیە، کە لە ناوەندەکەدا جیاوازبێت لەگەڵ بەرنامە و پڕۆگرامەکانی منداڵەکانی ئاساییدا، چونکە بەرنامە و پڕۆگرامە گشتییەکان، حەز و ئارەزوو و هیوا و خەونەکانیان مەست ناکەن.

منداڵەکانی بەرهەمهێنەر لە هەموو تەمەنێکانی کەمڵایەتی و ئابووری و ئاینیدا هەڵدەکەون.
لە تەمەنێکانی پسپۆراندا، ئەو راستییە دەرکەوتووە، کە زۆربەی بەرهەمهێنەران و بلیمەتەکان و داهێنەران و سەرکردە هەڵکەوتووەکان، لە خەزانێکی کەم دەرامەت و هەژارەکاندا پەگەیشتوون و هەڵکەوتوون.
تا ئێستا گەلێ پێناسەی جیاواز بۆ دیاریکردنی چەمکی (بەرهەمهێنەر) کراوە. بە کورتی و بە چڕی باس لە هێندێ لەو پێناسانە

دەکەین:
پێناسە کلاسیکییەکان، سەرنج وردیان لەسەر ئەوەیە کە توانای ئەقڵی، کە گوزارشت لە بەهرەمەندی و زیرەکی دەکات، تەنیا پێوەرە بۆ پێناسەکردنی منداڵی بەهرەمەند.
ئەم پێناسەیەش، بۆ بۆچوونی (هۆلینگ ورس) و(تیرمان) دەگەڕێتەوە. سەرنجیان لەسەر توانای گشتیی ئەقڵی بووە. کە لووتکەی تاقیکردنەوەکانی زیرەکییەوە دەردەکەوێت.
کەمترین ڕێژەی زیرەکیشیان بۆ (١٤٠) نمرە دیاریکردووە. کە سنووری نەوان منداڵی بەهرەمەند و منداڵی ئاساییە.
(ڕینزولی) بەم شێوەیە پێناسەی بەهرەمەندی دەکات:"منداڵی بەهرەمەند، ئەو کەسەیە کە تواناییەکی ئەقڵیی باڵای لە داهێنانەدا هەیە".
سەبارەت بە پێناسەی (ویتی) ش، کە ئەو پێناسەیەیە کە کەمێکی ئەمریکی پەسەندی کردووە و پشتی پێدەبەستن، ویتی دەڵێت:"منداڵانی بەهرەمەند ئەو کەسانەن کە هەمیشە لە بوارەکانی موزیک و هونەر یان سەرکردایەتیکردنی کەمایەتیدا، بە پلەیەکی سەرنجڕاکێش نمایشکاری بەرزن".
هەریەکێش لەم زانا پسپۆرانەش (وەاس، کوچان، کەکس، دکتۆر ماکینون، ماریا شیفڵ) و زایانی کەش، هەریەکەیان کەمێک سیما و تایبەتمەندییەکانی منداڵانی بەهرەمەندیان دیاری کردوون.
کەمەی نیشتمانی منداڵانی بەهرەمەند (دی سی) لە واشنتۆن لە ئەمریکا. جێخت لەوە دەکاتەوە کە هەرچەندە پێناسەی زۆر بە بەهرەمەندی هەیە، بەڵام هەموویان تووخمێکی هاوبەش لەخۆدەگرن، واتە:"بەهرەمەند، کەسێکە کە ئاستێکی ناوازە نیشان دەدات. یا لە ئەدای کارکردن لە یەکێک یا لە چەند بوارێکی دەربەیندا، توانای نیشاندانی هەیە".
بە کورتی، بەهرە توانایەکی جیاوازە و ئامادەییەکی ڕەهەکی نائاساییە لە لای کەسی بەهرەمەند. دەشێت توانایەکی بەماوە بێت یا وەرگیراو بێت. توانایەکی ئەقڵی بێت یا توانایەکی جەستەیی بێت.
نیشانەکانی منداڵانی بەهرەمەند
لەوانەیە بپرسن کە چۆن منداڵانی بەهرەمەند بناسن. نیشانەکانی منداڵانی بەهرەمەند زۆرن، ئەمانەی خوارەوە بە کورتی بەشێکن لە نیشانەکانی بەهرەمەندی:
١ـ منداڵانی بەهرەمەند وەکو مامۆستا دەردەکەون. لە منداڵانی مامناوەند، خێراتر و ئاسانتر فێردەبن و زانستی وەردەگرن، بە تایبەتیش لە فێربوونی زمانەدا بەهرەیەکی باشیان هەیە،

خاوەنی وشە و زاراوەیەکی زۆرن و دەتوانن لە پێکهێنانی رستەدا سوودیان لەوەربگرن و بەکاریان بهێنن. بە ئازادی و ئاسانی و جوانی و بوێریشەوە گوزارشت لە هەزر و بیرکە و راکانیان دەکەن.
٢ـ منداڵانی بەهرەمەند، کراوەن، خەڵکرخەرن و خەیان دەبنە پێشەوە.
٣ـ خوێنەری خووگرتوون، هەمیشە خولیا و شەیدای خوێندنەوەی گۆڤار و کتێبی بابەت هەمەچەشنەن. لە خوێندنەوە مەست نابن و حەز بە زانینی زیاتر دەکەن.
٤ـ ئەرکەکانی قوتابخانەیان، لە ماڵەوەدا بە خۆرایی و بە ئاسانی جێبەجێدەکەن و پشت بە تواناکانی خەیان دەبەستن.
٥ـ کەمڵایەتین و بە هەی زیرەکیانەوە، هاوڕێتی و ئاشنایەتی لەگەڵ کەسانی تەمەن گەورەتر لە خەیان دەکەن. ڕەحمی یارمەتی و هاوکاری و دادپەروەرییان هەیە.
٦ـ بەوا و متمانەیەکی زۆریان بە خەیان هەیە. هەردەم هیوادار و گەشبینن، بوێرن و دودڵنین. هەڵوێستی ئەرێنیان هەیە. خاوەنی ئیرادەیەکی بەهێزن و ئەستەم بوونی نییە لە لایان. نوێخواز و داهێنەر و ئەزموونخوازن. لە گفتوگۆ و قسەکردندا شەرم ناکەن.
٧ـ زۆر دەپرسن و زوو تێدەگەن و هەردەمیش وەڵەی دوای زانین و راستییەکانن.
٨ـ بە شێوازێکی نوێ و ناوازە، توانای چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانیان هەیە.
٩ـ خاوەنی خەیاڵێکی بەرز و فراوانی نائاسایین. چیرۆکی خەیاڵئامێز دەگێڕنەوە. بە وردەکارییەکی زۆرەوە، باس لە داهێنان و لە جیهانە خەیاڵییەکان دەکەن.
١٠ـ دەیان بە کارە ڕۆتینییە دووبارەکانی ڕۆژانە داناکۆڵت. وەڵەی دوای داهێنان و ئافراندن و پێشکەوتنن.
١١ـ جوانخوازن و حەزیان لە چەژی جوانییە. لە ڕووە جوانەکانی شتەکان دەڕوانن.
١٢ـ منداڵانی بەهرەمەند تووندڕەو و دەمارگیر نین، میانڕەون. ئامادەییەکی زیاتریشیان بە دانان بە هەڵەکانیاندا هەیە. ڕەزیش لە دایکان و باوکان و لە مامۆستاکانیان و لە هاوڕێکانیان و لە کەسانی تر دەگرن. رای جیاواز قبووڵ دەکەن و هەستی کەس بریندار ناکەن.
١٣ـ خاوەنی هەست و سۆزن، هەردەمیش گەشبین و هیواخواز و کەنەدەرن بە گەیشتن بە هیوا و بە ئامانجەکانیان. لە لایان ناکرێ و ئەستەمیش بوونیان نییە.

١٤ــ سەرنج وردن و زوو تێگەیشتن و دانامێنن و خێرا وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە.
١٥ــ بە هەڵی زیرەکی و باڵادەستی و بەهرەمەندییانەوە، حەز بە ڕابەری و پێشەنگی و بە سەرکردایەتیکردنی هاوتەکانیان دەکەن.
١٦ــ لە تەمەنێکی بچوکدا فێری قسەکردن دەبن و زووش پێ دەگرن، زووش فێری خوێندنەوە و نووسین دەبن. لە قوتابخانەشدا لەچاو هاوتە خوێندکارەکانیانەوە کە بەهرەمەند نین و ئاسایین، ئەمان ئاست بەرزترن و نمرەکانیشیان لە وانەکاندا باشترن.
١٧ــ ڕووخۆش و حەزیان لە گفتوگۆ و سوعبەت و لە قسەکردن و لێکدانەوەیە.
١٨ــ خاکین و زیادەڕۆیی ناکەن و خەیان هەڵناکەشن و کەمتر شانازی بە خەیان و بە کارەکانیانەوە دەکەن.
١٩ــ حەزیان لەو یاریانەیە کە ئاسان نین و پێویستییان بە بیرکردنەوەی قووڵ و بە یاسا هەیە. وەکوو یاریی شەترەنج و یاریی هەڵوەشاندنەوە و پەکەوتانی شتەکان.
٢٠ــ تەندروستییەکی باش و تەنەکی بەهێزیان هەیە.
٢١ــ توانایەکی باشیان لە گوزارشتکردن لە هەزر و لە خەیاڵ و لە بیرەکانیان هەیە. توانای ڕەخنەگرتنیشیان لە خەیان هەیە.

ڕەگی خەزان لە گەشەکردنی بەهرەی منداڵان

(بلووم) لەو باوەڕدایە، کە خەزان ڕەگەکی گرنگی لە پێکهێنانی بەهرەی منداڵدا هەیە. گەر خەزان هانی منداڵەکەی نەدات و بەهرەکانی بە هەند نەزانێت و ڕێز و پێزانینی بە توانەکانی منداڵە بەهرەمەندەکەی نەبێت و لە ماڵەوەدا کەشوهەوایەکی گەنجاوی گەشەکردنی و پێشکەوتنی بۆ نەڕەخسێنێت، بەهرەکانی منداڵەکەیان بە کپی و پێنگخواردوویی و شاراوەیی لە دڕووندا دەمێننەوە و دڕیان نابڕێت.

هەریەکەش لە (گینسبەرگ) و (هاریسن) یش، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە تا ئەمڕۆش بەشەکی زۆری خەزانەکان نابڕێدن لە گرنگی ڕەگیان، لە دەزینەوەی منداڵانی بەهرەمەند.
یەکەم هەنگاو کە پێویستە دایک و باوکی منداڵ بینەن بە دیاریکردنی منداڵەکەیان، ئایا بەهرەمەندە یا ئاساییە. ئەوەیە کە لە لایەن دڕوونناسەکی پسپۆری مەڕەتپەدراوەوە، منداڵەکەیان هەڵسەنگێندرێت، کە شارەزایی و ئەزموونی مامەڵەکردنی لەگەڵ منداڵانی بەهرەمەندا هەیە.
مامۆستاکانیش ڕەگەکی گرنگیان لە دەزینەوەی قوتابییە

بەرهەمهێنەرەکانیان هەیە. لە میانەی سەرنج و تێبینییەکانیان، لە کاتی وتنەوەی وانەکانیاندا. دەتوانن منداڵە بەرهەمهێنەرەکانیان بناسن و ئەوەش بزانن کە توانا و بەهرەکانیان لە چی بوارێک دایە.

چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی بەهرەمەند

١ــ پێویستە ئەوەی دایکان و باوکان، گرنگی و بایەخی بەهرەمەندی بزانن و بە گوێکردن و هاندانی منداڵەکانتان بیقەزێنەوە.

٢ــ بوار و کەشوهەوایەکی هێمن و گونجاو بە منداڵە بەهرەمەندەکانتان بڕەخسێنن. کاتێک کە دایانووت شتێک دابهێنن یا بیر لە بابەتێکی دیاریکراو دەکەنەوە.

٣ــ لەو بوارانەی کە منداڵاکانتان بەهرەیان تێیاندا هەیە، هانیان بدەن کە متمانەیان بە تواناکانی خۆیان هەبێت. توانای ئەنجامدانی کاری گەورەیان هەبێت. چونکە متمانە و بەوابەخبوون، هەڵکارێکن بۆ دەرخستنی توانا و بەهرە متبوو و شاراوەکانیان.

٤ــ دابینکردنی کتێب و گۆڤاری بابەت هەمەڕەنگی بەسوود، بۆ پڕکردنەوەی منداڵە بەهرەمەندەکانتان. کە لە میانەی خوێندنەوەیاندا، خەیاڵیان فراوانتر دەکەن و ئیلهام و مەیلێکی زیاتریان بۆ داهێنان و ئافراندن دەبێت. لە ماڵەوەشدا کتێبخانەیان بۆ دابنێن و بۆ کتێب و گۆڤاری هەمەڕەنگی گونجاو لەگەڵ تەمەنیاندا، بیانەزێننەوە.

هەروەها دابین کردنی کارەستەکانی ئەو یارییانەی ئارەزوویان لێیان هەیە. چونکە یاریکردن هەڵکارێکی گرنگە بۆ گەشەکردنی بەهرە و توانا و ئارەزووکانی منداڵانی بەهرەمەند. بۆ تایبەتیش یارییە زیرەکانە کە پێویستییان بە بیرکردنەوە هەیە.

٥ــ هەرگیز نابێت گاڵتە بە توانا و بە خەیاڵ و بیروڕا و بۆ بیرکەکانی منداڵە بەهرەمەندەکانتان بکەن و پێیان پێبکەنن یا گاڵتە بە کار و بە پڕۆژەکانیان بکەن. گەر ساکاریشبن، بەهەندیان بزانن. ئاگینا بەوا و متمانەیان بە خۆیان نامێنێت و بەهرەکانیشیان دەتاسێن و لەناودەچن.

٦ــ هەندە کەشە بخەنە بەردەم منداڵە بەهرەمەندەکانتان، تا بزانن چەن بیریان لێدەکەنەوە و چی چارەسەرێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان دادەنێن.

٧ــ گرنگە ئەوەی چیرۆک بۆ منداڵان لە پێش نووستندا زیاتر گوێ بۆ بەهرەکانی منداڵانی بەهرەمەند دەکەن. لەکەڵیشەوە

تازەکان ئەویان سەلماند، کە گیانەوەی چیرۆک بە منداڵان زۆر بەسوودە. ئەو منداڵانەی چیرۆکیان بۆیان گێڕاونەتەوە، لە قوتابخانەدا زیرەکترن لە ئەو منداڵانەی کە گوێیان لە چیرۆک نەبووە.
٨ــ ڕاهێنانی منداڵانی بەهرەمەند، لەسەر بە دروستی بەکارهێنانی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و ئایپاد. کە لەمیانەیانەوە دەتوانن زیاتر فێربن و وەربگرن و زیاتر گەشە بە بەهرە و ئارەزووەکانیان بکەن.
٩ــ پێویستە قوتابخانەکان ڕەماڵەکی گشتی بە ناسینی قوتابیە بەهرەمەندەکانیان بکەن.
بە جیاوازیان بزانن و پڵانی تایبەتی و پڕۆگرام و بەرنامەی تایبەتییان بۆ دابڕێژن.
١٠ــ پێویستە ئەو مامۆستایانەی کە وانە بە پڵانی منداڵانی بەهرەمەند دەڵێنەوە، کۆرس و خولی تایبەتییان بۆ بکرێتەوە و بۆ باشی ڕابهێنرێن، تا لە لە بارەی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی بەهرەمەندا هۆشیار و شارەزابن.

ڕەزا شوان
نەرویج: ٢٣/ ئۆکتۆبەر/ ٢٠٢٢

پارادۆکسی "شازادە"ک کە نایەوێت ببێتە پاشا!.. حەمید تەقوایی

وەرگێڕانی بۆ کوردی:کاوە عومەر

ئاغای ڕەزا پەهلەوی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکیدا باسی لەو پرسانە کرد کە لە سۆشیال میدیا و میدیاکاندا گفتوگۆی گەرم و بڕووبڕی لەکەوتووەتەوە. هەروەها بە پێویستم زانی ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەم سەبارەت بە بڕوون و هەڵوەستەکانی. کەشەی نازناوی "شازادە"

خاڵی یەکەم نازناوی شازادەیە. نازناوی خوێن و بنەماڵەیە کە تەنیا لە کەمپەینگا کۆن و سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕێگەی بە ژنگاوەنگی لە سیاسەتدا هەبووە، بەڵام لە کەمپەینگا مەدەنی و مەدەرنکاندا جێگەیەکی نییە. لە نێوان شتەکانی تردا، مەدەنی بە واتای کەتایەهێنان بە ئیرستۆکراسی و پێیوەندییە بەماوەیی و بنەماڵەییەکان لە سیاسەت و لە حکومەتدا و بە گشتی لە پێگە و ڕێگەی کەمایەتی و سیاسی هەر کەسێکدا. کەواتە هەشتنەوەی نازناوی شازادە و دەرکەوتنی لە سیاسەتدا وەک کوڕی پاشا لە بنەڕەتدا پێش شارستانیەت و بە مانا تەواوی وشەکە کۆنەپارستانییە. لەم ڕوانگەیەوە دامەزراوەی پاشایەتی نەک هەر لە وەاتەکی وەک ئیراندا کە هەمیشە دامەزراوەیەکی هاوواتای دیکتاتۆری و ستەمکاری بووە، بەکوو لە کەمپەینگا پیشسازییە ڕۆژئاواییەکانی وەک ئینگلتەرا و دانیمارکدا کە هەشتا تۆکە پاشایەتیەکیان فەڕ نەداوە، پێیوەندییەکە کە جیایە لە ڕێگەی ڕواڵەتی.و تەشریفاتی بە سەپاندنی تەچووون و خەرجییە گەورەکان بەسەر باجدەراندا، دامەزراوەی ئیرستۆکراتی فەرمی کە لەلایەن بەشی پێشەنگ و پێشکەوتنخوازی هەمان کەمپەینگاکانەوە ناڕەزایەتیی بەرامبەر دەکرێت، هیچ تایبەتمەندییەکی نییە.

بەڵام سەبارەت بە هەڵومەرجی سیاسی ئێران و هەڵوەستی شازادە ڕەزا پەهلەوی، مەسەلەکە لەمەوە تاڵتر. ئەو بانگەشەی بەرگری لە ئازادی دەکات، بەڵام لە سەردەمی باوک و باپیریدا هیچ هەواڵێک لە ئازادی نەبووە. ئەگەرچی کەماری ئیسلامی دیکتاتۆری تا ئاستی ژیانی تایبەتی خەڵک درێژ کردووەتەوە، بەڵام لە ڕوانگەی سیاسی و کەمایەتییەوە، ستەمکاری سەردەمی پەهلەوی لە دۆخی ئەمڕۆ کەمتر نەبووە. لە تیرۆری میرزادە عەشقی تا دەگاتە بینینی زمانی فەرخی یەزدی تا قەدەغەکردنی هەموو حیزبەکان و چاپەمەنی ئازاد و دروست کردنی خنکاندنێک کە بە گۆستانی ئارایامیهری ناسرابوو، لە دەسپێی بنەماڵەی پەهلەویدا تۆمار کراوە. کەماری ئیسلامی تاوانی بەشوماری ئەنجام داوە، بەڵام تاوانێک بە هەر ڕادەیەک بێت تاوانە. تەنانەت لە ڕووی دووڕوویی و دەڕشیوەوە، لەکچوونکی گەورە لە نێوان نمایشی محەممەد ڕەزا شا و خامنەییدا هەیە. سووتاندن و تیرۆرکردنی زیندانیانی ئاوین لە شستەکانی سەدەی ڕابردووەدا، تیرۆری زیندانیانی سیاسی لە سەردەمی شا لە گردەکانی (ئاوین)مان بیردەخاتەوە. شەوی ٢٩ی فروردین ١٣٩٣ی هەتاوی(١٨ ئەپریل ١٩٧٥وەرگێ)، ٩ بەندکراوی سیاسی بەناوبانگ: بیژەن جەزنی، حەسەن زیا زەریفی، ئەحمەد جەلیلی ئەفشار، سەعید کەلانتاری، عەزیز سەرمەدی، محەممەد چەپانزادە، عەباس سەرکی، مستەفا جەوان خەشدەل، سەید کازم زوەیانواری بە بیانوی

گواستنەوەیان بۆ زیندانەکانی تر شەو لە گردەکانی ئەوینداڕا تیرباران دەکران. تەنانەت تیرۆری زیندانیانی سیاسیش تەنیا تابۆت نیە بۆ کەماری ئیسلامی.
تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە ئازادیيە سیاسییەکانەوە هەیە، ڕژێمی پەهلەوی نەیتوانی تەنانەت ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە پاشایەتی، حیزبی خەڵک و حیزبی ئێرانی نوێ تەحەمول بکات، هەڵیانوشاندەوە و حیزبی دەستکردی ڕەستاخیزی خستە شوێنی ئەوان و ڕایگەیاند کە هەرکەسێک بۆت ناڕازین لە ئێران جبهەڵن! پەیوستە نەوەی گەنج و نەوەی هەشتاکان کە ئەمڕۆ لە پێناو ئازادیدا چەقۆ لە ئاسمان دەدەن، لێم ڕاستیانە ئاگادار بکرێنەوە بە ئەوەی ئەم سووڕەی سەرکوتکردن و کوشتن دووبارە نەبێتەوە. بەگومان لەئاغا ڕەزا پەهلەوی چاوەڕوان ناکرێت ئەم ڕاستیانە لەگەڵ خەڵکدا بڵێی بکات- ئەمە کاری هەزە چەپ و پێشکەوتنخواز و مەدرنەکانە- بەڵام لانی کەم چاوەڕوانی ئەوەیە کە لە نازناوی شازادە سەرمایەی سیاسی دروست نەکات . ناتوانیت بانگەشەی لایەنگری ئازادی بکەیت و لە دیکتاتۆری پێشوو کریدت بەدەست بهێنیت. نابێ گوناهی باوك لەسەر پشتی کوڕە بنووسرێت، بەکو ئەو کوڕەی کە شانازی لە باوکی ستەمکارەکەی دەکات بێتە بەشداربووی ئەم مەڕووە.
بەگومان کۆشەی کاک پەهلەوی و لایەنگرانی ئەوەیە کە ئۆگەر دەستبەرداری نازناوی شازادە بن، هەموو پەیوەندییەکی سیاسییان لەدەست دەچێت. هەموو شوناس و مەڕوو و تەماری سیاسی کاک ڕەزا پەهلەوی لەڕەو سەرچاوە دەگرێت، کە کۆی باوکیەتی. ئۆگەر ئەمە بڵایکەدا بهەیتەوە، چیتر ڕوون نییە کە جگەی ئەو لە سیاستی ئێراندا چیيە! کاک پەهلەوی ڕایگەیاندووە کە نایەوێت پاشا بێت و هیچ پێستکی حکومی هەبێت – ئەمە شتێکی ئەرێنییە کە ڕیالیزمی ئەو دەهێنێت. ئەو تێدەگات کە لە سەدەی بیست و یەکدا تەنانەت لە کەمگایەکدا کە بە دروشمی ژن ژیان ئازادی دامەزرابوو، بە ئیدیعاکردنی پاشا، مەحاڵە لە سیاستدا جگەیەکی هەبێت. هەر بۆیە لە پاشای داهاتووەوە بە باوکی میللەت و هەمای یەکێزی نەتەوەیی ڕەیشتووە. بەڵام هەشتا هەڵگری نازناوی شازادەیە، چونکە دەست شۆردن لە نازناوی شازادە و مەڕووی شاهانە کۆشەیکی جددیترە. بە وازهێنان لەم ناونیشانە، پەیوستە واز لە تەواوی سیاستێکە بهێنرێت. تەنانەت پگەی مەعنەویی باوکی میللەت و هەمای یەکێزی نەتەوەیی و ئەو مەدالیای هاوشێوەیانەی کە کاک پەهلەوی لەسەر سنگی داینا، پەیستی بە ئەزموون و چالاکی و تێکۆشان هەیە لەودیو پەیوەندی خوێنی لەگەڵ دیکتاتۆری پێشوودا، کە لە پێشینە تەماركراوەکانیدا نادەزرێتەوە. کاک پەهلەوی، ئۆگەر لە واقیع

بینیەکەیدا قوڵ و پێگییر بێت، پێویستدەست بەرداری ئایدیای باوکی میللەتیش ببێت و هەموو سیاسەت ماچ بکات و دەستبەرداری بێت. پارادۆکسی شازادە ئەوەیە کە ئەم نازناوە تەکەنە بە مێژووی سیاسیی ئێو بووە. ناتوانی درێژە بە یەکێکیان بدات و ئەوی تریان لەبیر بکات.

ئایا "شازادە" لەسەروی حیزبەکانە؟

بانگەشەی کاک پەهلەوی کە لەگەڵ هیچ جۆرە سیستەمێکی حکومەتی نییە و تەنیا دەیەوێت ببێتە یەکخستنەوە بگەڕێت، تەنیا خۆدەرخستەیکی سیاسییە. جگە لە نازناوی شازادە، کە بە ئارەزووی خۆی بە دامەزراوەی دەسەڵاتی پاشایەتیخوازەکانەوە دەبەستێتەوە، کە وەک هەوون کراوەتەوە لە خۆیدا دامەزراوەیەکی کۆنەپەرستانییە، شوێنکەوتووی سیستەمێکی بەها و فەلسەفە و جیهانبینی سیاسییە کە تەنیا بە ئیدیعاکردن نییە بەڵایەنی سیاسی و هیچ بوارێک ناهێنێتەوە بە ئەوەی گشتگیر بێت و لە دەرەوەی حیزبەکان بێت، بەڵام بە تەواوی پێچەوانەی ڕەح و دروشمی ناوەندی و یەکگرتووی شۆڕشی ئێستایە، "ژن، ژیان ئازادی". کاک پەهلەوی لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا دەڵێت کە لایەنگری "ژن،ژیان،ئازادی" بە بەڵام ناوەندی فەلسەفە و جیهانبینی سیاسی ئەو "کۆمەڵە کتێب و سنووری پرگۆ وەهەرو یەکپارچەیی خاک"ە. ئەم بەها و هەمایانە نەک هەر پەیوەندییان بە "ژن، ژیان، ئازادییەوە" نییە بەڵکو بە تەواوی دژین. مێژووی "شانازی" دوو هەزار و پێنج سەد ساڵی ئێران پڕە لە پیاوسالاری و "شەڕی نەر". تەنانەت پاشایەکی ژنیش لەم مێژووە شکۆمەندەدا نادۆزرێتەوە. تەنانەت لە مێژووی هاوچەرخدا باوکی ژنی بە ناقس عەقڵ دەزانی. ئەو خۆی زەر چاک دەزانێت ئەگەر کچ بووایە ئەمەی لەو شوێنەدا نەدەبوو! ژیانی سەردەمیشاهەنشای باوکیشیان ئەوەندە بە حورمەت بوو کە وەرانکردنی کوخەکاکانی دانیشتوانی قەراخ شارەکان کلیلی شۆڕشی ١٩٧٩ بوو. هەروەها ئەرکی ئازادی لە سیستەمی پاشایەتیدا هەوونە هەر وەک لە سەرەوە هەوون کراوەتەوە.

خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە بە درێژایی مێژووی پیاوسالاری شانشینی، مرۆڤایەتی و ئازادی بە پیرەزی و تابۆی دژە ئینسانی خاک و سنووری پەگەوهەر و ئیمپراتۆریەتی باوباپیران و هەگەزی ئاری لەژێر پێیاندا پلیشاوەتەوە و ئەمڕۆش هەمان ئەمانە پیرەزییە دژە مرۆییەکان و تابۆکان پایەکانی سیستەمی فیکری و جیهانبینی شازادە و شوێنکەوتووانین. شۆڕشی ئێستای ژنان ئەرکی مێژوویی هەیە کە نەک تەنها لەگەڵ دیکتاتۆری ئیسلامی، بەکو لەگەڵ هەموو ئەو خاک پەرست و دەگما و پیرەزی و تابۆیە نەتەوەیی-ئاینیانە یەکلایی بکاتەوە کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا دیکتاتۆری دوای دیکتاتۆرییان بەسەر

کەمەگای ئیراندا سەپاندووە. بەرامبەر ئەمجارە هاواری ئازادی ژنی هەشتاکان کە زیاتر لە مانگێکە شەقامەکانی داگیرکردووە، بە هیچ سیستەمێکی بەهای نێتوەیی و ئایینی و نێتوەیی و نیشتمانپەروەرانە وەرام نادرێتەوە.
وەک هامی هوون و راستوخۆ ئینسانیەت و بەها گشتگیرە ئینسانیەکانە. کە بناغەی یەکەیزیی خێزانکە لە ئێران، و هاوسەزی خێزانکی جیهانی لەگەڵ شۆشی ژنانە لە ئێران، بەهای ئینسانی گشتگیرە و هەر ئەوە!
لەرشدا شازادە پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی ئێران و شۆشی ئێستاوە نییە. جیهانبینی و سیستەمی حکومی ئەو، بە نازناوی شازادە یان بەبە ئیدیعای شازادە و بە ئیدیعای پاشایەتی یان بەبە ئیدعای پاشایەتی، تەواو پێچەوانەی ئەو بەها و ئایدیالانەیە کە شۆشی ئێستای ئێران ئاڵاکەی بەرز کردووەتەوە.
حکومەتی ئینتقالی و دەستوور
کاک پەهلەوی باس لە قۆناغی ئینتقالی و حکومەتی کاتی و دەستوور دەکات. دەشێت، دەبێت ئەو هەزانەی حکومەتی کاتی پێکدەهێنن قبوڵ بکرێن و خێرک جێری حکومەتی داهاتوو هەبژێرێت. بە گومان وایە، بەرامبەر جێختکردنەوە لەسەر ئەم پرسە هیچ شتێک هوون ناکاتەوە.
یەکەم ئەو خەڵکەی کە بە دەسەڵاتی خۆیان کۆماری ئیسلامییان هەناوەتە خوارەوە، ڕێگا نادەن هیچ کام لە هێزە نەخوازراوەکانیان تەنانەت بە شێوەیەکی کاتیش دەسەڵات بەدەست بهێنن. هێزە متمانەپێکراوەکانی خێرک ئەو حیزب و هێکخراو و دامەزراوەی خەبات و کۆسایەتیانە دەبن کە مێژووی چالاکی و خەباتی درەوشاوەیان هەیە لە بزووتنەوەی کرێکاری، لە بزووتنەوەی ئازادیخوازی ژنان، لە بزووتنەوەی خوێندکاری، لە بزووتنەوەی دادگاییکردن و بزووتنەوە ناڕازایەتیەکانی دیکەدا کە بەردەوام لە دژی کۆماری ئیسلامی بەردەوام بوون ئەو هێزانەی کە لە پێناو ئەو داخوازی و ئامانج و دروشمانەدا تێدەکۆشن کە شۆڕش باسی لێوە دەکات، لە کارنامەی خۆیاندا دانابەت. هەروەها پێگەکان و شێوازی کارکردنی هێز و کەسایەتیەکان لە پێشهاتەکانی ئەم شۆشەی ئێستادا پێوەرێکی باش دەبەت بۆ جیاکردنەوەی خراپ لە چاک. لە لایەکی دیکەوە شۆش هێرک لە چالاکوان و کۆسایەتیە شۆشگێڕەکان دەهێنێتە مەیدان. هەموو ئەمانەش هێزی متمانەپێکراوی جەماوەری شۆشگێڕە دەبن. پێکهاتەی حکومەتی کاتی تا ڕادەیەکی زۆر لە ناخی ئەو شۆشەدا دیاری دەکرێت کە بووە هەی هووخانی کۆماری ئیسلامی.
دووەم: مەسەلەکە لەسەر دەستنیشانکردنی دەسەڵاتی خێرک نییە لە دیاریکردنی حکومەتی کاتیدا، بابەتی گرنگتر و چارەنوسسازتر جێری حکومەت و پێکهاتە و ناوەڕۆکی ئەو حکومەتەیە کە بەیارە دوای

حکومەتی کاتی دەسەڵات بگرێتە دەست. بەگومان مرۆڤکان دەبێ هەڵیبژێرن، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە چ لەووی ناوەندەکەوە و چ لەووی فەرمانەوە، دەبێ چ جۆرە حکومەتێک هەڵبژێرن کە بتوانێت ئایدیاڵ و ئامانجە مرۆییەکانی شۆڕش دابین بکات؟ وەک لە سەرەوە بینیمان جیهانبینی و سیستەمی بۆچوونەکانی لەم چەند دەیەی ڕابردوودا وەک ڕەوانگەیەکی هوون ناخاتە بەردەم خۆمان. ناکرێ بەڕێنی ڕابردوو وەک داهاتوو بدرێت بە کۆمەڵگایەک کە پێنج لە ئاسمان دەدات. نەوەی هەشتاکان بە کۆماری ئیسلامیدا تێنەپەڕیوە بە گوێرەی بە "شانازیەوە" بووکانی ٥٠ ساڵ لەمەوبەر و ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر.

لە ڕووی شێوەی حکومەتەوە وەک پرەنسیب "دەبێت خەڵک هەڵیبژێرێت" واتە بڕشداری ڕاستەوخۆ و مومارەسەی ئیرادەی خەڵک لە هەڵبژاردنی حکومەتی کاتی و داهاتنی دەستووردا. هەروەها کەسانێک کە بە هەڵزی شۆڕشگێڕان توانیویانە کۆماری ئیسلامی بخەنە خوارەوە، دەسەڵات و ئۆگەری بڕشداریکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لە بنیاتنانی داهاتوویاندا دەبێت. جێختکردنەوەم لەسەر بڕشداریکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیە. نابێت هیچ حیزب و هێزێک لە سەرەوە ئەرک بە خەڵک بسپێرن. کۆماری ئیسلامی کە بە پێچەوانەی بیروباوەڕ و پەوپاگەندەی هێزە شاهانەیەکان، هەکاری شەواندن و سەرکوتکردنی شۆڕشی ١٣٥٧ بوو نەک نوێنەری ئەو، بە هەرشکردنە سەر ئەو هێزەخراوانەی کە لە ئەنجامی شۆڕشەوە هاتوون، واتە شوراکان و ڕاگەیاندنی "شوراکان بەتەواوی بسەنەوە" و دواجار بە چەقۆ بەرزکردنەوە بەویی ئەو خەڵکەی کە ئارەزووی ئایدیالی ئازادی و هەناندەی یەکسانی شۆڕشی ١٣٥٧یان دەکرد، توانی دەسەڵاتی دەزگای خۆی جێگیر بکات. نابێت هێگە بدرێت ئەم کارەساتە دووبارە بێتەوە. خەڵک حکومەتی سەرووی خۆیان و ئاغایان ناوێت بەسەریانەوە بێت. ئەمجارە ئەوە خەڵکە هێزەخراوانەی لە دژی کۆماری ئیسلامی ڕاپەڕینان کرد، دەبێ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە دیاری کردنی حکومەتی کاتی و داهاتنی دەستوور و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان بەشدار بن. ئەمە مانای ڕاستەقینەی ئازادییە کە کۆمەڵگا بەدوایدا دەگەڕێت. ناردنی خەڵکی چالاک و هێزەخراو لە ناخی شۆڕشدا بە ماڵەوە دوای سەرکەوتن نوسخەی شکستی شۆڕشە. ئەم کارەساتە نابێت دووبارە بێتەوە. شۆڕشی ئێستا ئەرکەکی لەسەر شانە، بە ئەوەی بڕاستی کۆمەڵگا ئازاد بکات، دەبێت کۆتایی بە مەژووی هەر جۆرە حکومەتێك لە سەرووی خەڵکەوە بهێنێت و لە جێگەیدا حکومەت و سیستەمکی سیاسی بگەڕێت کە لەسەر بنەمای ئەرگانەکانی خۆك پێکهاتووە لە ناخی شۆڕشدا.

لە هووی ناوەندەکەوە پێویستە جەماوەری خەڵک لە ئێستاوە ئاشنا بن بە سیاسەت و بۆچوون و ئامانج و بەرنامەی ئەو حیزب و هێزانەی کە

دیانەوەت لە حکوومەتی کاتی و داهاتووی ئێراندا ڕێگیان هەبێت. تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی سیاسەتەکانەوە هەیە، پێداگری لەسەر ئەوەی کە خەڵک هەڵیبژێرن، وەڵامی هیچ شتێک نییە. هەر دەمێنێتەوە لە هەڵبژاردنی پەرلەماندا، بە نموونە لە فەرەنسا، حیزب تەنیا ڕایدەگەیەنێت کە دەبێت خەڵک هەڵیبژێرن! ووونە کە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە هەیانە لەسەر بەرنامە و ئامانج و مێژووی پارتە سیاسییەکان و چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە خەباتکارەکانی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەڵیدەبژێرن و ئەرکی هەموو ئەو هەزانە و بڕیارە حیزبەکانە، بە ئەوەی بە شەفافی و بە ووونی بەرنامە و ئامانجەکانیان ڕابگەیەنن.
ئامانج و سیاسەتی حیزبەکەمان لە بەرنامەی دنیایەکی باشتردا بە ووونی ووون کراوەتەوە. بەڵام پلان و ئامانجی شازادە و حزبە نزیکەکانی چین؟ سنووری پەگوهەر و مافی مرۆقی کورش و یەکپارچەیی خاکی زیاتر لە سیستەمێک لە شتە پیرۆزەکان و تابۆ و سنووردارکردنە بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەم شتە پیرۆزانە نییە نێک بەرنامەیەک بۆ ئازادی و یەکسانی و ڕزگاری. تەنانەت حکومەتی عەلمانی دیموکرات کە لەسەر ئەم جۆرە پیرۆزی و بەهایانە دامەزراوە، توانای بەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆشی ئێستای نییە.
کەمترین چاوەڕوانی لە حکومەتی کاتی و لەوەش گرنگتر دەستوور کە بەیارە داهاتووی ئێران لە قاڵب بدات، ئەوەیە کە دژی هەموو هەڵاوردنێک بێت و گەرەنتی ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی هەموو هاووڵاتیان بکات، بە مانا هەمەلایەنە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریەکەی ئامانە ئامانجەکانن. بنەمای دەستووری حیزبەکەمان بەرنامەی دنیایەکی باشترە. حیزبی ئێمە بە هەموو هێزی خۆیەوە خەبات دەکات بۆ حکومەتێک و سیستەمێک کە هەر جۆرە هەڵاوردنێکی لێگەڕی، نەتەوەیی، میللی، ئایینی، ئابووری و چینایەتی هەبوەشێنێتەوە و دوای کۆماری ئیسلامی کۆمەڵگایەکی ئینسانی و یەکسان و ئاوەدان لە ئێران دابمەزرێنێت.
ئێمە و پێم وایە هەموو خەڵکی ئێران چاوەڕێی ئەوە دەکەین کە هەموو پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن لە حیزبە چەپەکانەوە تا هێزە کۆماریخواز و شاهانە و هتد بە ووونی پلان و ئامانجەکانیان ڕابگەیەنن تا خەڵک بتوانێت بە ئاگایانە و ئازادانە داهاتووی خۆی هەڵبژێرێت. باشترە شازادە نازناوی شازادە و مەدالیای یەکێتی نەتەوەیی وەلا بنێت و وەک هاوڵاتییەکی ئاسایی و چالاکی سیاسی بچێتە ناو چاڵەکەوە.

٢٩ی مانگی میهر ١٤٠١، ٢١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢

ساتیرچیرۆک: ئەزمە و بەدیل.. هەرش ڕەسوڵ

حەماسەت گرتبوی. دەماری ملی لەرادەبەدەر بەرزببوەوە. چاوەکانی بز کردبوونەوە. پەنجەی دڕشاومژەی دەستی راستی ڕادەوەشاند و بە دەنگێکی قرخن هاواری دەکرد:

- ئاخر پێم ناڵێن ئەوە لە چیتان کەمە؟ بیرتان چووە ئێمە ئەم گوندەمان لە چییەوە کرد بە چی؟ بەخوا وێرانەیەک بو بێ خێ. جادەمان بێ ڕاکێشا. مەکتەب و خەستەخانەمان بێ دروستکردن. منداڵی داماوی ئێمە بە کۆرەوەریی زۆر دەچن لە مەکتەبەکانی شار دەخوێنن، هی ئەوەش لە پاڵ ماڵەکانی خۆتانەوە.
خۆتان هەر دەرد و نەخۆشییەکتان هەبێت، لە بنکەی تەندروستیی گوند عیلاج دەکرێن، بێ ئەمەش ئێمە دەبێ بێ کێکە و هەڵامەتێکی بەسیت بە ناچاری بچینە شار و لە موستەشفا دەوڵییەکان کێڵ فەحص و فحوصات بە تەشتێ دۆلار و یارێ بکەین. بیرم نایە عەمودی کارەبامان بێ داناون، چەند ساڵێکیشە وایەرمان بێ لێ بەستون و کارەباتان هەیە.
بێ مەسەلەی ئاو-یش، کانیی گوندمان بێ پاراستون، نەمانهێشتوە ئەو میراتە گەورەیەی باووباپیرانمان لەوە پیس و لێتر بێت، بێ ئەمەش ئێمە خۆمان دڵمان نایە لەو ئاوە بخێینەوە، تاکو کەم نەکات، قیروسیامان لە نەفسی خۆمان کردوە، ئاوی موقەتتەری کەس نازانێ چۆنی دەبە و پەرداخ لە شارانەوە دێنین.
ئا بیرم کەوتەوە، باسی تیجارەت و هاوردەمان کرد، دەزانن ئەم گوندە شیرینەمان کردێتەوە مەرکەزێکی گەورەی تیجاری. ئیتر بازاڕی ڕەش نەماوە، ئێمە بازاڕی ئازادمان بێ کردنەوە، چیتان دەوێ هەمانە، لە پەنیر و کەرەی ئێرانییەوە بێ ماستی تورکی و یۆنانی و هەنگوینی کلێرەدارەکانی سعودییە، لە میوەجاتی وڵاتانی عەرەبییەوە بێ سەوزە و تەماتە و خەیاری ئێران، بێ خەوزی چینی، جلوبەرگی ڕەسەنی گوندی خۆمان بە دەست و پەنجەی وردیلانەی خوشک و برا چینییەکانمان، ئەمەش

تەنها بۆ ئەوەی خۆتان و ماڵ و منداڵتان لە دەست بۆنی قشپل و ریخ و تەپاڵە نەجاتتان بۆ و چیتر لەو گەرما و سەرماتاقەتپۆکێنەی گونددا شوان و گاوانی و جوتیاری و کار و کاسبی نەکەن.
هەمو گوند، بە ژن و منداڵ، گەورە و بچوک، تەنانەت پیر و پەککەوتەوە ئاگادارکرابونەوە کە لە ئانی وتارە نایابەکەدا لە گۆڕەپانی گوند ئامادەبن.
پیاوانی کۆخا، بە هەموانیان راگەیاندبو، ئەورۆژە مەکتەب و خەستەخانە و دائیرە و دەوائیر و هیچ کار و کاسبییەک نیە، "ئەگەر مردوشن، بە جەنازەکەوە لەوێ، لەبەر قرچەی گەرما، بە پێوە دەوەستن و تەنها بۆتان هەیە چەپڵە لێبدەن و هوتافی (بژی، بژی) و رەزامەندی بۆ جەنابی کۆخا بکێشن". "کەسمان ناوێ دەموچاوی بدابەیەکدا، یان لەبەر خۆیەوە ورتەورت بکات، یاخود چرپە چرپ لەگەڵ تەنیشتەکەی قسەبکات".
کۆخا تا چەپڵەی بۆ لێدەدرا، زیاتر کەیفی بە خۆی دەهات و دەنگی لێهەڵدەبڕی. جار جار تەماشایەکی ئەملاولای خۆی دەکرد و هەستیدەکرد لەگەڵ هەر چەپڵەیەکدا بست بست باڵا دەکات.
وتارە مژویيە دورودرێژەکەی کۆخا لەبەر سێبەری ستەیجی نێودەوڵەتیی گوندی (ئاشی نەزان) بو، کە شارەزایان بە کەپر و دار و درەخت دروستیانکردبو.
یەکێک لە پیاوە هەرە متمانەپێکراوەکانی موکەببەرەکەی بۆ کۆخا گرتبو، ئەویش بە قاتە شاڵە شینکییە زۆر تازەکەیەوە، کە ئەوەندە نەدەبو لە کۆخای گوندەکەی ئەولاوە بە دیاری بۆی هاتبو، وەستابو، بە فیزێکەوە دەستی چەپی خستبوە بەر پشتێنە گوێگوڵەکەی، و دەستی راستیشی کردبوە هاوکاری دەم و زمانی، تاکو بە رەوانترین شێواز بیروڕاکانی (دامەزراوەی کۆخایەتیی گوندی ئاشی نەزان) بە هاوگوندانی بگەیەنێ و تازەترین ئەحداث و مەوقیفەکان دەربارەی رەوشی ئەمنی گوند و ناوچەکەیان بۆ لێکبداتەوە.
لەوەدەچو راوێژکارەکانی، کۆخایان لە میدیاکانی گوند پێکردبێ و بە "تابوری پێنجەم" هەژماریانکردبن. بە تایبەت باسی هەریەک لە: ڕۆژنامەی (چاوی گوند)، گۆڤاری (ئاشەوان)، رادیۆی (نەزان ئێف ئێم)، تەلەڤزیۆنی (نەزان سات)، سایتی (نەزان ویکیلیکس) و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی: (شەوچەرە)، (کانیی ژنان) و (حەوزەکەی بەر مزگەوت)یان بۆ کردبو، گوایە دژی خۆت و دامەزراوە و بۆیارەکانت هەوا و زانیاری و وتاری ناڕاست و پڕ لە ناوزڕاندن بۆاودەکەنەوە.

دوای دو ئحم، وەک نیشایەک بۆ مسەیتەری، و بۆ ئەوەی کەمێک تۆەییەکەشی بشارێتەوە، کۆخا دەستیکردەوە بە وتەکانی:
بیستومە لەملاولا و لە ئیعلامی تەقلیدی و کۆمەڵایەتییەوە ڕەسم و ڤیدیۆی قژ دادەبەزێنن و باسی نەبونی موچە و ئاو و کارەبا و بەنزین و نەوت و غاز و ئەوشتانە دەکەن. ئاخر تو ویژدانتان من بۆ ئەوە حوشتریەتم بۆ فەراهەمکردون؟ لەمانەش ناخۆشتر ماوەیەکە سەری زمان و بنی زمانتان بوەتە باسی (ویلایەتی کۆخایەتی)، گوایە موددەم بەسەرچوە و یەکێک دەخەنە شوێنم.
پاش ئەوەی کۆخا کەمێک وەستا و بە چاو ئاماژەی بۆ کوپەکەی سەر مەنەصەکە کرد، یەکێک لە نۆکەرەکانی کوپەکەی بردە لای زاری و کۆخاش شلەمەنیەکەی خواردەوە، کە دیارنەبو ئاو بو یان عەرەق! لێوکاتشدا، لە دڵی خۆیدا و بۆ بۆ ئۆوی دەمی بجوێنێت، دەیگوت: "من ئۆوەم لە پشتە ئۆوە، تا ئۆوە بمێنن، تا دەنگی ئۆوە هەبێ، تا بێدەنگیی ئۆوە بەردەوام بێ، تا چەپڵەی نەزانانەی ئۆوە ببیستم، تا چەمانەوەی بەردەوامی ئۆوە ببینم، من هەر کۆخایەکەی جارانم، دڵنیابن".
ئینجا دەستی بە سمێڵە ڕەشکراوەکەیدا هێنا و درێژەیدایەوە:
- ئاخر بیرتان چۆوە، جاران چۆن بون و ئێستا چۆنن؟ جاران چییتان هەبو و ئێستا خاوەنی چیین؟ ئاای چ قەومێکی زاکیرە زەعیفن!

من هەمو قیتاعەکانی گوندم پێشخست، کەرتی کشتوکاڵ، بازرگانی، پیشەسازی... تەناتەت نەمهێشت لە دەرهێنانی سامانی ژێر زەویش ئۆوە ئەزیەت بکێشن، خۆم لەگەڵ کۆمپانیای شاری پێشکەوتو ڕێککەوتوم، ڕێککەوتنی ماوەدرێژ، خۆیان بۆمان دەردەکەن و بۆشمان بەجێدەکەن و بۆشمان دەفرۆشن، ئیتر کێشەتان چییە؟
من هەموتانم حەساندەوە، لە کێ و جوتکردن و شەنە و دەغڵ و دان و توتن و گوڵەبەڕۆژە و مەرەزە و فەلاحەتی و ڕەنجکێشانم کردنەوە. زۆربەتانمان کرد بە پۆلیس و ئاسایش و حەرەس قەریە و گوندپارێز. هەندێکتانم کردە خانەنشین بۆ ئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ یەک دەقیقە ئەم گوندەتان پاراستبێت. بەشکیشتان بندیوار و بەرسێبەر و موفتەخۆر.
دوای ئەوەش، ئاراستەی وتارەکەی بە لای لاواندا گێڕای:
- گەنجان، لاوان پێم ناێن بۆ کوێ دەچن؟ سەری خۆتان بۆ کام گوند و شار و مەملەکەت هەڵدەگرن.

ئینجا بە دڵی پڕ و چاوی بە گریانەوە، بە نەغمەیەکی

ناخۆشەوە دەڵێت: ئاخر چۆن دڵتان دێ ئەم گوندە جوان و قەشەنگە جێبهێڵن.
یەکێک لە حیمایە تایبەتەکانی بە پارچەیەک کلێنس فرمێسکەکانی کوێخا دەسڕێت. کوێخا بەردەوامدەبێت:

- قەسەم بە گیانبەختکردوانی ڕۆگای ڕزگاریی گوندەکەمان.. سوێند بە خاک و ئاو و دار و درەختی ئەم بەهەشتە، هیچ گوند و شارەدێ و شار و مەملەکەتێک بە قەد ئەرە خۆش نیە، بۆواتان هەبێت. من هەمویم دیوە، هەموی گەڕاوم، کاتێ بە دوای دەزی ڕەوای ئاوەی چەوساوەوە بوم، کاتێ پێ بە پێ بە دوای مافی ئاوە لە هەمو دەرگاکانم دەدا، زۆر مەکانی عەجیب و غەریبم بینین، بەڵام هیچیان ناگەن بە تۆز و خۆڵی ئەم جەننەتە.

کوێخا بە حەماسەتەوە دەیگوت: گەنجی هیچ شوێنێک بارتەقای گەنجی ئەم دێیە خۆشبەخت و ئاسودە نیە. ئەوەتا منداڵ و جحێڵە نەگبەتەکانی خۆزانەکانی ئێمە، کە بە ناچاری و لە ترسی دوژمنی بەدکار ئاوارەی ئەو شار و سەتەنەتانە بون، ئێستا لە خراپترین دۆخی ڕۆحی و دەرونی و جەستەیی و تەندروستییدان، بەردەوام فرمێسک بە مەوتنی باب و باپیرانیان دەڕژن. قەناعەتتان هەبێت، کاتێ لەگەڵ گەل فرێند و بێی فرێندەکانیشیان دەچنە مەسبەح و دیسکۆ و پۆپ و نایتکلەپەکانیش هەر بیریان لەرەیە و تۆزقاڵێک چێژ وەرناگرن.
- لاوانی عەزیزی (ئاشی نەزان)!

ئاوە نەوەی نوێی ئەم گوندەن، ئایندە بێ ئاوەی خونگەرمە، ئیتر چۆن دڵتان دێت ئەم باوەشە گەرمە جێبهێڵن، ڕێی هات و نەهات بێ دەگرنەبەر؟ دنیام دوایی پەنجەی پەشیمانی دەگەزن، بەڵام دادتان نادات. بیریشتان نەچێت مادام خۆتان بیارتان داوە و خۆتان ئەم ڕۆگەیە هەڵدەبژێرن، ئێمە تەحەمموڵی هیچ مەسئولیەتێک ناکەین.

کوێخا هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بە تووەییەکی زۆرەوە دەستی بە فەرمایشتەکانی کردەوە:

- ئێستا لە هەمولایەکەوە خەتەری گەورە لەسەر گوندەکەمان هەیە، هەڕەشەی کوشت و بڕمان لەسەرە. چیتر لە ناحیەوە بودجە و موچەمان بۆ نایەت، کەچی ئاوەی ناشکور تۆزێ تەحەممولتان نیە. چەند ڕۆژێکی کەمە ئەزمەی بودجە و موچە و نەوت و بەنزین و غاز و ئاو و کارەبا و ...تاد پەیدا بوە بەرگەناگردن. ئای چ میللەتێکی سەیرن.

لە پێ ژاوەژاوێک لە پشت گوندەوە بیسترا، وردە وردە لە

شۆنی خوتبە مژوییە دورودژەکەی کۆخا نزیکدەکەوتەوە. سەرەتا کۆخا سورهەگەڵا و زەر شەڕا، وەستان و پچڕان کەوتە نێو قسەکانی، بەڵام کاتێ یەکێک لە پاسەوانە تایبەتەکانی لەسەر دەرختێکی بەرامبەرییەوە بە دەست و پەنجە ئاماژەی (ئۆکەی) بۆ کرد، ئاهێکی بەبەردا هاتەوە و لە ژێر لێوەوە بزەیەکی کرد.
مەجموعەیەک بە جلی ئاووهاوە، بە چەند گودرژێکەوە، کە پێدەچوو لە گوندەکەی ئەوبەرەوە تەشریفیان هێنابێت، خێیان بە ئاپۆاکەدا کرد و کەوتنە هاوارکردن: "کۆخا بەدیلی نیە، کۆخا نمونەی نیە.. ئەگەر نەمێنێ کۆخا، کێ جێگامان بۆ راخا؟.. کێ پێی خۆشە با وس بێ، هیتر بمرێ لە داخا".
کۆخاش وا خێی پیشاندا گوایە گرنگی بە هوتافی ئەو گروپە نادات. دەستیکردەوە بە وتارەکەی:
- هاوگوندانی بە شەرەفم.. جەماوەری خۆشەویست و شیرینی گوندی (ئاشی نەزان)!

هەمو ئەو شتانەی ئێوە ناوتان ناون کێشە و ئەزمە و قەیران بەدیلیان هەیە. موچە دوادەکەوێت، صەبر و تەحەممولتان هەبێت، مەصرەف کەم بکەنەوە، ئەوەندە مەچنە گەشت و گەڕان و سەیران و صەفا، هەمو هەفتەیەک گۆشت و پێاو مەخۆن، هەمو جەژنێک جل و پێاوی تازە مەکڕن، واز لە کێینی ڤێللا و خانو و شوققەی سیتی و گوندەکانی ئەمانی و ئینگلیزی و ئیتاڵی و فرەنسی و خەون و خەیاڵ و باخ و شاخ و چیا بهێنن، خانوە قوڕەکانتان بیرچێتەوە؟ چیتر منداڵەکانتان مەنێرنە مەدرەسە گرانبەهاکا سیستم ئەوروپی و ئەمەریکییەکان، ئەی (سوید)یش ئەوروپا نیە؟ (سیستمی ئاشی نەزان) عەیبی چییە؟
کارەبا نیە، بەدیل هەیە، دەچینەوە سەر چراڕەشکەکانی سەردەمی باب و باپیرانی نەمرمان. ئاو نیە، بەدیل هەیە، زەر بە کەمی ئاو دەخێنەوە، جەژناوجەژن خەمان دەشێین،دەست بە ئاوەوە دەگرین. نەوت و غاز نیە، بەدیل هەیە، تەپاڵە بۆ چێشتلێنان بەکاردێنین. بەنزین نیە، سەیارەکانمان دەسوتێنین، بە سواری گودرژ هاتوچێ دەکەین، یان هەر بە پێ، بۆ صیحەتیشمان باشە.
بۆیە چەندبارەی دەکەمەوە: هەمو ئەو شتانەی ئێوە ناوتان ناون کێشە و قەیران بەدیلیان هەیە، بەڵام باش باش بیزانن و وەکو ئەقڵە بیکەنە گۆچکە گرانەکانتانەوە: تەنها من بە دیلم نیە، من!

28/09/2015 رانیە

کۆتایی لە سەرتاوە.. نەوزاد بەندی

بۆ / ژ .....ا

بۆ ، خەریشم ناوێ ،
گەر بۆ تۆ هۆژ بۆتەوێ ..
بۆ ..ئەوەندە وون بێ ،
هیچ کەس نەتدەزێتەوێ ..

دڵێ بە تۆ خۆش ببێ ،
من خەم هایئەواستنم ..
بزەیەک تۆ وەنەی کەی ،
من هەیئەواڕنم …

شیعرێ تۆ ئیلهامی بی ،
یەک پیتی لە نانوسم ..
تۆ قەڵەمی عەشق بی ،
یەک پیتی پێ نانوسم ..

من قەت لە خەم نابوورم ،
کە چی جوان بوو بەم نوسیت ..
کە دەربارەی هیچ شتێ ..
شتەکم لێ نەپرسیت ..

وامزانی هەرچی گوت ،
بێ سپەنسەری تایێ ..
نەمزانی بنچینەکەت ،
چنگێ فڵێ و درێ ..

بۆ ، کە پارەی هەبوو ،
کە قەڵەبۆ بوو ، لەوێ بێ ..

بە ھۆز گوت بۆژە و ..
شەو ، شەوچەرەی شەو بە ..

نەوزاد بەندی

خوێندنەوە بە سەر بەرگی ئنیسکلۆپیدیای کوردو کوردستان.. سەلاح جەلال

ئنیسکلۆپیدیای کوردو کوردستان لەسە بەرگدا بەھەوە و تۆقلای کەمۆك دەسز بەاوبوەو، بەشایەکی گەورەی لەمژووی کلتورو خوێندراوەی کوریدا پەکردەو. گرنگی ئەم بابەتە بەوتارو کاری سەرپەیی تەواو نابت بەکو بەتە پرژەیەکی گرنگی مەعریفی، پەویستە لەھەموو بوارکانەو کاریان لەسەر بکرت. لەکاتکدا بەرەو ئەو دەچت مژووی کوردو کوردستان بەھەموو بوارو گەانکاریەکانیەو لە میمریکدا کبکاتەو، واتای فرھەنگی وشکەیش بوارکانی مەعریفە دەگرتەو.
ئنیسکلۆپیدیا لەبنەتدا وشەیکی یونانیە، واتای بازنکان یان سیستمکی تەواو بە مەعریفە بە چند بابەتکی سرکی، یان واتای کەمۆك زانست و ھونر، لەزمانی عربیشدا بە واتای فرھەنگ یان دائیرەتولمەعاریف دت، دوایی پرەی سەند بە فرھەنگکی گشتی بە زانست و رەوانبژی و پیتکان.
بەر لپرژەی ئنیسکلۆپیدیا مەعریفە گشتیەکان بەناوی ئدەبی و فرھەنگەو دەردچوون. لەبەر ئەوەی بازنکانی مەعریفە جیاوازە لە فرھەنگ، ئەم پەناسەیکی کورتی وشەو مادیەو ئەو فراوان دبەتەو بە بەیان کردن و واتا ئیستلاحیەکان لەم زانستەو لەوی تردا، لگەل مژووی فیکرکەو بەشکانی و ئەو بابەتانەی بە فیکرکە دگەن لشیکردنەوەو داواکاریەکانیاندا.
بەم شەوەیەیش گرنگی و بایخی ئەم پرژەیە دەردکەوت بە ھەموو میللتك و بیر و داھنانی ئەم زاراوەیە زر کن و مژووی دگەتەو بە(سیوسبیوس)ی یونانی قوتابی (ئیفلاتون)

ئنیسکلۆپیدیایەکی کەرکردۆوە فەوتاوە، دوای ئەو (ستوبینەس) و (سیوداس) و (کابلا) گرنگترین فەرهەنگیان لەمژوودا بەرهەمهێناوە. دوای ئەویش میللەتانی تر هەوڵیان بە داوە، ئەمەیش وەك نەتەوەیەك لەی بە بەش بووین، کاتەکیش ئەم سێ بەرگەی ئنیسکلۆپیدیام بەکوردی بینی و خوێندمەوە بەراستی وەك خەوەکە کەمێك نوسەری دەسەز بەخۆبەخشی بە میللەتی کورد کردویانە. لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەیە نەك بە ئەمە بە گەلانی تریش زۆر ئەستەمە، ئەوان لەسەر ئاستی زانکەکان هەوڵیان بە داوە بە توانای مادی بە سنووردەوە، لەسەدەی دوانزەدا ئەوروبییەکان لە زانکەی ئەکسفەر سالانی 1200. هەوڵیان بە داوەو دوایی زانکەی کەمبردج دوایی دائیرەی مەعاریفی بریتانی1768 تەنها بەرگی یەکەمی دەرکرد، کاتێك زانکەی فەرەنسی ساڵی 1959 مجەلەدی یەکەمی بەسەرپەرشتی(دنیس دیدرۆ)دەرکردو دوایی بەهاوبەشی کەمێك فەیلەسوفێکی وەك(ڤۆلتێر)و (رۆسۆ)و (دالمبرت)و چەندانی تر پشکەوت، ئەمەیش ئەوە دەردەخات دوو سەدەو چەند دەیەکی خایاندووە، لەکاتێکدا بەکارتێکەری سەرکی لەسەر رۆشنبیری گشتی و هەڵگیرسانەدن و سەرکەوتنی شۆشی فەرەنسا دادەندرێت.
ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان و سەرنجە ئەویە زانکەکانی جیهان لەو کاتەوە بەو هەموو پشکەوتنەی خیانەوە چەند سەدەیان پێچووە هەتا ئەم پرۆژەیان بەرهەمهێناوە.
هەروەها فەرهەنگی چینیش(کوکین سی فون لوی تسی). لەدانانی(شوهوفر) و مژووی سروشتی یەنانی بەگرنگترین کتیبی ئنیسکلۆپیدیا دادەنرێت لە مژوودا لە نوسینی (غایەس بلینوسش)لە 23-79م.
دوای ئەویش فەرهەنگی ئەمانی(ارش غرویر) لەشش بەرگدا دەرچوو، لە1796 و 1810 بەسەرپەرشتی (وختر) دوایی فەرهەنگی ئیتالی بیفاتی لە ساڵی 1884. جگە لەمانەیش هەموو گەلانی جیهان هەوڵیان بە ئەم پرۆژە گرنگ داوە، تەنانەت لەئیسلامیشدا مزهەبی شیعە ئنیسکلۆپیدیای تایبەت بەخۆیان داناوە.
ئەم ئنیسکلۆپیدیایەی بەردەستمانە بەکوردی سێ بەرگەو هەر بەرگەی سێ بەشی تایبەتە بە هەموو کارکەرو بوارەکانی مەعریفە لەشاعیرو نوسەرو رۆژنامەنوس و هونەرمەندو زاناو کەسایەتی ئیرشاد و تەریقەت و شۆشگەران و شوێنە گرنگە گشتییەکان و پیشەو پیشەییەکان و تاد.. لەردا هەن. بەپێی ریزبەندی پیتی ئەبجەدی ریزکراون .
بەرگی یەکەم 523 لاپەڕەی قەبارە گەورەی شێوە دیزاینی گەقارە. لەسە بەش پێکهاتووە.
بەشی یەکەم ژیاننامەی حەفتا کەسێتی گرنگ و کارکەرن لەبوارەکانی مەعریفەدا، هەر لە ئەحمەد ئیبراهیم و ئیبن خەلەکان و ئەحمەد

ئیسماعیل رامیز ئەحمەد دینەوەری مەلا ئەحمەدی رەش و ئەحمەد گەرانی و مەلا ئەحمەدی ئەحمەد ئاواو ئەحمەدی موفتی زادە و ئەحمەد نەتشی و ئەحمەد عەلی فەوزی و ئەحمەد زەهاوی و ئەمین شەخ عەلائەددین و ئیبراهیم حەسەن شارەزووری و ئیدریس بەتلیسی و سمکۆی شکاك و بابا عەلی تەکیەو بابە شەخی ئەمانەو مەلا باقری بالك هەتا بنەمالەی بەدرخانییەکان، دیەها کەسایەتی پایە بەرزو رەشنبیرو رۆژنامەنوس و دیپلۆماتکارو میرو رابەریان تیادا هەڵکەوتووەو هەمیشە هەویانداوە لە کوردستان و دەوڵەتانی عەرەبی و جیهانیداو بەسەدەها کەسایەتی مەزنیان هەبووە لەهەموو سەردەمەکانداو رۆژنامەیەك یا ریکخراوەکیان داخرابەت کتوپڕ لە شارو وڵاتەکی تر دروستیان کردەتەوە.

دوای ئەمانیش لەمەلا بەهای بیارەوە دەست پێدەکاتەوە، مەبەندی زانین و پێگەیاندنی لاوانی کورد بووە بەزانست و زانیاری و ئیرشادی تەریقەتەکی دروست هەتا پیرەمەردی شاعیرو جابانی کوردی و جوێرییەی هەکاری و جەلالەدین عەلی خورمالی و حەسەنی ئامەدی و شەخ حەسەنی گەزەردەی بەرزنجی و حەمزەی ئیمام موسا و حەمزە موکسی و حەمئەمینی غەفاری و حەمەمین مەحمودی دەرەی مەو حوسەینی مەجدی و مەولانا خالید و نالی شاعیر و خەلیل خەیاڵی موتکی و شەخ رەزای تاڵەبانی و سەعیدی پیران و سەعید نەورەسی و شەریف پاشای خەندان و عادیلە خانم و عەبدوڵڵاحمانی زەبیحی و مەلا عەبدوڵڵاحمانی دار بەڕولەیی و ناسری سوبحانی و کەسایەتی تری دەسەز و زانا و سەرکردەن ئەوانەی توانیویانە لە پانتاییەکانی زانست و زانیندا کاربکەن.

بەشی دووەم: چەند شوێن و ناوچەیەکی گرنگی کوردستانە، ئەوانەی فەزای گرنگی زانست و مەعریفە بوون. وەك مزگەوت و خانەقاو تەکیە و حوجرەی مزگەوتەکان و شاخ و شارو گوندە گرنگەکانی تر.

بەشی سێیەم: چەند لایەنێك لە زمان و کەلتورو ئەدەب و ئاین و ئاینزاو سیاسەت و کاری رێکخراوەیی کوردییە. لە ئەلف و بێی کوردیەوە دەست پێدەکات. (د عومەر عەبدولعەزیز)زەر وردو ژیرانە لە دەوڵەتی مادەوە باسی دەکات، دوو سەدەو نیو کورد خاوەنی نوسین و ئەلف و بێی تایبەت بەخۆی بووە، کۆنترین بەڵگەی نوسراو دەباتەوە بۆ کتێبی ئاڤستا، باسی هەوڵەکانی (ئەبوبەکر الـنبتی) دەکات و هەتا کتێبی ئەلفبای کرمانجی لەساڵی 1926 ی نوسەر(خەلیل خەیاڵی) و کتێبەکەی (تەفیق وەهبی بەگ) و کتێبی سەرف و نەحوی کوردی نوسەر (سەعید سدقی) و کتێبی رابەرە بە ئیملای کوردی نوسینی (نوری عەلی ئەمین). کتێبی زمانی یەکگرتووی کوردی نوسەر(جەمال نەبەز) و کتێبی رێوتی رێنوسی کوردی نوسەر (مستەفا نەریمان). دەربارەی گرامەری

کوردیش لە رۆخنەو پشنازی (مەجرسن)ەوە دەست پێدەکات هەتا هەموو هەوڵەکانی تر لەتورکیا و سوریاو عێراق بە بەکارهێنانی پیتی لاتینی یان عەرەبی و شیکردنەوەی تەواو بە هەموو ئەو لایەنانە دەکات و شتە نادیارەکان دەردەخات بە هەموو بیرو باوەڕە ناکۆکەکانەوە.
بەرگی دووەم508 لاپەڕەی قەبارە گەورەی دیزاینی گەفارە، لەسە بەش پێکهاتووە.
بەشی یەکەم هەمان شێوە لە کۆسایەتیەکانەوە دەست پێدەکات و لە(ئەحمەد موختار جاف) و (ئەحمەدی خانی)وە هەتا (شاکیر فەتاح) و (عەلی مەردان) سی و شەش کۆسایەتی دیگرێتەوە.
بەشی دووەم: چەند شوێن و ناوچەیەکی گرنگی کوردستانە.
بەشی سێیەم؛ چەند لایەنێك لە زمان و کەلتورو ئاین و ئاینزاو شوێنەواری کوردستانە.
بەرگی سێیەم: 520 لاپەڕەی قەبارە گەورەی دیزاینی گەفارەو لەسە بەش پێکهاتووە.
بەشی یەکەم: ژیاننامەی چل و دوو کۆسایەتییە، لە(ئەبوبەکری موسەنیف)ەوە دەست پێدەکات هەتا (یەحیا سەعید ئەفەندی) وەنەگر.
بەشی دووەم: چەند شوێن و ناوچەیەکی گرنگی کوردستانە.
بەشی سێەم: زمان و کەلتورو ئەدەب و ئاین و ئاینزاو شوێنەواری کوردستانە.
ئەوەی لەئەنجامی خوێندنەوەی ئەم سێ بەرگەی ئنیسکلۆپیدیایەدا دەردەکەوێت، چەند قەناغێکی جیا جیایە، سەرەتا لە مزگەوت و خانەقا و تەکیەکانەوە لەلایەن زانا گەورەکانی ئاینی ئیسلام و شێخی ئیرشاد زانستیان بۆ کراوەتەوەو دواییش هەر هەرس و توانەوەی ئەم کۆسایەتیانە بووە بە ناو شارەکان و گەفارو رۆژنامەو بۆکراوەیان بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی و زۆریشیان گێشتونەتە هەندەران و بەزمانەکانی روسی و فەرەنسی و ئەڵمانی و ئینگلیزی و سیودی و زمانی تر هەوەی نێوەیان داوە بە دەرکردنی رۆژنامەو گەفارو بۆکراوەی تر و هەوەی ناساندنی کوردو کوردستان و زمان و کەلتورکەیان داوە. هەروەها سەرکردەی هەموو راپەڕین و شەهیدانیان کردووە. نمونەیش ئاشکرایە لە شێخ عوبەیدولای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و سمکۆخانی شکاك و قازی محەمەد و بەدرخانیەکان و شێخ سەلامی بارزانی و مەلامستەفای بارزانی و سەعیدی نوورسی و ئەحمەدی موفتی زادەو ناسری سوبحانی و دەیەهای تر زۆریان پێتی سەدەریان خراوەتە مل و بەشهادەتیان زانیووەو هەمویشیان چەندین جار خراونەتە زیندانەوە.
جگە لەویش بەردەوام هەوەی جوڵانەوەی سیاسی و شەهیدگەیان داوەو بە مافەکانی کورد خەباتیان کردووە، نمونەیش حکومەتی زەندی و

ئەردەلان و شێخ مەحمود و کەماری مەهاباد و بابانی و شەشی ئیبراهیم خانی دڵڵو میرنشینی سۆران و ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسیانەیش، دروست بوون وەك (کۆمەڵەی هیڤی) و (تەعالی و تەرەقی کوردستان) و (ژێ کاف) و (حیزبی هیواو)و(کۆمەڵەی ڕایەتی) و (کۆمەڵەی قوتابیانی کورد لە ئەستەنبوڵ) و (کۆمەڵەی پشکۆتنی کوردستان) و (کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد) و (کۆمەڵەی خوێ بوون) و(ئیتیحادی محەمەدی)و(تەشکیلاتی ئیجتیماعیە)و(تەعالی ژنانی کورد/جەمعیەت) و(تەعالی کوردستان/جەمعیەت)و(تەعاون و تەرەقی کورد)و(یەکێتی زانایانی ئلینی ئازادیخواز)و (کۆمەڵەی هاریکاری و پشکۆتنی کورد)و(بزووتنەوەی حەق)و (حیزبی ئیسلامی کورد)و(پارتی دیموکراتی کورد)و (پارتی دیموکراتی کوردستان)و(حیزبی دیموکراتی کوردستان)و (سازمانی خەبات) لەهەڵبجەو دێیەها حیزب و ڕێکخراوو ڕاپەڕین و شۆشیان بەرپا کردووە دژی داگیر کەران بۆ ڕزگاری کوردو کوردستان.

هەروەها ئەم پرۆژەیە دووماندە بۆ ئاینەکانیش زەردشتی و یەزیدی و کاکەیی و ئیسلام و جولەکەو مەسیحی، هەمویان وەك زانستی بەراوردکاری ئاینەکان وەك سروشتی ئاینی خێیان باسکراون.

بەم شێوەیش دوای گۆڕان و وردبوونەوە دەبینین ڕووبەڕووی تەکنەلۆژیایەکی مەعریفە بووینەتەوە، دەبێت چی بکەین و لە کوێوە دەست پێبکەین؟! چۆن بتوانین ئەم شاکارە لە کایەکانی مەعریفەدا کارپێ بکەین؟ ئەمەیش کاری ئەوانەیە دەیانەوێت کار لەبواڕکانی مەعریفەدا بکەن و کۆشیان لەگەڵ خودی خێیان و عەقڵی خێیاندا هەیە و ئەو کەسانەن بەبیڕکانیان ئەمەو جیهان دەگۆڕن، نەك کەسانی وەنەکار، بەکو دەبێت شیکردنەوەی مەعریفیانە بکەن هەتا ئایندەیەکی گەشمان بۆ دروست ببێت. چونکە ئەوانەی دەیانەوێت مۆزوو بسنەوە یان ڕاستیەکانی ون بکەن ئەوا دەرگای مۆزوو لەسەر خێیان و نەتەوە دادەخەن.

ئەویشی گرنگە لە دوای هەموو ئەو پشکۆتنانەی، لە دەیەکانی ڕابردودا هاتن ئەمیان شەك کرد، مارکسیەتمان هێنا هەشی مۆزووییمان نەبوو، بونیەویەتمان هێنا هەشی زانستیمان نەبوو، زەر بیری فەلسەفی و ئایدەلۆژی و ئاینی هێنرانە کوردستان.

دیارە تائێستا ئەوەی لە مۆزووی خوێندراوەی ئەمەدا زیاتر ڕووداوو بابەت و دەق و مرۆڤکانمان لەمردن ڕزگار کردووە، نەکو ڕاڤەو توێژینەوە، هەتا چەندە هەڵگری پرسیارە مەعریفیەکانمان؟ تاچەندە بتوانین بەشایەکانمان پێ بکەینەوە؟، لە ئێستایشدا دەکەوینە بەردەم دێیەها پرسیاری سەرسوهێنەرەوە، چۆن بە ئەلیکترۆنی بیر بکەینەوە؟ چۆن بە ئەلیکترۆنی بنوسین؟ چۆن پێدراوو نوسینەکانمان

بەئەلیکترۆنی بکەین؟ چی بکەین بۆ ئەوەی لەم پرۆژە مەزندا بەشایستە بتاقیکانمان پێ بکەینەوە، ئەمەیش کاری کۆسکانی فیکرو توێژران و کۆسکانی ئەکادیمیاو کلیژکانە، بتوانن بناغەیەکی مەعریفی دابنێن و بەشایستەکانمان پێبکەینەوە، هەموو بەشەکانی زانکۆ دەتوانن ئەم خەرمانەیەی مێژووی کورد بکەنە بناغە بۆ زمان و ئیدیەم و رۆزمان و پیت و مێژوو جوگرافیا و کەلەپناسی و ئاین و شارستانی و بوارەکانی ترو بەهاوکاری بەشی ئایتی هەوڵی بۆ ژمارەیی کردنی ئەم ئنیسکلۆپیدیایە بدرێت لەگەڵ بەاو بوونەوەی کتێب و نوسراوی نوسەرکان و زۆر لەو بەڵگەنامانەی گرنگن هەتا ژوورێکی ئەلیکترۆنی بۆ مێژووی کوردو کوردستان دروست ببێت. جگە لەوەیش هەوڵی لەئەستۆگرتنی پرۆژەکە بخرێتە سەر خوێندنی باڵا. چونکە پێویستی بەهەماهەنگی زۆر هەیە.
لەبەر ئەوەی ئەم پرۆژەیە تا ئێستا وەک دەستکەوتێك گرنگ لەسەر زەربەی تێبینی و کەم و کوڕی لەم سێ بەرگەدا چاك بکرێن و لەچاپی دووەمدا بژمارەیی بکرێت، کە ئەوانەیش سانان و کار ناکەنە سەر پرۆژەکە، ئەویشی جێی ئاماژەیە دەستکاری نوسینی ئەو نوسەرانە بکرێت کەوەك خۆیان ئاماژەیان پێدا زیادەڕەویان تیادا کردووە، چونکە ئەم پرۆژەیە دەبێتە سامانی نەتەوەیی، فەرهەنگی (ینغ لوتاتین)ی یابانی، لەساڵی 1407 م دوو هەزارو دووسەد نوسەر بەشدار بوون لە نوسینیدا 892 مجڵەدە. لەبەر ئەوە ئەم پرۆژەیەیش پێویستی بەبەردەوامی و هاوکاری زۆر هەیە هەتا بەردەوام بێت، دیارە ئەم لیژنەی سەرپەرشتیکارێ دەسەزن و توانیویانە ئەمانەتکانی نوسین بپارێزێت بەبێ لەبەرچاو گرتنی هیچ ئایدیاو بیرێکی ڕێگر. ئەویشی جێگەی تێبینیە، پێویست ناکات دووبارەو چەند بارە ناوی کەسێتیەك بهێنرێتەوە، ناسنراوەو بابەتێکی لەسەر دەنوسرێت، بۆ نمونە (ئەحمەدی موفتی زادە) یەك جار گرنگە، ئەوانی تر لەڕێی ئامرازو راناوو شوێنەوە هونەرێکانەوە دەکرێت. هەڵەی ڕێزمانی و چاپ و نارێکی رستەیش دەبینرێت.
هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ ئازیزانی لیژنەی ئنیسکلۆپیدیا دەخوازم و دەستیان دەگوشم و لام وایە ئەم کارە تەکنەلۆژیای مەعریفیە بۆ کورد.

سەباح جەلال

سەرچاوە: ئنیسکلۆپیدیای کوردو کوردستان، ئامادەکردنی لیژنەیەك/بەرگی یەکەم/ڕێکخراوی زانست بۆ باس و لێکۆڵینەوە/ چاپی یەکەم 2018.

بڕگی دووەم/ ڕەخنەی زانست بە باس و لێکۆڵینەوە/ چاپی دووەم/2021
بڕگی سێیەم/ ڕەخنەی زانست بە باس و لێکۆڵینەوە/ چاپی یەکەم/2022
لەگەڵ بانە ڕۆژ لەژمارە(130)هاوینی 2024 دا بڵاوبۆتەوە.

هیچ لێشیعرێکانی ئێستا ناگەم!.. کاروان حەسەن سلێمان

ئەم ناونیشانەی سەرەوە دەمانبات بەردەم دیان پرسیاری جددی و هاشکاوانە، ئەمە قسە و بۆچوونی دیان خوێنەری شیعرە.
هەنگاو و دەشە بۆچوونکەیان لێشوێنی خۆی بەت و هاستبەت، بەو مانایەی شیعر زەر بووە و ئاستی شیعریش لەم سەردەمدا دابەزیوە بەهۆی بوونی کەم و کوڕی و بە مانابوونی دەق و ئاست نزمی هێندە بەناو شیعر، بەڵام مانای ئەوە نییە کە شاعیری باشمان نییە و دەقی باش کەمبە، هەژانە دیان و سەدان دەقی جوان و پە مانا و پە ئێستاتیکا و هەوانبەژی و پە چێژمان بەرچاو دەکەوە و دیانخوێنینەوە، لەبەرانبەریشدا پێچەوانەکەی هەر هاستە، کەمەک دەقی بە چێژ و بە جوانیناسی و بە هونەرکانی هەوانبەژی دەبینین و هیچ چێژکیان لە نابینین و بەکو کاتیشمان دەکوژن، لە دنیای ئەدەبدا دیان قوتابخانە و هەبازی شیعری جیهانی هەن، هەر یەکیان پشت بە میتەد و هەبازێک دەبەستن و هەریەکەی هەچکەی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر هەبازێکی شیعری پشت بە جەرەک لەبیر و ها و جیاوازی دەبەستێت، لەنەو ئەو جەرە هەباز و قوتابخانە شیعریانەدا دیان کەد و هەمز و نهێنی لەپشت وشەکانەوە خەیان حەشار داوە، ئەو پەیامەی شیعر هەی گرتووە زەر جار فەلسەفە توانای دەربەینی ئەو پەیامەی نەبووە، بەیە خوێنەری شیعر ئەبە وردتر و باشتر لە شیعر وردبێتەوە و جوانتر پەیامەکان وەرگرە، لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانین بەین شیعری بەمانا نییە، بەکو دەتوانین بەین زەریشە و هەژانە بە دیان دەق دەنە بوون و هیچ مانایەکی شیعری هەناگرن و خاین لەمانا و جوانیدا.
یەکێک لەخاەکانی بنەماتی و تەکنیکیەکانی شیعری ئێستا لادان و

تێکشکانی زمان و کارکردن لەناو زمان و کورتکردنەوەی زمانە لەناو مانادا، لادانی زمانی و بەکار نەهێنانی ئامرازەکانی پێوەندی نێزمانی و چەکردنەوەی زمانە لە دەقدا کە لە شیعرەکانی زۆرێک لەشاعیرانی ئێستادا هەیە.

کلینت بروکس دەڵێ: زمانی شاعیر زمانێکە کە تێیدا هێمای مانا شاراوەکان بە ئەندازەی مانا ئاشکراکان گرینگە. (١)

ئەمانە و دیاردەیان نهێنی تر لە شیعردا بوونیان هەیە، کەمەبەستمەندی هەن کە وادەکەن شیعرەکە جوان و چێژبەخش و پڕ مانا بێت، لەوانە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و وێنەی شیعری و ڕیتم و ئاوازی ناوەوە و دەرەوە و هەندەکجاریش سەروا و کێشی شیعرەکە دیاردەیان هەیە لە جوانی ئەو دەقە شیعرییە، هەندەکجاریش وشە و واتا و پێک بەستنەوەی وشەکان جوانییەکی تر دەبەخشنە دەقەکە.

تەیب قادر پێی وایە زۆر جار گرفت لەشیعر نییە کاتێک تێنەگەیشتن ڕوودەدات، گرفت لەڕێشنبیری شیعرییە، بە ئەوەی دەقێکی شیعری بخوێنیتەوە دەبێت باکگراوندێکی شیعریت هەبێت. (٢) ئەمش خاڵکی گرنگە بە ئەوەی لەشیعر تێبگەین، بەتام خوێنەرێکی ئاسایی بەزەحمەتتر و ئاستەمتر لە بەشێک لە شیعرەکانی ئێستا تێدەگات، گرفتەکەش هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە بوون کە باسیان لێوەکرا.

کەواتا هەر دەقێک خاڵی بوو لەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە خاڵییە لە شیعر و ئێشە دەقێک بێت، بەتام شیعر نا.

ماهییەتی شیعر (تەکنیک، خەیاڵ، زمانی شیعری) هاوتەریبی یەکن و بەدوای یەکدا مانا دەبەخشنە دەقەکە و خوێنەر چێژی زیاتری لێدەبینێت.

شیعر کەهەستی ڕاستەقینەی شاعیر بوو جوانی دروست دەکات.

لایەکی تر (شیعر دەموچاوی ئەو وێنانەیە کە نابینرێن، ناتوانرێت بە زمان بخرێن، شیعر دەتوانێت لە ڕاستی شیعر زمانی وێنە نەبیندراوەکان دروست بکات).(٣)

شیعر ئەو شتانە دەردەخات کە لەزمانی ئاساییدا شاردراونەتەوە.(٤)

لەران پیرین دەڵێ: شیعر گوشراوترین و چڕترین شێوەی ئەدەبە کە زۆرترین شت لە کەمترین وشەدا دەردەبڕێت.(٥)

(١)شیعر و نائومێدی، شاخەوان سدیق ، لاپەڕە (٧)
(٢) تەیب قادر ، بیرکردنەوە لە شیعر ، لاپەڕە (٤٤)
(٣)تەیب قادر، بیرکردنەوە لە شیعر، پەڕژەی سەد نامیلکەی فکری و ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم -٢٠٢١
(٤)لادان لەشیعری لەتیف هەمەت ، ناز ئەحمەد سەعید ، لاپەڕە(٢٣)

(٥)شیعر و ئازادی، شاخەوان سدیق، لاپەڕە (٣٤)

✍کاروان حەسەن سلێمان
٢٠٢٢/١٠/٢٢

ئاپۆینی خەڵکی ئێران، شۆڕشێکی گەورە و مێژووییـــــــی.. جەعفەر عەزیم زادە

وەرگێڕانی بۆ کوردی:کاوە عومەر

لە جیهان شاهیدی پێکهاتنی گەورەترین شۆڕشی سەدەی بیست و یەکە لە ئێراندا. ئەم شۆڕشە لە ڕووی داهاتووی خۆی و پێشکەوتنەکانیدا لە ڕووی ئەو کاریگەرییە گەورەیەی کە لەسەر ئێران و تەواوی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی دەبێت، تەنها لەگەڵ شۆڕشی مەزنی فەڕەنسا و شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بەراورد دەکرێت.

لە کۆتایی هاتنی دونیای دوو جەمسەری و شکۆ و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان و گێڕینی بزووتنەوە تیرۆریستییە تاریکپەرستەکان و تیرۆریزمی دەوڵەتی بۆ ئۆکتۆبەر و پێشەنگی ململانێ ناوچەیی و جیهانییەکان لە سەر دەیەی ڕابردووداە، کۆتایی مێژوو نییە وەک هەندێک لە بیرمەندانی جیهانی سەرمایەداری ڕایانگەیاندووە، بەڵام سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە ململانێکانی مرۆڤایەتی لە سەردەمی سەرمایەداریدا .

شۆڕشکان و وەرانکاریەکان و ڕووخانی پێنج وڵاتی گرنگ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و حوکمەانی گەندەڵی و تاوان لێم ناوچەیە، جینۆساید لە ئەفریقا و ئۆروپای ڕۆژهەڵات و درێژبوونەوەی مەیدانی جەنگ و تیرۆر و تێقاندن بۆ ناو دڵی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا تا

کەبەکەی ئابووری و سیاسی توند و وێرانکەری، جەمسەرە جیاوازەکانی سەرمایە بە دەستبەرکردنی هەژموونی و کۆنترۆیان بەسەر جیهانی دوای جەنگی ساردا لە لایەکەوە، و لە لایەکی دیکەوە، سەرهەڵدانی بزووتنەوە کەمایەتییە گرنگەکان لە بزووتنەوەی داگیرکردنی وەک ستریتەوە بە ئاپەینی ١٣٨٨ لە ئێران، بەهاری عەرەبی و سەرهەڵدانی بزووتنەوە عەلمانی و یەکسانیخوازەکان لە ئۆفغانستانەوە بە لوبنان و دڵی کەمەگاکانی ڕۆژئاوا، پریشکی گەورەترین و چارەنووسسازترین ململانێکان لە مێژووی مرۆڤایەتی لە سەردەمی دوای جەنگی ساردا بوون.

ئۆگەر ئاپەین و پەکهاتنی شەش لە ئێران کەمترین پشتیوانی کرێکاران و هونەرمەندان و وەرزشوانانی دیاری جیهان، بزوتنەوەی جیهانی ژنان و مافی مرۆڤ، بیرمەندان و سیاسەتمەداران و فەیلەسوفەکان و ئای گشتی جیهانی بە لای خۆی ڕاکێشابێت، ئەوە تەنیا هەکاری خۆی نییە بەهۆی بوونی حکومەتێکی بەزراو و دژە ژن لە ئێراندا دروست دەبێت، بەڵام لەوێش زیاتر بە هۆی پەیوستی جیهانی مرۆڤایەتی و هیوا و خەونەکانی بە دەزینەوەی جیهانێکی باشتر لە چوارچێوەی قەناعەتکی پاشکۆی خۆناوی و دژە مرۆڤی زیاتر لەسەدەیەی ڕابردووە.

ئەو شەش و ئازادی و جێش و خرۆشی بە گەڵانکاری دوای ئاوابوونی ئازادی و یەکسانی و زاڵبوونی تیرۆر و تۆقاندن و وێرانکاری لە جیهاندا دوای جەنگی ساردە، لە ناخی یەکێک لە تاریکترین حکومەتەکانی جیهانی ئەمڕۆدا سەرهەڵدەدات.

ئەو دروشمانە و هەموو ئەو شتانەی کە لە ماوەی مانگی ڕابردووداو بە پشتگیری ژنانی چەوساوەی ئێران لە ناوەڕاستی ئاگر و خوێن لە شەقامەکانی شارەکانی ئێراندا دەرکەوتن، تەنیا نوکی شاخی سەهۆڵبەنی شەشکی مەزن و مێژوویین.

ئەو بە یەکەم جار لە مێژووی شەشە هاوچەرخەکاندا، ژنان ئاگری شەشکی گەورەیان هەڵیانگرساندوە و خۆیان بە ئاستی ملیۆنان لەپشتەوەیدا بوون. ئەم دیاردەیە دیاردەیەکە لە قووڵایی و پانتایی خەباتی چینایەتی لە ئێران و جیهانی ئەمڕۆدا سەرهەڵدەدات.

ئەم شەشە شەشی ژنان و گەنجان و هەرزەکاران و کرێکاران و مامۆستایان و خوێندکارانی سەردەمی ئینفورماتیک و ئاوگەی خەرای زانیاری و جیهانگیرییە. پاپشتی سەرسوڕهێنەری جیهانی بە ئاپەین

و شۆشی ئەستای ئێران ڕۆژ و هێشی لە چارەنووسی هاوبەشی مرۆڤایەتی لەگەڵ خۆکی ئێراندا هەیە، کە لە ماوەی سی ساڵی ڕابردوودا، لە دابڕانی بزووتنەوە ئازادیخوازە گەورە و مێژووسازەکان و نەبوونی ئاسۆیەکی جیهانی و کاریگەر بە پێشخستنی لایەنە مرۆییەکانی شارستانیەتی مرۆڤایەتی، لە ژێر زاڵبوونی ڕەشترین ڕەوتی دەستکرد و نافەرمانڕەوا لە هەموو بەشەکانی جیهان بەیانی گەیاندوەتە شەو.

لەسەر بنەمای وەها پشتیوانیەکی ئازادیخوازانە و یەکسانیخوازانە لە شۆشی ئەستای ئێران کە بەوچان شۆپڵ ئەدات و ئەو ڕۆژە مێژوویی و چارەنووسسازەی کە چینی کرێکاری ئێران لە داهێشتنی ئاراستەی ئەم شۆشەدا دەیگێڕێت، سەرجەمای ئەو وەستگۆیانەی کە لە هەڵومەرجی ئەستای کەماری ئیسلامی و لە پێشهاتەکانی دوای کەماری ئیسلامیدا، کەنەپەرستی ناوچەیی و تاوانبارانی نەودەوڵەتی، لەبەرانبەر پشۆیەکانیدا.سازش وڵبوردن لە نەوان وەاتانی ڕژئاوا و ڕژهەڵات و ناوچەکە دروستی دەکات بە پاراستنی نامرۆڤانەترین پێوەندییە سیاسییە کەمەڵایەتی و ئابووریە زاڵەکان بەسەر ناوچەی ڕژهەڵاتی ناوەڕاستدا. وە هیوا و ئاواتە سنووردارەکانی زەرەک لە هەزە کەمەڵایەتی و سیاسیەکان کە هاوتای قەناغی شۆشی ١٩٧٩ن و بە تایبەتی ئەوانەی کە بەهای ئەو شۆشەوە بەدەستهێنات بوون، کاریگەرییەکی مێژوویی و چارەنووسساز لەسەر داهاتووی ئێران و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بەجێدەهێڵت .

وەرگێڕانی بە کوردی:کاوەعومەر

گەر زەریامان لێدەستدا.. شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

هەزاران خۆ، لە ڕۆحی منایە ئەسوتێ،،
دڵی منە، زەرجار وەک دارسنەوبەرێ،،
خونی ئژاوی وەک گەوهەر ئەبەڕێ،،
کە قەدەکی ناسکی لە ئەبەڕێ..

(ئارسەر ئامبە)

گەر زەریامان لەدەستدا
شیعر/ کاوە عوسمان عومەر

حەسرەتی لەدەستدانی زەریا، وەرینی...
قژی سپی هەورو، خەوزی...
ناو چاوی کچی پایز، ڕەشپۆش...
بە دەروازەکانی وشە و...
کانە مەرگ و..
دوکەڵی تەنیایی..و..
و خوێنی ڕەشی غوربەت

کەواتە شەو، ئەمەی ناوە،
کەواتە زەمین بە ئەمە نامە!
چەندە گەڵکی پەوکەنارە،
بیرکردنی شکۆفە سپیەکانی ئابردوو،
ئەوانەی کە ئیانووت، مەرگ،،
چەند بەرزەخێک دوورە،
ئەوانەی ئیانووت،
گەرانی فریشتەکان،
لە بیانیە ئاتونیەکانا چەند خەمگینە،،
ئەوانەی لەسەربانەکانا...
چاویان بە نەورەسە خەکوژەکان ئەگەڵا

هیچ پاساوێک نیە بۆ ئازاری ڕۆح..و هیچ قفڵێک...
باخچەکانی دڵ کەت ناکا،
هیچ پاساوێک نیە،،
بۆ تەکشکانی ئەسک و پروسکی تاوسکانی...
ئاوێنەی خەیاڵمشی عەدەم،
هیچیش لە ئەشکەنجەی ئەمساتەوەختەمان کەم ناکاتەوە..
سروودی ئیبلیسانەی...
منداڵیەکی لەدەستچوو،
چی کەپیەکم، لەبەردەم خەری سپی..
عیشقتا کە نییت...
چی زیندانەکم بۆ چرپەی نەوتراوت.. و ..
چی زیندانەکی...
بۆ شەو مەڕە شیعریەکانی من

دڕوشی نەو گوزاری نەفرەتین!
ئەو پیاوەدڵشکاوانەی...
لە فەنای ڕەحیانا، سوتان،،،،
هیچ سودەکی نیە،،،
مەمی کەمتەمانی ڕەح...
هیچ سودەکی نیە، گیانەوە...
بە خاڵە سەرەتاییەکانی بوون، با بخەوین...
لە مەرگی ئابردوییەکی خۆشا،،
تەش ئازیز بەدەردی بوونەوە ،،
لەنەو قامیشەلانی زەمانی ئەفسوونا تێپەڕە، ،،
پرچە زیویەکانت...
بهەنەوە بە سوارچاکەکی ڕەشپۆشی عاشق ،
کە هەرگیز ناگاتە جێ..

زستانەکی سەختە گەر بیاربە ...
شەختە جەستەکانی ڕەژەکانمان بهەنەوە !
مراویە شیتانیەکانی پەرتوکی جەنگیش،،
با تێپەڕی بەسەرماناا،،
چی باکمان بە کوشتنە زەرەکانی ڕەحمانە.
چەرخ لەئەدەم،تا بەسیەک...
پەڕەی قاویی یاداشتەکانت بسوتێنە،،
چی کارم بە گەنجینەکە،،
لە گیان..
بە کەنارە ئاتونیە ساردە تەنیاکانا..
بەسەرمبرد،،
هەموو لیرە ئاتونیەکانی خۆشبەختی...
لە چرکە خەوکی کورتا،،
ڕشتمانە کەلەسەری بەشی زەمەن،،
چی سودەکی هەیە...
کلەسای مانگ،،
گەر قەشەکان، لە دەرەکانا،،،،
لە بەزاری نەهاتنی خواوەندا،،
خەیان هەواسی،
مزگەوتی وەرانە، چی ئەبەخشە،،
بە پەریە منداڵە باکراوەکان..
جگە لە خوونی تاڵی سوتان و ڕەحکەشان؟

چەند سەرم دە..
بۆ شەیدای ،،،
لە شەی ئەستێرۆ سپێدەدا،،
گیانی سپارد،،
چەند ژوناکە دەی تە،،،
ئەی ماسسی گری پیری خەشبەخت،،
چەند مەستن، بەستانەوانە سپیپەشکانی..
دوای خونپژانی پەمەیی کازیوە!

لە سپێتی هەور،،
دروستبوە، دەی شیعر، نیگا ئەکا..
هەمی سووری گەکانی نیازی گەانوە،،
بە نیشتمانە لە حەسرەت،،
خەوزە، دەرگا داخراوەکانی تەمەن،،
لەوانیە، شمشاڵژەنی دونەشمان بیرکردبێت..
کە گەیشتینە…
دوا ویستگەکانی جوانی،
سارد و نشیو و ئاەزیش بوو..
ننیوەشەوەک،،
چاوی لەسەر هەنگاوە کانی کەوەی …
خەکانی مەژووی سەاوە بوو،
پەستی رزیوی…
نوەژکەرەکانی ئەوارەی گیاندەرچوون، ،،
کە پەیامبەر هەرنەهات،،
من سەرم، لە وونە،،
لە تونەلە زەرەکانی هەزاران هەسارە،،،
سەرم لەشەواوە،
لە حەسرەتی مرۆڤە بە لانەکانی دنیا.

بزانە ئەی پیاوکوژ، ئەرەش
وەک ئەوەیە، دەزەخە، دەزەخ،،،
هیچ شتەک ناگەە،،
گەر تە ەحە بکەشیت یان نا،،
بزانە دز، چنگی پە گەوهەری مریەم،،
بەهای نیە، گەر دە ببەتە چنگە لمی پیر،،
بزانە ئەی قەشە، پەتای هەستیریای…
ەحە ئەشکەنجەدراوەکان،،

بە تەرتیلەی کۆن و بەشکانت چارە ناکرێ،
ئاینزادەیەکی نزرگەی پیرەز، کوا…
لە پاکژبوونی ڕۆح تەئکا،
لەنێو ئاموسانی…
مانگ و زەریا !

هەموو نێگبەتیەکان لە پشتی بوونیی دەوڵەتەوەن کە ئامرازی سەرکی سیستەمکەیە.. زاهیر باهیر

22/10/2022

کەمن ئەوانەمان کە لە ڕۆی سەرکی دەوڵەت هەر لە دروستبوونییەوە، بەردەوامبوون و پاراستنی خۆی تا دێگاتە لابرددن و هەڵوەشاندنەوەی، تەدێگەین.
دەوڵەت لە هەر جەرکدا بێت بە هەر ناوکەوە بێت ئەو ئامرازە هەرە سەرکییەی سیستەمکەیە کە ئاگریی و بەردەوامدان و بەرقەراربوونی خودی سیستەمکە دەپارێزێت. ئەو دامەزراوەیە کە تەواوی وەزیفەکانی سیستەمکەی لە خۆیدا گردکردەتەوە، ئەو دەزگەیەیە کە بە ئەو نێك کارگەیەکی بچوك تەنانەت کەمپانیایەکی زەبەلاحیش لە بەرانبەر بەگژاچوونەوەی کرێکارەکانیدا ناتوانێت بە هەفتەیەك خۆی بگرێت، ئەو ئیدارەیە کە تەواوی تەواو کەمایەتییەکان و ئابوریەکانی بە خۆی و بە یەکدیشەوە گرێداوەتەوە. ئەو هێکەلە قوچکەیە کە لە سەروی مرۆڤکانەوە خۆی ئاگرتووە و بە ناو هەموو بەشکانی کۆمەڵ و کار شڵەبووەتەوە لەسەر بەرهەمی کار و خوێنی میللەت دەژی . ئەو قەڵایەیە کە پەنای سامانداران و خاوەندارن و زەرداران و چەوسێنەران و …تد دەدات . دەوڵەت ئەو کەلە زلەیە کە دەیەوێت پارسەنگی هەموو چین و توێژاڵە کۆمەڵایەتییەکان بە جەرەك لە جەرکان ئاگرێت، گوایە دەیەوێت ئارامیی و ئاسایش و دادوەری

کۆمەڵایەتیی و هەڵی یەکسانی و ئازادیی هەموان بپارێزێت. ئەو دامەزراوەیە کە پۆلیس و سوپا و تۆپی سیخوڕیی لە خۆیدا کۆکردەتەوە، ئەو دەزگایەیە کە دەتوانێت کارئاسایی بە مامۆڕی ئابووریانە و سیاسیانە و بازرگانیانە لەنگەری دیپلۆماسییەت و دانانی یاسا و هێسا و هێزەکانەوە لە سەر ئاستی نیشتمانی و جیهانیی بە تەواوی خاوەندارانی و سامانداران و بازرگانان بکات. دەوڵەت ئەو بڕا گەورەیەیە کە دوژمنی میللەتەکەیەتی و دژمنی هاوپەیمانی هاودەستانی و دەوڵەتانی دیکەیە، دوژمنی ژیان و ژینگەیە.

دەوڵەت، زۆبەڵاحیی و هێزێکی مۆزوویەکەیەتی کە وای کردووە کە لە پشت هەموو کارەساتەکانی بەشەریەتەوە بێت و سەرچاوەیان بێت.

من لێرەدا ناموێت لە ڕۆڵی دەوڵەت بدوێم ئەوەی سەرەوم هەر وەکو کورتە ناسینێکی دەوڵەت نوسیوە تاکو لەوەو گەر بە کورتیش بێت بچمە سەر ئەوەی کە دەموێت بیڵێم .

ئەوانەمان کە تێزێك لە ڕۆڵی دەوڵەت بزانن ئەوانەی سەرەوە بە باشی دەزانن بۆیە دەزانن گەر خەبات دژ بە دەوڵەت نەبێت هەرگیز نە دەتوانرێت و نە لەژکیشی تێدایە کە دژایەتی سیستەمەکە بکرێت. ئەوانەشمان کە ئەو هێزە گەورەی دەوڵەت نازانین یاخود نایبینن با هەر تەماشای دەسەلاتی هەرێم پایە و مەوقیعەکەی بکەین. بە نموونە لە هەر تێگیرانەکماندا لە لایەن ئێرانەوە، تورکیاوە یاخود هەر وڵات و دەوڵەتێکی دیکەوە بێت یەکسەر پرسیار دەکەین و تۆپ دەبین و دەڵین بۆچی دەوڵەتەکەی هەرێم هیچ هەوەستێکی نییە؟ بۆچی هێگا بە تورکیا، بە ئێران، بە حکومەتی مەرکەزی دەدات کە ئەوە بکات؟ بۆچی پەیوەندی نابێت لەگەڵ تورکیا و ئێراندا؟ بۆچی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بە بە هێزامەندی هیچ دەوڵەت و دەرو دراوسێك و ئەوروپا ئاناگەیەنێت؟ زۆری تر لەم پرسیار و تێگبیرانە بە دەسەڵاتی کوردی دەکرێت.

کردنی ئەم پرسیار و تێگبیرانە لە دەسەڵاتداران مایەی بە ئاگایی وەزیفەکانی دەوڵەتە کە لە سەرەتای ئەم نوسینەدا پێنجەم بە ئاکشان. دەوڵەت بە بە ئەرك و فرمانکانی کە دەستنیشانم کردون بە گومان کە بە پرسی ئەمەیە، ناتوانێت ئیدارەی میللەتەکەی بدات یا ئاستر کۆنترۆیان بکات. گەر بێت و ئەو وەزیفانە بە جێنەهێنێت، ئەو ئەرکانە نەگرێتە ئەستەی ئەوە بوونی وەکو هەیکەلێکی مردوو دەبێت و دەمێنیتەوە.

بوونی دەوڵەت و مانەوەی مەحاڵ گەر لە پەیوەندیدا نەبێت لەگەڵ دەوڵەتانی دەر و دراوسێی و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و ئەوروپا و هەتا جیهانیشدا. ئەمڕۆ وڵاتێك لەم دونیایەدا نییە بە ئەمریکا و

وڵاتانی گۆشکردووی ئابووری دیکۆشۆو سەربەخۆبێت. هیچ وڵاتێك نییە ئابووریەکی سەربەخۆی هەبێت. ئەمریکا بۆو گەورەیی خۆی وابەستەیەکی گەورەی وڵاتانی دیکەیە زۆر زیاتر لە عێراق و ئێران بۆوە . ئەو وڵاتانەی کە پێشتر تا ڕادەیەك ڕەنگە لە ڕووی ئابووریەوە سەربەخۆ بووبێتن کەمبوون و ڕەنگە لە ئەفریقادا بووبێتن بە دانیشتوانێکی زۆر کەمەوە کە بنەڕەتی زیانی کەمایەتیان مانووی پێویندیە کەمایەتییە کۆنکە و تا ڕادەیەك زیانی کەمایەتی و هەروەزیانیان بووە.
گەر تەماشای داهات و بەرهەمی هەندەك وڵاتان بکەیت، بە نموونە بریتانیا لەسانەی 50 کانی چەرخی ڕابووردوودا زۆر زیاتر سەربەخۆیی پێوە دیاربووە لە زۆرێك لەبەروبوومی کشتوکاڵی لە سەرجەمی چێشنی دانوولەکان تا دەگاتە جۆری گۆشتکان تاکو ئێستای. ئەردۆن، میسر 70 ساڵ لەمەوبەر پێویستیان بە هێنانی نێك گەنم نەبوو بەڵکو هێناردەیان دەکرد کەچی ئێستا بە بە هاوردەی گەنمی دەرەوە برسێتی تێیدا بەاودەبێتەوە.
بە کورتی خەڵاتی سەرمایەداریی ئاوای کردووە کە دونیای لە لایەکەوە کردووە بە یەك و بە یەك نەتوانن بژین هاوکاتیش چەوساندنەوە و برسێتی و نەبوونی و جەنگ بە هەموو جۆرەکانی و هەڵکەندنی بڕیارکانیشی بە بەرژوەندی خۆی خولقاندووە تاکو بە بەردەوامی لە دژایەتی یەکدیدا بن و بمێننەوە .
هەرەمی کوردستانیش بەدەر نییە لە وڵاتانی وابەستەی دیکە، ڕەنگە لە زۆر ڕووەوە بەهۆی ئەو هەکارانەی کە هەمومان دەیزانین زۆر وابەستەتر بێت لە وڵاتان یاخود دەوڵەتانی دیکە، بە گومان شوێن و جوگرافیای کوردستان و بەستنەوەی میللەتەکەی بە دەوڵەتانی ترەوە، ئەمانەش بەخۆیان ڕۆڵی وابەستەبوونی زیاتری هەرەمی خولقاندووە.
وڵاتێك کە لەسەر دەریا نەبێت وڵاتێك لە ناوەوە بەستراوەتەوە بە عێراق و دەوڵەتی عێراقییەوە ، لە دەرەوەی خۆشی بە سنوری تورکیا و سوریا و ئێرانەوە، ئەمەش یانی هێناردە و هاوردەی هەموو شتێك تەنانەت فەینی فرەکە بە فڕۆکەخانەکانی دەبێت بە ڕێکەوتن و ڕێزامەندی ئەو دەوڵەتانە بێت، ئەمە جگە لە بوون و وەرگرتنی هەواڵستی سیاسی جیاواز لە وڵاتانی دیکە، ئەگەر هەیبێت، بە خۆی کۆشێکە. لە وەها حاڵەتکدا حکومەتی هەرێم باری زۆر خوارەو دەستی لە ژێر باری دەوڵەتانی دیکەدایە. بە واتایەکی دیکە دەبێت قوربانی بە زۆر شت بدات تا دەگاتە قوربانیدانی خاك و هاووڵاتیانی خۆشی بە حکومەتانی دراوسێ تاکو بوون و بەرژەوەندی خۆی کە بوون و بەرژەوەندی حیزب و دەستکانێتی بپارێزێت. گەر ئەمە تێوانینمان بێت نابێت لامان سەیر بێت کە دەستی دەوڵەتی ئێران و تورکیا و هەتا

دەسەڵاتی مەرکەزیش ئاوا بابەت بە لێناوبردنمان، بەڵکو حکومەتی هەرێم خۆشی بەرگری لە هاووڵاتیانی ناکات.
لەگەڵ وتنی ئەوانەشدا جیاوازییەکی کەم لە هەندێك ڕووەوە لە نێوانی دەوڵەتکەکەی کوردستان و دەوڵەتانی دیکەدا دەبینین. بەهێزیی وابەستەیی حکومەتی هەرێم بۆ دەوڵەتانەوە و بە قوربانیکردنی میللەتکەی و قەبوڵکردنی هەموو سازش و خراپییەك جگە لەوەی کە لە بگرەکانی پێشوودا ناوم هێنان ڕێنگە پێوەندی بۆ گرێبەستە سیاسی و ئابووریەی نهێنانەوش بێت کە لای ئێمە تا ئێستا شاراوەن کە بەوونی هەوەستەك لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە بەرانبەریان ئیمتیازی ئێکجار گەورە و دەسەڵاتیشیان لە دەست بچێت.
ئەنجامگیریی:
جیاوازی هەیە لە نێوانی دەوڵەتکەی کوردستان و عێراقدا، هەر ئاواش جیاوازی لە نێوانی دەوڵەتی عێراقی و ئێرانی و تورکی و ئەورپاوە لەوەی گۆشەی ئابووریەوە ، لە ڕوی پێشوجوونی پیشەسازییەوە هەیە، کە ئێم گۆشەیەش بە خەستی لەسەر سیاسەتی دەوڵەت هەر دەوڵەتەك بێت ڕەنگ دەداتەوە. واتە هەزی سیاسەت و دیپلۆماسییەتی دەوڵەت لە هەزە ئابووریەکەیدا خۆی چەکردەتەوە، چەندەك لە ڕووی ئابووریەوە بەهێز بێت ئەوەندەش لە ڕوی سیاسییەوە بەهێز و دامەزراو دەبێت . لەگەڵ بوونی ئەو بەهێزی و گۆشەی ئابووریەیدا و بەرژەوەندییەکانی بەڵام پرسیارەك لەسەرە ڕەیەتی : قازانجی ئەو گۆشە ئابووریە و بەرژەوەندییەکەی بە کە و بە چ چینەکە؟*
لەگەڵ وتنی ئەوشدا هێشتا ئەو دەوڵەتانە ناتوانن لە وابەستەیی دەرچن. لەم شەڕەی ڕوسیا و ئۆکرانیادا بە باشی گرێدراویان بە یەکەوە و بەگەی وابەستەیی هەموویان بەوی تریانەوە دەردەکەوێت. ئابلوقەی ئابووری لەسەر یەکدی و بایکۆتی کاڵای یەکدی گومانکی سەبارەت بەو ڕاستییە نەهاوەتەوە . ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەتا دەوڵەت و دەوڵەتداریی بەمانەت وابەستەیی دەمانەت هەرگیز خودکیفایەت [ئیکتیفای زاتیی] وجودی نابێت، نەك لەبەر ئەوەی کە ناتوانرێت ئەوە ڕووبدات یاخود ڕووداوی مەحاڵ، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە دەوڵەت و کەمەکان لە چوارچێوەی سیستەمکدان کە مەبەستی سەرکی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی خەڵکەکەی نییە بەڵکو قازانج و سەرمایەیە. ئەوەشی کە ئێمە دەستەبەر دەکات ڕووت و ڕەجاڵی کەمەڵ و بەردەوامبوونێتی، ڕووداوی جەنگ و گرانی و بە کاری و لیستەك لە نەگبەتییەکانی ترن.
بە ڕزگاربوون لە وابەستەیی، ڕزگاری تەواو لە دەسەڵات و دەوڵەت و دەوڵەتمەداریی و کەمەڵی قوچکەیی. واتە ڕزگاربوونە لە پایە هەرە

سەرکیەکەی سیستەمەکە و پایەکانی دیکە و هەزە تاریکەکان کە لە خزمەتی مانەوەی سیستەمەکەدان.
ڕزگاربوونە نەك هەر لە دەوڵەت بەکو لە کۆمەڵی مەدەنی هەنووکە و بکخستنەوەی، کە زۆرێك لە چەپکەکانی دەرەوی ئەوانیش ئاواتەخوازی کۆمەڵی مەدەنی و دەوڵەتی لیبرالن. کۆمەڵی مەدەنی یانی کۆمەڵك کە یاسا سەروەر و بادەست بێت بە چەوساندنەوەی کرێکاران و هەژاران، بە زیادکردنی سەرمایە و سەرمایەداران، بە هەموو ئەوانەی کە پێشتر باسم کردن. کۆمەڵی مەدەنی یانی کۆمەڵك کە تاکەکانی دەست بە کاوکەی خەیاڵ بگرێت و هەقی کەسی نەبێت، کۆمەڵی مرۆڤی دابەاو لە یەکدی و مشتە لە گوێی خاوەنکار و دەوڵەت. کۆمەڵی مەدەنی یانی کۆمەڵی پێشکەوتوی تەکنەلۆجیای پیشەسازیی و کردنی فەردەکانی بە بێبەت، بوونی یاسای خراپتر لە دانانی باجی زۆر لەسەر خەکانی ئاسایی و زەحمەتدانی زیاتریان لەسەر کار و ناحەتکردنی زیاتری ژیانیان، کە زۆر بە چێی پاشکە و وابەستەیە و دوورە لە سەربخەیەوە ، دوورە لەبەیەکەوە ژیانی کۆمەایەتی و هاودەردی و هاوخەشی یەکدیەوە.
ڕزگاربوون لە وابەستەیی سەربخەیە لە دەستبەرکردنی بەیەکەوە ژیانی کۆمەایەتیی و بە کۆمەیکردنەوەی ئابووریە، بە خولقاندنی یەکسانی و ئازادیی بە هەموان و دادوەری کۆمەایەتیی و دەستایەتی ژیان و ژینگە، بە هەوشاندنەوەی کاری کرێگرتە بە دابینکردنی تەواوی پێویستیەکانی تاک، بە دروستکردنەوەی مرۆڤ و بکخستنەوەی کۆمە ، بە دابەانی مرۆڤ و کۆمە لە هەموو خەسەتێکی نەگریسی مرۆڤ و کۆمەڵی هەنووکەی ژێر سایەی دەسەات و سیستەمەکە.

.....

*لە 9/04/2014 وتارێکم لەژێر ناونیشانی " ئایا پڕرسەندن و پێنانە کۆمەگەی مەدەنی بە واتای ئاسوودەیی و خۆشگوزرانیی هاوەاتیەکانتی؟ لەو وتارەدا پێنجەم بە ئەوە ەاکشاوە ، بەیە بە پێویستی نازانم کە چی تر لەسەر ئەوە بنوسم . گەر دەتەوێت وتارەکە ببینیت ، تکایە کرتە لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە بکە :
http://www.zaherbaher.com

•

شەشی ئەستا و بایکۆتی جیهانی کۆماری ئیسلامی.. وەرگێرانی بۆ کوردی کاوە عومەر

دیمانەی خەلیل کەیوان لەگەڵ حەمید تەقوایی

بۆ پشتبەستن بە دەقی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کانادا جدید ئامادەکراوە

خەلیل کیوان: ئێژە لە دوای ئێکێکی زەرتەر دیانەوت حکومەتکان و ئێکخراوە نەودەوڵەتییەکان گوشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی و باوەزخانەکانی دابخەن. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، ماوەیەکە باس لە زەروورەت و ئۆگری بایکۆتی کۆماری ئیسلامی و ئێتکردنەوە و گۆشەگیرکردنی لە جیهاندا دەکات. لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەدا کە ماوەی مانگێک لە دەرەوەی وڵات بەردەوامبوو، لە نزیکەی دە شاردا بەیارنامەیەک سەبارەت بە بایکۆتی کۆماری ئیسلامی خوێندرایەوە و لەلایەن خەڵکەوە پشتوازی لێکرا. ئایا دەکرێت پەونەدی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بپچڕێنرێت و باوەزخانەکانی دابخرێت؟ بە خراترکردنی رێتکردنەوە و گۆشەگیری و بایکۆتی کۆماری ئیسلامی چ رەوشونێکی دیکە دەگیرێتەبەر؟
حەمید تەقوایی، ساڵانێک لەمەوبەر کە باست لە گۆشەگیری جیهانیی کۆماری ئیسلامی و بایکۆتی کۆماری ئیسلامی دەکرد، وەک بابەتێکی سەیر دەهاتە بەرچاو. بەڵام ئێستا زۆر کەس دیانەوت باوەزخانەکان دابخەن و پێوەندییەکانیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بپچڕێنن. هەروەها هەمەتی داخستنی باوەزخانەکانی کۆماری ئیسلامیش هەیە. رێتکردنەوە و گۆشەگیرکردن و بایکۆتی کۆماری ئیسلامی یان داخستنی باڵیۆزخانەکان؟ ئایا ئەم دوو سیاسەتە تەنیا دوو جۆر دەربڕینن؟

حەمید تەقوایی: بەگومان دەرکردنی باوەزکان یان داخستنی باڵیۆزخانەکان پایەیەکی بایکۆتی کۆماری ئیسلامییە و ئەم جموجۆڵ و کەمپینانەی کە ئەوە وتتان دەستیان پێکردووە هەموویان هەنگاوی باشن، هەنگاوی ئەرێنین بە بۆای من، بە ئەوەی بەرەو تەواوبوونێک هەنگاو بنێن و بایکۆتی هەمەلایەنەی ئەم حکومەتە. بایکۆتکردنی تەواوەتی ئەم حکومەتە بە مانای داخستنی باڵیۆزخانەکانی و دەرکردنی باڵیۆز و بەرپرسەکانی لە وڵاتان و ئێکخراوە

نوودەوەتییەکان نییە، بەڵکو داوای ئەوە دەکات کە ئەم حکومەتە لە فەستیقاڵ و بانە و پشبەکە و فەستیقاڵی نوودەوەتییەکان نوێنەرایەتی هەبەت ئەمە ڕەگ ئەو جۆرە بایکۆتەیە کە جیهان ڕووی لەکرد و دژی ڕژەمی ڕەگەزپەرستی ئەفریقای باشوور جەبەجێی کرد. لە دەسپێکی کەمپاری ئیسلامیشدا دەبە بەو ئاراستەیە بڕۆین. بڕۆ بایکۆتکی تەواو و هەمەلایەنەی کەمپاری ئیسلامی لە هەموو ئاستە سیاسی و دیپلۆماسی و وەرزشی و فەرهەنگییەکان. بەگومان داخستنی باڵیۆزخانەکان و دەرکردنی باڵیۆزەکان کە ئەمڕۆ پشنیاز کرا و سەرکەوتنی بەسەردا هات، هەنگاوێکی گرنگ لەو ئاراستەیەدا.

خەلیل کیوان: حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پشتیوانی لەو داواکاریی و هەڵمەتە ئینتەرنەتییە کردووە کە ئاراستەی وەاتانی جی ۷ کراوە، کە تیایدا داوای دەرکردنی باڵوێزەکانی کەمپاری ئیسلامی و داخستنی باڵوێزخانەکانی کەمپاری ئیسلامی و دەرکردنی لە کۆ و کۆبوونەوە نوودەوەتییەکان کردووە. بەچی پشتگیریتان کردووە؟ گرنگی ئەم هەڵمەتە چییە؟

حەمید تەقوایی: دەمەوێت ئەوەش زیاد بکەم کە داواکارییەکی دیکەی ئەم هەڵمەتە ئازادکردنی زیندانیانی سیاسییە. ئەمە دوای کارەساتی زیندانی ئەوین بەاوکرایەوە و ئەم داواکارییەش زۆر گونجاوە.
بەڵێ وەک وتتان ئەم هەڵمەتە داوای دەرکردنی باڵوێزەکانی کەمپاری ئیسلامی لە وەاتان و کاربەدەستانی لە دامەزراوە و ڕێکخراوە نوودەوەتییەکان دەکات. بەگومان ئەمە خواستی ئەمنیە و خواستی هەموو خەڵکی ئێرانە، ئەوە ئاواتی شەشە کە خەریکە شەوەی خەی دەگرێتەوە. هەروەها دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەم بابەتە لە وەاتیشدا قسەی لەسەر دەکرێت. کێشەکە تەنها لە دەرەوە نییە. هەمان کەمپین کە باست کرد زۆر کەس لە ناوخەی وەاتەوە واژەی لەسەر کراوە. ئەمە هەنگاوێکی گشتییە. هەروەها حیزبی ئەمەش پشتیوانی خەی بە ئەم بزووتنەوەیە ڕاگەیاند و بانگەشتی خێک کرد کە بەشداری ئەم هەڵمەتە بکەن. بە بۆای من ئەمە هەنگاوێکی گرنگ بە دوورخستنەوە و دابەاینی کەمپاری ئیسلامی لە کەمپگای جیهانی لە هەموو ئەو ئاستانەی کە باسم کرد.

خەلیل کیوان: کەمپینێک لەلایەن ژمارەیەک سینەماکار لە سوید بە داخستنی باڵیۆزخانەی کەمپاری ئیسلامی لەم وەاتە دەستپێکردووە. چەن بیر ئۆکەیتەوە دەربارەی ئەمە؟

حەمید تەقوایی: بزووتنەوەی شەشگەی ئێستای ئێران ئەم

تایبەتمەندییە ئەرێنی و زۆر ئومێدبەخشەی هەیە کە سەرنجی هەموو لایەکی جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. بەیە سروشتییە هەموو جۆرە مۆجلیسێک، هونەرمەندان، سینەماکاران، حیزبەکان یان سەندیکاکانی کرێکاری و هتد، بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندان و مانگرتنی شارەکانی ئێران بڕنە مەیدان. ئەمە سیمایەکی شۆڕشگێڕانەیە، وەک شۆڕشی ئێستای ئێران، کە سەرنجی هەموو مرۆڤە ئازادیخوازەکان و هەموو ڕێکخراو و کۆمیتە پشکۆتنخوازەکان و ئەوانەی ئیدیعای مافی مرۆڤ و هاوشێوەکانی دەکەن، بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و هەمووان دەیانەوێت کارێک بکەن. ئەم کارەی سینەماکاران بۆ داخستنی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سوید یەکێکە لەو کردارانە. لە هەموو وڵاتان چاوەڕێ بکەین و هەوڵ بدەین ئەم جۆرە گروپانە، ئەو جۆرە ناوەندانە، ئەو جۆرە دامەزراوەیانە بڕنە گۆڕەپانەکە و ناڕەزایی دەربڕن. پرسی بانگەشەکردن، داواکردن یان کێکردنەوەی واژە تەنیا لایەنێکی باباتە. خەبات شکۆ و شێوازی جیاوازی هەیە، یەکێک لە گرنگترینیان ئەوەیە کە نێک تەنیا ئێرانیەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات، بەڵکو خەڵکی ئەو وڵاتانەش کە خەڵکی ئازادیخواز و پشکۆتنخوازن، لە وڵاتانی دیکەشدا کە ڕێکخراون و دەنگیان هەیە ، ئێرگانێکی هەبێت، و سەکۆیەکی هەبێت، چالاک بێت و پەیوستە بە دەنگی بەرز ڕایبگەیەنن کە ئەبێت کۆماری ئیسلامی لە جیهاندا نەمێنێت بکرێتەوە و باڵیۆزخانەکانی دابخرێت و هتد. بەیە پشێوازی لەم کردارەی سینەماکارانی سوید دەکەم و هیوادارم لە وڵاتانی دیکەش کردەی هاوشێوە ببینین.

خەلیل کێوان: بەیارە ڕۆژی شەممە ٢٢ی ئۆکتۆبەر، لەسەر بانگهێشتی کۆمەڵەی خەزانی قوربانیانی فەڕکە ئۆکرانیەکە، گردبوونەوەیەکی گەورە لە بەرلین بەڕێوەبچێت. ئەم گردبوونەوە چ کاریگەرییەکی لەسەر بایکۆتی کۆماری ئیسلامی دەبێت؟

حەمید تەقوایی: هەرەها حیزبی ئەمش پشتیوانی خۆی بە ئەم گردبوونەوە ڕاگەیاندوە. ئەم گردبوونەوەیە لە بنەڕەتدا بە دەستپێشخەری بنەماڵەی قوربانیانی فەڕکە ئۆکرانیەکە پێک هات و حامید ئیسماعیلیون وەک وتەبێژی ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە بانگهێشتکردنی ئەم بزووتنەوەیەدا. هەرەها بەشداریەکی بەرفراوان لەم گردبوونەوەدا دەکەین. بەڵای من لایەکەوە ئەمە درێژەی ئەو خۆپیشاندانانەیە کە لەماوەی مانگی ڕابردوودا لە دەرەوە هەمانە، بە چەند دیان هەزار کەسی، و بە گشتی چەند سەد هەزار کەسیمان هەیە. ئەم ڕەهەندە بەرفراوان و گشتگیرە یەکێکە لە

خاڵە گرنگەکانی ئەم خەباتەیە، کە هیوادارم دوای ئەمە بە هەندێکی فراوانتر بەردەوام بێت. لە لایەکی دیکەوە ئەو تاوانبارانەی کە حوکمڕانی دەکەن، پرسکەیان کردووە بە پرسکی بەپەلە و زەرگرنگ. بە رزگارکردنی ژیانی خوێندکاران، مندااڵان، زیندانیان، کەسانێک کە لە شەقامدا هاوار دەکەن و داوای مافەکانیان دەکەن، پەیوستە هەنگاوەکی خێرا بگیرێتەبەر بە رزگارکردنی گیانیان، هەروەها ئەو ئێرانیانەی لە دەرەوەی وڵات دەژین، هەست دەکەن کە پەیوستە بەشداریەکی کاریگەریان هەبێت لەم خەباتەدا. ناتوانن تەنها سەیری بکەن، یان زەرترین پشتگیری لە سۆشیال میدیا بکەن، یان تویت بکەن و هتد. ئەمە بە هیچ شێوەیەک بەس نییە. ئەم جۆرە ڕەوشونانە وەک ئەم بانگەوازە لە بەرلین یان هەمان کەیسی بایکۆت ئامانجێک، دەربڕینێک لە خود و توانای خەنیشاندان دەداتە ئێرانیەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات و خەڵکی وڵاتانی دیکە کە هاوسۆزی و یاوەرین و دەیانەوێت هاوسۆزی ڕابگەیەنن. گردبوونەوەی چە لە بەرلین یەکەکە لەو هەنگاوانە کە دەتوانێت ژمارەیەکی زەر لە ئێرانیەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات و خەڵکی وڵاتانی دەرەوە بەشدار و چالاکیان بکات بە ئەوەی دەنگیان لە جیهان و لە گوێی خەڵکی ئێراندا ببیسترێت. لە بەرامبەردا پەموایە ئەمە کاریگەری ئەرێنی دەبێت لەسەر درێژەی خەپیشاندان و مانگرتنەکان لە ئێران، چونکە خەڵکی ئێران درک بەوە دەکەن کە جیهان لەگەڵیاندایە و بە خەپیشاندانی چەند دەیان هەزار کەس، سەدان هەزار کەس خەڵک پشتگیریان دەکەن، ئەمەش کاریگەرییەکی زەر گرنگی دەبێت لەسەر بەردەوامبوونی ئەم شەپۆلە کە پەکهاتووە و بەرەو پەشەوە دەچێت.

خەلیل کیوان: بە خەراکردنی ڕەتکردنەوە و گۆشەگیری و بایکۆتی کەماری ئیسلامی چ ڕەوشونکی دیکە دەگیرێتەبەر؟ ئەوە لەم دواییانەدا لە بانگەوازکدا بە خەڵکی دەرەوەی وڵات جەختتان لە هەوڵکان بەرەو بایکۆتی جیهانیی کەماری ئیسلامی کردەوە. ئەوەتتان کە خەپیشاندانکان ئاگرچی کاریگەرن بەڵام بەس نین بە جێبەجێکردنی بایکۆتی کەماری ئیسلامی و جەختتان لەسەر پەیوستیی ڕەوشونی زیاتر کردەوە، لەوانە دانیشتن و ئامادەبوونی بەردەوام لەبەردەم پەرلەمان و ناوەندە حکومییەکان لە شار و وڵاتە جیاوازەکان. ئایا دەکرێت هەموو هێزێک بزووتنەوەیەکی بەردەوام بکبخرێت؟ وە لەوەش گرنگتر ئایا ئەم کردارە لە ئامانجی بایکۆتی کەماری ئیسلامی نزیکمان دەکاتەوە؟

حەمید تەقوایی: ئێگەم بدەن خاڵی یەکەم ڕوون بکەمەوە کە تا ئێو شونەی پەیوەندی بە داواکاریی وەها بانگەوازکەوە هەیە، داوای بایکۆت بکرێت بە دانیشتن و گردبوونەوە لەبەردەم ناوەندەکانی حکومەت، پێش ئێوەی بچینە ناو گونجاو بوونکەیەوە، بەبۆای من گرنگ ئێوەیە کە کێش و هەوای ناڕەزایەتی لە دەرەوەی وڵات بەتەواوەتی داوای ئەم دەکات. پەم وایە بۆپلەیی و زەرووڕەتی ئەم سەرقاڵبوونی زەرەک لە ئەرانیەکانە کە لە دەرەوەی وڵات دەژین. لە پەیامەکەمدا وتووم کە ئەم پێش هەموو شتێک هەستەکە، ئێو هەستەیە کە دەبێت لە دەرەوەی وڵات هەنگاوی کاریگەر بگرینە بەر و تەنیا خۆپشاندان و هاوارکردنی دروشم بەس نییە. هەموو ئەمانە باشن و تەنانەت لەسەر خەباتی ناوخۆی ئەرانیش کاریگەری ئەرێنی هەیە، بەڵام پێویستە لەگەڵ ئێوشونی دیکەدا تێکەڵ بکرێت. ئەم دەبە ئێگەچارەیەک بە ئەرانی ناڕازی لە تاراوگە و هەروەها خەڵکی دانیشتووی وڵاتانی دیکە نیشان بدەین کە دەیانەوێت پشکێکیان لەم شۆڕشە ڕزگارکەردا هەبێت کە ئێستا فراوان بووتەوە، داخوازی و ئامانجێکی دیاریکراو دابنێین کە دەتوانرێت بەدیبهێنرێت و کاریگەر بێت. خەڵکی ئەران لە نێوخۆی وڵاتدا سەرقاڵی ئەرکی ڕووخاندنی کەماری ئیسلامین، پرسیار ئێوەیە چۆن ڕووخاندنی کەماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات بەرەوپێش ببەن. بە واتایەکی تر چۆن دەکرێت کەماری ئیسلامی لە دەرەوەی ئەران بە شێوەی ئێمزی ڕووخێنرێت؟ پەم وایە دەتوانرێت ئەم بکرێت. دەتوانین وا بکەین کەماری ئیسلامی کە ئێت بکرێتەوە و گۆشەگیر بێت. ئەگەر کەماری ئیسلامی وەك حکومەتی ئەران نەناسێنرێت، مانای ئەوە دەگەیەنێت که کەماری ئیسلامی تەنها له جوگرافیای ئەراندا سنووردار کراوە و کەسکی دیکه دانی پێدا نانێت. لانی کەم لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کە دەزانین خێرێک لەو ئاراستەیەدا چالاکترن، دەتوانین ئەم کارە بکەین. ئەمەی خەڵکی دانیشتوو له دەرەوەی وڵات، به هاوکاری خەڵکی وڵاتانی دیکه که ئێوانیش هەر دەیانەوێت پشتیوانی له شۆشی ئەرانیش بکەن، دەتوانین کردارێکی دیاریکراو بخەینه سەر مێز، کارنامەیەکی دیاریکراو بخەینه سەر مێز، بەڵین دەتوانین و دەبێین بە بایکۆتی کەماری ئیسلامی. وەک ئێو نموونەیەی کە باست کرد دەربارەی سینەماکاران لە سوید. دەکرێت لە ئێمانیا و وڵاتانی دیکەش ئەم کارە بکرێت. هەوڵی ئەم ئێوەیە کە ئێو دروشم و داخوازی و بانگەوازانەی کە لە بەرلین دەدرێن بایکۆتی کەماری ئیسلامی تەدا بووروژێنرێن بیکەینەجێگەی سەرنج. و ئەمەش لە هەموو خێپشاندانەکان و لە هەموو شارەکان دەکرێت. وەک لە پێشکیدا وتت، ئێستا بەیارنامەی بایکۆتی کەماری ئیسلامی لە نزیکەی دە شار خوێندراوەتەوە – ئێگەر هەبێ نەبم- و

لایەن خەپیشاندەرانەوە پشتوازی لێکراوە. ئەم یەکێکە لە هێگاکان. هێگایەکی پراکتیکیتر و کاریگەرتر کە زۆر کەس دەتوانن تێیدا بشدارین، کابووناوەی هێزانیە لە بەردەم ناوەندەکانی حکومەت، لە بەردەم پەرلەمانەکان، کە دەتوانێت شۆڕەی پێناگرتن بێت. ئەگەر هەموو هێزێک کەمەک ئیرانی لە بەردەم پەرلەمان کەبنەوە، بە نموونە لە ستۆکهۆلم، لە بەرلین، لە لەندەن و لە شارەکانی دیکە، هەروەها لەو شارانەی کە پایتەخت نین، لەبەردەم ناوەندەکانی حکومەتدا، دەبێ دەقێک بدەن بە زمانی ئەو وڵاتە بە دەستەات و داواکاری تەنانەت ئەگەر باوەزخانەی کەماری ئیسلامی دابخرێت و لایەن کەمەگەی نوودوەتییەوە رێتبکرێتەوە، ئەم دەتوانێت ڕەوشەنێکی کاریگەر بێت کە لە لایەکەوە ئامانجێکی دیاریکراوی هەمەتی بە ئەمەی ئیرانیەکانی دەرەوەی وڵات دەبەخشێت، و لە لایەکی دیکەوە دەتوانێت تەواو کاریگەر بێت. لە هاستیدا چەندە لە ئەم ئامانجە نزیک دەبینەوە، هێزی دیاریکەری شەشە لە ئیراندا. ئێستا زیاتر لە مانگێکە کەمەگا لە گۆڕاودایە. درۆزەدان و فراوانبوونی ئەم بزووتنەوەیە گوشار دەخاتە سەر حکومەتکان بە بایەتی کەماری ئیسلامی و تا هادەیەکی زەریش ئەمە پشتر هوویداوە. ئێستا ئەباماش ناچارە داوای لەبوردن بکات کە لە ساڵی ١٣٨٨دا هەوەستی دروستی نەگرتنەوە و بایدنیش بە پشتیوانی لە خەباتکانی گەلی ئیران قسە دەکات. پەرلەمانکانی ئەورووپا وەک یەکێن، سەرەک وەزیران و سەرەکەکان وەک یەکن. بە وشە، ئەوان بەو ئاراستەیەدا دەڕۆن، چونکە بارودۆخ و کەشی گشتی لە جیهاندا داوای ئەمە دەکات.

لە لایەکی دیکەوە ئیرانیەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات هەست بە بەپەلەیی دەکەن کە دەبە کارەکی کاریگەر بکەین. ئەم دووانە پێکەوە دابنە ئەوا تەدەگەیت کە ئەمە دەکرێت. دەکرێت بکرێت و بە هەموو هێزەکەوە هەوە دەدەین کە ئەمە هووبدات و گردبوونەوە و دانیشتنی هێزانەمان لەبەردەم پەرلەمان و ناوەندە جەربەجەرەکانی حکومەت لە وڵاتە جیاوازەکان دەبینین و با بەخەرایی بچینە ئەو دیوە کە کەمار ئیسلامی لە دەوخەنێت لە دەرەوەی وڵات.

خەلیل کێوان: زەربەی جەختکردنەوەکانی ئەوە لەسەر ئەو کارانەیە کە دەتوانرێت لەسەر ئاستی نوودوەتی و دەرەوەی وڵات بخرێتە دەستوری کارەوە. چالاکوانان و دامودەزگا ناوخەییەکان دەتوانن لەم هووەوە چی بکەن؟

حەمید تەقوایی: ئێستا سنوورەکی وا لە نێوان ناوەوە و دەرەوەدا نییە. پشتر باسەک هەبوو کە دەبە لە ناوەوە بین بە ئەوەی کارەک

ڕەمانی فرەدەنگ لە بڕگەمار چیرۆکی وردووردی جیاواز پێک دێت، کە بە دەربڕینی (دولووز) هاوڕێگن، بەڵام لە یەک جیاوازن، بە تایەک ناکرێت چیرۆکێک بەسەر ئەوەی دیکەیاندا زاڵ بکەیت، بەڵام لە ڕەمانی تاکدەنگدا گوتەی ئامادەکراو هەن و بە زمانی ڕەڤانە دەربڕاون، کە وەک یەقین لە دەمی نووسەرەوە دەردەچن و بە خوێنەر دەگەن. لە ڕەمانی فرەدەنگدا کەمێک قیبڕەی جیاواز دەردەکەون و هیچ یەکەیان جگەی باوەی تەواو نییە، بەوەی دەکرێت بە هەڕدا بچن، یان تەنیا دیوەکی ئەو بابەتە ببینن، کە دیگەنەوە، یان نەتوانن بە دروستی بیگەنەوە، یاخود هەر شتێکی دیکە، ئەوە خوێنەر بە گومانەوە لە هەموویان دەوانێت و بە لێکدانەوەی خۆی وێنەیەکی گشتی لە سەرجەمیان پێک دەهێنێت، لە کاتێکدا ڕەمانی تاکدەنگ، دەنگی نووسەری بەسەردا زاڵە، دروستتر تەنیا دەنگی نووسەری تێدا دەبیستێت، کە هەمان دەنگی زانراوی جەماوەرە، بەبێ ئەو خوێنەرە بەبێ هیچ گومانێک باوەی پێ دەکات و لێی وەردەگرێت. بەپێی پرینسیپی (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی) داڕێژراون و پرینسیپی (هۆکار و ئەنجام) هەڵیاندەسووڕێنێت، کە فەلسەفە لانی کەم لە (نیتشە)وە ڕووبەڕووی ئەو دوو پرینسیپە بووەتەوە و هەوڵی تێکشکاندنی داون. جەماوەر لەو ڕەمانەدا ئەوە دەدزێتەوە، کە بە دوایدا گەڕاوە. شاگەشکە دەبێت و دەتوانێت لە بڕی بکات، یان بە

دەربڕینی (هێنری برگسۆن) ڕاستەوخۆ دژێتە یادەوەریی عادەتی (habits memory)ی ئەو جۆرەوە و بە ئاسانی دەیڵێتەوە. ڕەخنەگری میللییش، کە خاوەنی توانایەکی سنووردار و لەسەر هەمان هێدا هەم بە ڕەماننووسی تاکدەنگ و هەم بە جۆماوەری ئەو ڕەماننووسە دەگاتەوە، بە هەمان زمانی ڕەژانە پێیدا هەدەڕێت. ڕەمانەکە کورت دەکاتەوە، بەوەی لەسەر یەک بیرەکەی زانراو دامەزراوە و بە کورتکردنەوە ئامادەیە، تا لەوەوە وەک داهێنانێکی مەزن پێشانی بدات. ئایا هەمان ڕەخنەگری میللی دەتوانێت ڕەمانی یەکە لەو ڕەماننووسە فرەدەنگانەی ئاماژەیان پێ درا، کورت بکاتەوە؟ دیارە لێرەدا بە شێوەی ڕەها ناڕەین ڕەمانی فرەدەنگ گوتەی لە وەرناگیرێت، بەڵکوو دەڕەین کورت ناکرێتەوە و ئەو گوتانەی ڕەخنەدەزانیش لەی وەردەگرن، زۆق و زانراو نین، بەڵکوو لە ئاستی ئاماژەدان، لە کاتێکدا جۆماوەر هەم دەتوانێت ڕەمانی تاکدەنگی ڕەماننووسە جۆماوەرییەکان کورت بکاتەوە و هەم گوتەیشیان لە وەربگرێت. ڕەخنەگری میللی جاێ مەیبەلایزەیشن بە نووسەری ڕەمانی تاکدەنگ دەدات، تا جۆماوەری بە کە بکاتەوە و بەرهەمکانی بکەن. بە ئەم مەبەستە مەدیای حیزبی و ناحیزبیی لە پێناودا دەخاتە گەڕ. بەم شێوەیە ڕەمانی مەزن ئەوەیە، ئەو جۆماوەرە زیاترین ژمارەی لە کەیوە و زۆرترین گوتەی لە وەرگرتووە. ئەوەی ئەمڕۆ ڕەمان هەدەسەنگێنێت، جۆماوەرە، کە ڕەمانی ڕەماننووسی تاکدەنگ خۆی ڕەی داون هەیبسەنگێنن. لە گوتاری (لە ڕەخنەگر کەیوە بە ڕەخنە چیە)دا هەوەم داوە ئەوە پێشان بدەم، کە هەسەنگاندن بریتییە لە گەینی نووسەر لە سەبجێکتەوە بە ئەبجێکت. واتە نووسەر بە هەی بەرهەمکەیەوە دەکرێتە بابەتێک بە هەسەنگاندن. هەموو تواناکانی لە دەسەرنەوە و لەم ساتەوە خاوەنی زمان نییە. ڕەماننووسی تاکدەنگ هیچ کێشەیەکی لەگەڕ ئەو هەسەنگاندنەدا نییە، بگرە هەوەی زۆر دەدات ئەو جۆماوەرە هەیبسەنگێنن.

———

بە نووسینی ئەم بابەتە، گفتوگۆ لەگەڕ ئەم کەناڵانەدا کراوە:

_ Lodge, David, The Art of Fiction, London, Penguin, 1992.

_ Todorov, Tzvetan, Mikhail Bakhtin The Dialogical Principle, Translated by Wlad Godish, Manchester University Press, 1984.

_ Nietzsche, Friedrich- On the Genealogy of Morals,

Translated by Carol Diethe, Edited by Keith Ansell-Pearson, .Cambridge Texts in the History of Political Thought, 2007

_ Deleuze, Gilles, Nietzsche and Philosophy, Translated by .Hugh Tomlinson, Continuum, LONDON – NEW YORK, 2002

_ Foucault, Michel, The Order of Things, An archaeology of the human sciences, A translation of Les Mots et les choses, VINTAGE BOOKS, A Division of Random House, Inc. New York, .1994

_ Intellectuals and power: A conversation between Michel :Foucault and Gilles Deleuze. Available at

https://libcom.org/article/intellectuals-and-power-conversation-between-michel-foucault-and-gilles-deleuze

_ بارت، رولان: درس السيميولوجيا، ترجمة: عبد السلام بنعبد العالي، تقديم: عبد الفتاح كيليطو، دار توبقال للنشر، الدار البيضاء، الطبعة الثالثة، ١٩٩٣.

_ ﻫەمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ، گفتوگۆی شاخەوان سدیق لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسووردا.

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، کوشتنی فیل و پاراستنی دووکانی شووشەوات. (کتێبی ئەلیکترۆنی).

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، ڕاگەردان، پاشکۆی بەرهەمکانم. (پێشکیەکی).

_ کاکەسوور، کاروان عومەر، لە (ﻫەڵخەڵگر کێو)وە بۆ (ﻫەڵخەڵ چیێ). (لە وەڵامی پرسیاری تەوەرێی ژنەفتندا).

زنجیرە وتاری نووسین بەرەو نووسینی.. ڕوو لە چی بکەم..

سەردار جاف

ماوەیەکە دەستت بە جۆرە نووسینێک کردووە، نەک خۆت ساغ نەکردەتەوە بگرە شەرم دەکەی نیشانی کەسانی شارەزا و بە ئەزموونیشی بدەی، هەر خۆت دەخوێنیتەوە، دڵشۆ هەکارەکەی ئەوە بێت نەتتوانی بێت ڕەچەڵەی خۆت بدەزیتەوە، بە ئەو مەبەستە و یەکلابوونەوەی خۆت دەتوانی لە بواری ئەدەبدا لە هەر ڕەچەڵەکدا شتێک بنووسیت، هەر لە شیعر و چیرۆک و نووسینی پەخشان و پەخشانە شیعر کە لای کورد سەرەتا هەر پێنا بە ئەم لایەنانە دەبرێت، وەک خۆ تاقیکردنەوەیەک بزانیت لە کامیان جوانتر دەنووسیت، ئەوەی کە لای تۆ ترۆپک و زۆر ناوازەیە هەرچیەکت نووسیوە ، دەتوانی شەرم لە خۆتدا تووە بدەیت و ڕوو لە کەسکی شارەزا بنێیت و بەرهەمەکەی نیشان بدەیت و ئاستی خۆت پێ بڵێ و ڕەچەڵەت بدەزیتەوە، کاتێ ئەوەی خۆت بە ترۆپکی نووسین دەزانی دوای نیشاندانی پسپۆرە لەو بوارە بێت دەردەکەوێت چەند هەژاری لە نووسین بەدەم کەوە مەدەڵ، لای کوردیش زۆرتر و زیاتر پێنا بە شیعر دەبردرێت، تاکی نا ئاشنا بە بواری ئەدەب پێی وایە شیعر لە هەموو ساناترە، بە دیدی من پێچەوانەکەی ڕاستە، شیعر دونیایەکی زۆر قوڵی هەیە و بە زەحمەت مرۆڤ ئاشنای دەبێ، جا لە بەر ئەوەی زۆربەی گەنجان پێنا بە شیعر دەبەن کە ئەوەیش هەکاری خۆی هەیە، دەبین لە شیعرەوە دەست پێ دەکەین.

بەڵای من ناکرێ بتوێ ببی بە شاعیر، هەست و گوێی مۆزیکت نەبێ، کەواتە بەر لە هەموو شتێک کە هەست بە بەهرەیەک لە ناخت دەکەی بە شیعر هەر خۆی لە خۆیدا هەستە مۆزیکەکەت بە دەخوەقەت بەدەم بە هەی ئەوەی هەندە هەزت لە شیعر نووسینە گوێ بە هەستە مۆزیکییەکە نادەی چونکە سەرەتا هەروا دەبیت، دواتر تەدەگەیت مۆزیک چەن بنکەی کردووی و بەئاگای لە خود، شیعر نووسین تەنها بە زەر وشە ڕەزکردن و سەروا ڕەکخستن نییە، لە ڕووی بیرکردنەوە شیعر پابەندبوونی بەسەرەوە نییە وەک وتنەکەردن و پێکەرتاشی، وەلە بنچینە و ڕەچەڵەکی هەیە کە داوا دەکات خۆیان بەرفراوانکەتی پێوە پابەند بکات، لەوانە هونەری کێش و سەروا، جا بە شارەزا بوون لەم هونەرە چەندین ڕێگە هەیە، کە پێشتر و لە کلاسیکدا شەوی عەروز و بەحر بووە، کە ئەمیان دونیایەکی جەنجاڵە و بە تەی سەرەتا

دەستپێک نەخاسمە لەم سەردەمی پێ تەکنەلۆژیایەدا، وا بەسانایی ناچیتە ژێر باری و ئۆگەر هانیشت بدەم یان بە مەرجی پێشوەختی دابنێم و بە ئاشنا بوون بە عەرووز ناکرێ شیعر بنووسیت ئەوا دنیات لەدەتەوە یەک و پێشیمانت دەکەمەوە، بە خەتیش ئۆگەر دەتەوی بچیتە نەو ئەم دنیایەوە ئەوا دەکرێ کتێبەکەی (ڕەوانشاد عەزیز گەردی بە ناونیشانی؛ رابەری کێشی شیعری کلاسیکی کوردیت) دەست بکەوێت و بە وردی خوێندنەوەکی سوود وەرگرتوو بیت.
بە تێپەڕینی کات گەلان و داهێنان لە شیعر نووسیندا کراوە و ئەم گۆڕانکارییەیش سانایی بە ئەمە ڕەخساندووە، لەوانە کێشی هەژماری بۆگۆ بە پێنجە، بە سەرەتای تە ئەم شێوازە زۆر لە بارە دەبە شارەزا و ئاشنا بیت، ئەمەیش دەکرێ بڵێین تە لە بازاڕ سەوت دەکەیت و دەتەوە هەناریش بکەیت بە کابرای دوکاندار دەڵێی؛ کیلۆکەت لابە ئەو سەوەی کێشاوتە بیکە لایەکی تەرازووەکەت بە بارتەقای ئەوە هەناریشم دەوێ، لە نووسینی شیعری کلاسیک دەڵێی یەکەمت چەند بۆگۆ بوو پێویستە تەواوی هەموو بەیت و دەڵێکان هەمان بۆگۆ بن بە هەمان دابەشبوونییەوە، بە نمونە :
ئۆگەر دە بۆگۆیي بوو ، دابەشکردنەکەی وا پێیەو بکە ؛
٥ + ٥ = ١٠ ، دەبێ هەتا تەواو بوونی شیعرەکە بەم جۆرە بۆێت لە کۆتایدا هەست بە تام و چێژی شیعرەکە دەکەیت.
یان ٣ + ٣ +٤ = ١٠ ئەمەیش بە هەمان شێوە یان ٤ ٤ + ٢ = ١٠ بۆگۆیی . ئیدی بەو جۆرەی خەت دەتەوە بە هەر یەکە لە دەڵێ شیعرییەکان کە ٨ بۆگۆیی ١٢ بۆگۆیی ١٤ بۆگۆیی یاخود ١٦ بۆگۆیی هەرچەن مەبەستت بێت،
بە شیعری ئازادیش، بۆگەکانی ، سێ و چوار و پێنج بە قەناغی تە باشن و لە سەری بڕدەوام بە، ئۆگەر سێ بۆگۆیت هەبێزارد ئەوا گۆڕەکە دەڵێکانی شیعرەکەت چەنجارەی سێ بن، واتا بۆگەکانی هەر دەڵێکی شیعرەکەت دابەشی سێی بکەی هیچ نامێنێتەوە، دواتر کە بە تەواوی ئاشنای شیعر و مۆزیک بووی ئیدی مۆزیک دەبێتە پێوەری ڕێکخستنی دەقی شیعریت.
کارێکی دیکە کە زانستیانەو ئەکادیمیانەیە نێک بە تەنها بە شیعر بە تەواوی هەر باسێک بینووسیت، پابەند بوونە بە یەکە لەو نموونانەی لە هەر بەشێکی زنجیرە نووسینەکانمان ئاماژەی پێدەدین ئەمجارە باس لە نموونەی سوالیز دەکەین. جیهانی نووسین تایبەتمەندی خۆی هەیە: نووسین ئامانجێکی تایبەت بە خۆی هەیە، گەڕەکە میکانیزمی بڕدەوامی خود لە گەڵ کەمەڵ هەبێت، کار بە گەیاندنی زانیاری بکەیت، ئەو ئەزموونە ژیانییەی خود بە هەڵ بقەزیتەوە و بیگەیەنیتە خوێنەر، نووسینی دەقەکانت هەمیشە بە

جوانی بخۆو " ئەمەیش زمان ڕێی تێدا دەگۆڕێت" بەم جۆرە ئاشنایەتی باش لە پسپۆڕی نووسین بۆ دەست دەنیت. چۆن ئەم حاڵەتانە دێتە بەرهەم ((لە سوالیز دەبە باکگراوندکی باش لە ئەبستمۆلۆژیدا هەبێت تا بتوانێت مەبەستەکانت بۆ ئاراستەکان بگەیەنێت، دەسپێکی نووسین لە بیرکە پاشخانکۆ دەست پێدەکات، ئەم پاشخانە کۆکەی نووسینە، دەروازەیکی باشە بۆ مەشقکردن لە سەر دەربڕین و تازەگەری خوێقاندن، هەر بیرکەیەک بۆ کەمەڵە بیرکەمان پاڵکەش دەکات کە خوێنەر بۆ چۆژۆ پێشوازی لە دەکات و دەبێتە بەشدارێکی کارا لە ژانرەکەت، چونکە هەست بە ئاسوودەیی دەکەی کە پێشوازیکەر لە نووسینەکەت هەیە، زنجیرە بیرکەی تازە و ڕێکخراوترت پێشکەش دەکات، واتا؛ پاشخان بەرۆو دوو ئاراستەت دەبات، ئاراستەی یەکەم ڕووۆو دەقی کەن بۆ نووسراو و وتنۆو، لۆۆ بۆ کۆکبوونی زانیارییەکانی وتاربۆژی لە لایەک و لە لایەکی دیکە بەرۆو هەنگاونانت دەبات، لەم هەنگاوۆو بۆ ڕێکخستنی گشتی بۆ هەمان شۆو لە کۆکەی بوونیشۆو بەرۆو ڕێکخستنی گشتی دەچیت لۆشۆو بۆ شۆواز یان ڕەچکەی خەتت دەبات. ئاراستەی دووەم لۆو پاشخانە ئەبستەلۆژییەو بەرۆو شارەزایی کەنت دەبات لۆشۆو بۆ دوو لا یەکێیان بۆ هەنگاونانت دەبات و لە گەڵ ئاراستەی یەکەم یەکدەگرنۆو، لۆشۆو بۆ ڕێکخستنی گشتی دەچیت، لایەکەی دیکە بەرۆو چەمک و ڕاستییەکانت دەبات پاشان لۆیشۆو بۆ ڕێکخستنە ناوەڕۆک و دواتر ئەم ئاراستەیە بەرۆو ڕوت یان ڕەچکە دەچێت و هەردوو ئاراستە دەبێتۆو بە یەک وەک ئەم خشتەیەی لە خوارۆوەیە.....



سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە ؛

١ – سوالیز (١٩٩٠) تحليل النوعى ، اللغة الأنجليزية في الجلسات الأكاديمية و البحتية ، نيويورک، صحافة جامعة كامبردج.
٢ – مدكور – علي أحمد (٢٠٠٧) طرق تدريس اللغة العربية ، عمان دار المسيرة .

بیرەوەرییەکانی د. سالار باسیرەم خوێندەوە.. هیوا ناسیح

بیرەوەرییەکانی د. سالار باسیرە بە ناونیشانی (ژیانی من لە نێوان بەردارشی نیشتمان و تاراوگەدا)م خوێندەوە، کە ئەمسا لە باشوری کوردستان و بە قەبارەی ماماوەندی و ٢٠٠ لاپەڕەییدا بڵاوکراوەتەوە.

ناوبراو لە ناوەڕاستی سەدەی پێشوودا لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، قۆناغی منالی و هەرزەکاری و سەرەتای گەنجی لەو شارە بەسەر بردوە. ئەوەی چیرۆکی ژیانی ئەم کەسایەتییە لە زۆری تر جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە خۆزانی ئەمان چونکە لە ڕۆژهەاتی

کوردستانەوە هاتونەتە باشور و وڵاتنامەی عێراقییان نییە، هەر لە سەرەتای لاوییەوە کێشەی نەبوونی وڵاتینامەی فەرمی عێراقی یەخەیان پێ دەگرێت.
لە سەرەتای کتێبەکەدا مێژووی شاری سلێمانی باس دەکات، کە جێگای بایەخە، بێ نمونە جێگای سەرنجە ناوبراو بە پشتبەستن بە کتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم) کە هی جەمال بابانە نوسیویەتی(ئیبراهیم پاشای بابان کە لە ساڵی ١٧٨٤ شاری سلێمانی تەواوکرد دانیشتوانەکەی ئەو کاتەی ٢٠٠ ماڵێک بووە. لەوە ٣٠ ماڵی جولەکەێ بووە) ل ١٣. واتە ئەو کاتە ڕێژەی باوەڕدارانی جولەکە ١٥٪ بووە، بەڵام ئێستا ئەو شارەی کە دەشێ میلیۆنێک دانیشتوانی بێت، کەچی ١٥ جولەکەی تێدا نەمابێت و نەژی! ئەوەی مابێتەوە تەنها ناوی گەورەکانە بە ناوی جولەکان!
هەر لە سەرەتای لاوییەوە ناوبراو کاروکەسابەت و خوێندن پێکەوە گرێ دەدات، لەبەرئەوەی ئەمان گوایا ئێرانین (تەبەعییەی ئێرانی) بەم بیانوەوە لێپرسراوانی بەعس دژن و سەرانەیان لێ وەردەگرن تا بەگرتنیان نەدەن. ئیتر ئەم ترسەی لە دواڕۆژ و دانەمەزراندن لە فەرمانگەی حکومی، گەر خوێندنیش تەواو بکات، توشی نائومێدی دەکات، بەم هۆیەوە ناچار ساڵی ١٩٧٦ و بە تەمەنی ٢٠ ساڵی سەری خۆی هەڵدەگرێت و خۆی دەگەیەنێتە ئەمانیا، کە ئەوکات ژمارەی کوردان بە گشتی و هی باشور بەتایبەتی لە ئەوروپا زۆر کەم بووە. ئیتر وەک هەر کەسێکی تر پەناگەندە و هەڵکەندراو لە وڵاتی خۆی، لە وڵاتی ئەمانیادا لە نۆو کەلتورێکی زۆر جیاواز لە خۆمان دەست دەکات بە زمان فێربوون و کارکردن، سەرەتا کاری سەخت و تاقەتپێوکێن دەکات. مردن، کوشتن و خۆکوشتنی یەکبەدوای یەکی پێنج کەسوکاری پلەیەکی خۆزانەکەیان لە دووەوە وڵاتیدا زەبرگەلێکی توند لە هەوتی ژیانی دەدەن، کە مەگەر هەر ئەو خۆی لەبەردا گرتبێت. هەموو ئەمانە وا دەکەن لە ل١٨ دا بنوسێت: ئەگەر بڕیار لە دەستی خۆمدا بوایە لە دایکبوونم ئەدایەوە دواوە، بێ ویستی خۆم هاتووم و بێ ویستی خۆشم ئەڕۆم و دوچاری ململانێی ژیان ئەکرێمەوە!
دواترهەر کێ نادات و لە خوێندن بەردەوام دەبێت تا لە زانکۆی ماربورگ بەکالوریۆس و ماستەر لە بواری زانستی سیاسی و کۆمەناسی و گەیاندن بڕوانامە وەردەگرێت. پاشتریش ساڵی ٢٠٠٣ لە زانکۆی قورپەرتاڵ بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری زانستی سیاسییدا وەرگرتوە. تێزی دکتۆراکەی بریتی بوو لە (سیستەمی سیاسی بەعس لە عێراق، هۆکارەکانی سەقامگیری و داڕمانی سیستەمەکە).
چەند ساڵێک دواتر دەگەڕێتەوە باشوری کوردستان و لە زانکۆی سلێمانی لە هەردوو کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆلیژی زانستە

سیاسییەکان دەبێتە مامۆستا و پێنج ساڵیش وەک جێگری ڕاگری کۆلیژی زانستە سیاسییەکانی ئێواران کار دەکات. ئیتر لەوێوە ڕادەی گەندەڵی و بێوانامەی ساختە و فێوفێڵی نێو ئەو دامەزراوە زانستییە گرنگەدا وەک نمونەیەک بێ تەواوی دەزگا و دامەزراوە باڵا زانستییەکانی هەرێمی کوردستان، دەزانێت. بەڵام ئەم خاوەن هەڵوێستی خۆی دەبێت و دژی ئەو کارە ناپەسەند و ناشایستانە دەوەستێتەوە، تا دەگات بەوەی پێستەکەی لێ دەستێننەوە. هەر چەندە خۆی پێشتر ساڵانێکی زۆر لە هەندەران ئەندام و کادری یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە! لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەراندا چالاک بووە. ئەم ڕەوشە نالەبارە لە ملشکاندن و دووڕوویی و خراپی نێو ژیانی زانکۆ تەواو بێزاری دەکەن، ناسینی ئەو گەندەڵی و واستەکاری و گەندەڵانەی ناو دەزگای فێرکردن و ئاستی زانستی زانکۆکان و بەراوردکردنیان بە زانکۆکانی ئەوروپا، کە ئەم لێی خوێندون، ئەوەندەی تر نائومێدی دەکەن. دوای چەندان ساڵ خزمەت و وانە وتنەوە، دیسان بێیاری گەڕانەوە بەرەو ئەوروپا دەدات و نیشتمان بەجێ دەهێڵێت.

ناوبراو کە لە ساڵانی هەشتاکاندا خۆی و برایەکی لە ئەمانیا بوونە سەربوردەی خۆش و ناخۆشی ئەوکاتی کوردانی ئەو، بەشداریکردنیان لە چەندان چالاکی دژ بە بەعس بە بەگەوە باس کردوە، یەکێکیان کە لە شاری بۆن و ڕێکەوتی ٢١ تا ٢٤ی نیسانی ١٩٨٢ رویداوە دەگێڕێتەوە، کە چۆن ئەمان چل پەنجا کەسێک بوونە لە کوردانی ئەمانیا و خۆپیشاندانیان دژ بە بەعس کردوە، باوەزی عێراقی ئەوکاتی سەربە بەعسیش نزیکە ١٢٠ کەسی لە عەرەبی عێراقی و فەلەستینی لوبنانی بەرامبەریان کێکردێتەوە و بەدار و چەقۆ و بەرد پێکدا هەڵپژاون و ٢٦ کەس لە هەردوولا بریندار بوونە، کە یەکێکیان دکتۆر ئەحمەدی برای ئەم بووە، زۆر بە سەختی و بریندار بووە، زەبر بەر سەری کەوتوە (وێنەکەی لەسەر بەرگی کتێبەکەیە).

لە بەشێکی تردا باس لە داگیرکردنی کەنیسەیەکی گەورە و مێژوویی لە شاری فرانکفورت دەکات لە لایەن کوردە چالاکوانە سیاسییەکانەوە، ئەمەش وەک ناڕەزایەتییەک دژ بە ڕژێمی ئێران و هێرشی سوپای خومەینی بۆ ڕۆژهەاتی کوردستان، تاوەکو لە ڕاگەیاندنەکاندا دەنگی کورد بگات، چونکە ئەو کات بە دەگمەن ڕاگەیانەکانی ئەوروپا و جیهان باسی کوردیان دەکرد، لەبەر ئەوەی قەشەکە کابرایەکی ناحاڵی و توند و کەلەڕەق بووە، هەوڵ بە پۆلیس دەدات، کە کوردەکان کۆنترۆڵی ئێرەیان کردوە و دەیانەوێت بیتەقێننەوە، بۆیە سەعاتێک ناخایەنێت نزیکەی ٢٠ تا ٣٠ ئۆتۆمبیلی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە دێنە دەورووبەری کەنیسەکە و چواردەوری دەگرن، دەیان پەیامنێر و کەناڵی

میدیای ئامادە دەبن لە شوێنەکە، ناچار ئەمان دوای چەند سەعاتێک دێنە دەرەوە و خۆیان ڕادەستی پۆلیس دەکەن. ئەوەی سەیرە لێرەدا دوای گیرانی ئەمان، خوێندکارێکی هاورێیان کە لە کۆلیژی ئەدەبیات بووە و خەڵکی هیندستان بووە، سەردەکەوێتە سەر منارەی (قولە)ی کەنیسەکە بە بەرزی نەوەت مەتر بێ پشتگیری ئەمان، هەرچەند هەوڵی لەگەڵدا دەدەن، داوا دەکات سەرجەم کوردەکان ئازاد بکرێن و قەشەش داوای لێبوردنیان لێ بکات ئینجا دێتە خوارێ، ئەگەرنا خۆی فڕێ دەداتە خوارەوە و خۆی دەکوژێت! چونکە کوردەکان لە سەر مەسەلەیەکی هەوا و بۆ مافی خۆیان تێدەکۆشن. ئیتر ئەم ڕووداوە ئەوەندەی تر لە میدیا دەنگ دەداتەوە و بابەتەکە گەورە دەبێت!

مرۆڤ دەبێت بە ویژدانەوە بگەڕێت، کە ئەوەی لە ساڵانی هەشتاکاندا د. سالار و هاورێکانی چ لە نێو کۆمەڵەی خوێندکاران و چ لەدەرەوەی ئەو ڕێکخراوە ئەنجامیان داوە نیشانەی بوێری و جێگای شانازییە بۆیان، هەڵوێستێکی مەردانە و کوردانە و نیشتمانپەروەرانە بووە. ئەگینا ئەمان لە وڵاتی ئەوروپا و لە هیچیان کەم نەبووە، هیچ پاڵنەرێکی تر نەبووە غەیری دڵسوتان بە خاک و خوێن و نیشتمان و نەتەوەکەیاندا.

لە بەشێکی تردا لا ١٥٠ تا ١٥٤ی تەرخان کردوە بۆ بابەتێک بە ناونیشانی (نەوشیروان مستەفا و هەوڵی ئازاردانم)، نوسەر باس لەوە دەکات، کە نێوەرۆیەکیان ئەم تێل بۆ نەوشیروان مستەفا دەکات، ڕێکەوتەکەی نەنوسیوە، بەڵام پێ دەچێت سەرەتای دوو هەزارەکان بێت. ئەم پێی دەگێت کە حەز دەکات سەردانی بکات لە ماڵەکەی خۆی، ئیتر لەگەڵ هاورێیەکیدا دەچێت بۆ لای، کاتێک دەگەنێ ئەوێ سەلاح ڕەشیدیش لەوێ دەبێت، کە ئەم نێوانی سارد لەگەڵیدا، نەوشیروان لەگەڵ ئەمدا سارد دەبێت، بۆ ئەوەی، بە پێی گێڕانەوەکەی خۆی، هیچ جۆن، هەڵەشە، یان قسەیەکی ناشرینی پێ بگێت، کە چی ئەم دێت پێنج لاپەڕەی لەسەر نوسیوە و بە یەقینەوە ناونیشانەکە وا نوسیوە، کە گوایە ناوبراو هەوڵی ئازاردانی داوە! من وەک خوێنەرێکی کتێبەکە و وەک کەسێکیش چەند جارێک لە نزیکەوە، کاک نەوشیروانم بینیوە و هەندێک کەسایەتی ناوبراوم ناسیوە، هەست دەکەم ئەم لێرەدا ناهەقی بەرامبەر کردوە، دیارە مرۆڤ دەکرێت ڕەخنە لە هەموو کەسێک بگرێت، بەڵام ناکرێت، تەنها لەبەر ئەوەی یەکێک لەگەڵت ساردبووە، کە هەق نەبوو وابێت، تۆ بڵیت، بۆ هیچ بەڵگەیەک ناوبراو تاوانبار بکەیت، کە ویستویەتی ئازارت بدات، پاشان خۆ ئەو بەدوایدا نەنارد بوو، بەکو کاک دکتۆر خۆی تێلی بۆی کردوە و ویستویەتی سەردانی بکات. نەوشیروان گەر ویستبێتی کەسێک ئازار بدات، دەیان کەسی لەبەردەست بووە، پۆیستی بەوە نەبووە لە ماڵی خۆیدا ئەنجامی بدات. بەڵام

خ‌ی مر‌ۆڤ‌کی قسه له‌وو و ساردبووه له‌گه‌‌ کەسانکدا حه‌زی پ‌ نه‌کردبن. ب‌ه‌ ئه‌م بابه‌ته ناوه‌‌کەکەی لاوازه و خ‌ۆزگه کاک دکت‌ۆر نه‌یده‌خسته ن‌ێو کت‌ێبه‌که‌یه‌وه.
به گشتی ژیانناممەکه سه‌رنجراک‌ێشه، شایه‌نی خو‌ێندنه‌وه‌یه، خو‌ێنه‌ر به به‌ش‌ێکی م‌ۆژووی سل‌ێمانی، کوردانی هه‌نده‌ران و به‌تایبه‌ت ئه‌مانیا سا‌ڵانی حه‌فتاکان و هه‌شتاکان ئاشنا ده‌کات، مر‌ۆڤ دوای خو‌ێندنه‌وه‌ی کت‌ێبه‌که به چیر‌ۆکی تا‌ڵی ئه‌و کوردانه ئاشنا ده‌ب‌ێت، که ره‌گه‌زنامه‌ی ع‌ێراقییان نه‌بووه و به‌ز‌ۆر ک‌ۆچیان پ‌ێکراوه به‌ره‌و ئ‌ێران، که ده‌یان هه‌زار که‌س بوونه و ز‌ۆربه‌شیان له به‌غدا ژیاون.سه‌ره‌‌ای ئه‌وه‌ی که چیر‌ۆک و رووداوه‌کان ده‌ریده‌خه‌ن، که کاک دکت‌ۆر پیاو‌ێکی به هیممەت و به ئیراده و به‌ه‌ێز بووه به‌رامبه‌ر ئه‌و هه‌موو کاره‌ساته جه‌رگب‌ڕ و ناخ‌ۆشانه‌ی رووبیان ت‌ێکردوه. ئه‌و‌ه‌ی جێگه‌ی داخه هه‌ند‌ێک له سه‌ربورده و رووداوه‌کان م‌ۆژوبیان نه‌نوسراوه، مر‌ۆڤ نازان‌ێت که‌ی رووبیانداوه، جگه له‌مه‌ش له کت‌ێبه‌که‌دا ده‌یان و‌ێنه ب‌ڵاوکراونه‌ته‌وه، که ب‌ڵ‌ێکیان بایه‌خی م‌ۆژوبیی خ‌ۆیان هه‌یه، به‌ڵام به‌داخه‌وه هه‌ند‌ێک له و‌ێنه ‌ه‌شوسپییه‌کان ‌ۆون نین.

پ‌ێنجر‌ه‌یه‌ک ب‌ ‌ۆووی ناسینی دید و ت‌ێ‌ڕوانینی ف‌ۆڵکان و ئیسلامی سیاسیی.. ستیڤان ش‌ێمزینی

بیر‌ۆر‌ی‌ێکانی ف‌ۆڵ‌ۆکی گوم‌ڕا:
پ‌ێنجر‌ه‌یه‌ک ب‌ ‌ۆووی ناسینی دید و ت‌ێ‌ڕوانینی ف‌ۆڵکان و ئیسلامی سیاسیی/ ستیڤان ش‌ێمزینی

بیر‌ۆر‌ی‌ێکانی ف‌ۆڵ‌ۆکی گوم‌ڕا وه‌ک ت‌ەما و م‌ژار، شایانی س‌ەرنجدانکی وردتر‌ە، دەشێ چاوکی تێبینیکار، فر‌ەهەندتر لە خ‌ۆی س‌ێری ئەم بیر‌ۆر‌ی‌ێانە بکات. گرنگی ئەم بیر‌ۆر‌ی‌ێانە هەر ئ‌ۆون‌ەدە نی‌ێە، وردە م‌ژوو لە د‌ڕ‌ۆی حیکای‌ەتە گ‌ۆر‌ەکانی سیاس‌ەتمەداران د‌ۆروژن‌ەت، ب‌ڵکو نرخ‌ە م‌ژوبیی و فیکری‌ێکی‌ی ل‌ۆدای‌ە، ئاو‌ە ل‌ەس‌ەر جێری ژیان و بیرکرد‌ن‌ۆ‌ی ئیسلامی سیاسیی

دەداتەوە، کە تا ئێستا ئەم کەمتر لە وردەکارییەکانی بە ئاگاین. پەمخۆش بوو، بەشێکی فراوان لەوانەی پێشتر کە ئەزموون و کاری ئیسلامی و باکگراوەندی ئاینییان هەبووە، ئێستاکە کەوتوونەتە مەترسیزی دژە فەندەمێنتالیزم و سیکولاریزمەوە، لەبری چەمکسازیی و فرێشتنەوەی قسەی گەورە و قووڵ، پێشنیاری هەر کارێکی تر، ئیشێکی لەم جۆرەی کاک "شەماڵ"یان بە ئەنجام بگەیاندایە، پەموایە ئەمیان سوودێکی زۆرتری دەبوو بە خوێنەر و کەمەگە، بە تایبەت هەندێک لەو بەڕێزانەی ئێستاکە پەگەزێکی ئەکادیمی بەرزیان هەیە و باشتریش بەهرەمەندبوون لە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبکانیان، لایەکی تریشەوە، زیاتر قاڵبووەوەی شەریعەت و پەگەی سیاسییان لە حزبکانی ئیسلامی سیاسییدا لە شوێنکی بەندتر بووە، بەڵام کە ئەو ئەرکەیان رانەپەڕاندووە، بگومان جێگەی گلەییکی زۆرن.

کاتی خۆیشی کە ئەم زنجیرە بیرەوەرییەم لە ماڵپەڕی "دەنگەکان" خوێندەوە، هەقاڵەتیم لەگەڵ نووسەردا نەبوو، لە ڕەگەی هاوڕێیکی تریشەوە پەیامێکم بە نارد، کە ئەم پێشکێشەش هەر لەو ناوڕاستەکە پێکهاتووە و داوام کرد کە نووسەر ئەم ئوتوبیۆگرافییە، درێژە پێبدات و هیچ کات دەستبەرداری نەبێت، تا دەبێتە کتێبێک. لەبەرئەوەی ناواخنی ئەم بیرەوەرییانە، کەرەستەی خاون بە لێکۆڵینەوەی سیاسیی و کەمەناسی، تەنانەت دەروونناسیش. چونکە ئەم پەنجەرەیەکە بە ڕووی ناسینی دید و تێڕوانینی فەقێکان و ئیسلامی سیاسیی بەشێوەیکی گشتگیر لە بەرامبەر دنیای دەوروبەر و کەتواری فەرهەنگی و کەمەڵایەتی جڤاتی کوردیی. من، یان هەر کەسێکی تر، هەقیقەتی ئیسلامی سیاسیی لە ڕەگەی ئەم بیرەوەرییانەوە دەناسین، نەک لە زمانی میدیاکانیانەوە، کە هەمیشە شتێک لە تاریکیی دەیاندا دەشارنەوە. گرنگی ئەم زنجیرە یادەوەرییانە، ئەوەیە چووەتە پشتی کەواڵیس و پەردەی لەسەر زەر لایەنی پەنهان و گەلێک وردەکاریی نەزانراو هەڵماڵیوە، کە تا هەنووکە کەم باسکراون یان بیستراون.

بیرەوەرییەکانی فەقێکی گومڕا، زەر تەمای بەنرخی تێدایە، کە خوێنەر هادەکەشن. ئەوە ڕاستە ئوتوبیۆگرافی شتێکی تەواو پریقاتە و هەوداوەکە لە ڕابردووەوە هەویداوە، ئیدی بابەتەکە لەو جێگەیەدا لە پرسێکی تاکەکەسی دەردەچێت، کە دەیەوێت پەمان بڵێت، ئەمە چۆن و بە چ نیگایەک سەیری ژیان و کەمەگەمان کردووە؟ تەرزێک لە بیرکردنەوەی گروپێکی سیاسیی و کەمەڵایەتیمان پێدەناسێنێت، وەک گوتم، لەدەرەوەی هەوانەی گشتگیرەکە، کەمترین زانیاریی لەو جۆرەمان دەستکەوتووە. کاتی خۆیشی پێشنیارم کرد ئەگەر هیچ کتێبکی چاپ نەکردووە، پەویستە نووسەر ئەم زنجیرەیە بکاتە کتێب، ئەوەش

پاش ئەوەی من لە خەندنەوەیاندا بەر جیهانێکی تر کەوتم، هەر لە دوورەوە بینیبووم و بە زرینەی خەکیش هەروا. ئەو بەشی ژیرەوەی ئەو شاخە سەهۆڵینەی ناو ئەقیانووسی نیشاندراین، کە بەتەنیا لوتکەکەی دیاربوو. خۆ ئەگەر من دەزگایەکی چاپم هەبووایە، لە ڕیزبەندییەکەدا شانسی یەکەمم بۆ زنجیرە بیرەوەرییانە دەدا، بۆ ئەوەی وەک کتێب بچێتە ژێر چاپەوە. هەبێتە من پێشنیارێکی تریشم کردبوو، کە ئەگەر توانای ئەدەبیی کاک شەماڵ ئەوەندەیە "شیعرەکانیم خوێندووەتەوە" بتوانێت ئەم بیرەوەرییانە لە فۆرمی ڕۆمانێدا بۆرهەم بهێنێتەوە، ڕەنگبێ کارێکی نایاب بێت، چونکە ئەوەندە ماتریاڵی چیرۆکئاسای تێدایە، ئاگر لە خەیاڵی چیڕۆکخوێن بردەدەن. وەک خۆم دەخۆشم. ئەم کتێبە ئەگەرچی بە ژمارێکی کەمەوە چاپ دەبێت، بەڵام ئەو شتە هاتە بۆرهەم، کە کەمێگەی ئەمە پێویستی پێبوو. لەوانیە هەشتا هەبن بایەخی ئەم کارە تێنەگەن، بەڵام ئێستۆکانیش دەمودەست دڕوشانەوەیان نابینرێت.

گۆیندەوە.. نەوزاد بەندی

بریا
گۆیندەوەی سەرێک هەبووایە
بە ساقی باقی …
کەمێک سەرکمان
بە کەمێک سەرێک ئەگۆیندەوە ..
سەر بە سەر ..
یان بە شتە باقی ..

تە بەڵێی هیچ سەرکە ،
ڕازی بێ
عەرشکەیمان بە چەک کا و
ببە بە
پاشای عەراقی ؟

بەڵکو بە نەوتکە هەخەڵەتە ..
دووانی هەیە ،

دووانی تر قەرزکا
بە لاقی ..

بە ڕاستی بڕزار بووین
لە سەد ڕوویی و
هەزار فاقیی ..

ـــــنەوزاد بەندی ـــــــــــــــــــــــ

گەر پۆلیسەکە نەیکوشتابام.. دەقی پۆخشان: قینەس فایەق.. وەرگێرانی لە ئەرەبییەوە: ڕزا حەمە ساڵح

نەفرەت لەو پۆلیسە، گەر لە سەرمی نەدابایە، ئەمڕۆ دەمتوانی هەموو شتێکی وەاتام بەبیربهاتایەتەوە، کە بیست وپێنج ساڵ دەی ڕەشی پۆشیوە وبە ئیرادەیەکی بەرزەوە خۆی نیشان دەدات، چونکە پێی وایە ئاسایەکی نوێ لەچاوێوە دوور نییە، بەڵام هەندەم بیردێتەوە بە ئامۆژگاریی ناو کتێبەکەم کرد، چارشۆکەم بە سەرمدا دا و درزی مەمکم شاردەوە، لەگەڵ دایکمدا بە بازارکردن لە ناو تارانی پایتەخت ڕامکرد، کە بە تاسەی پیاسەیەک بووم تیادا لەگەڵ براکەمدا. تاوەکو ئەو پۆلیسە کورتبنەیە لە ناکاو دای بەسەرمدا.
ئاڵ براکەمم بیرکەوتەوە، ئەو پۆلیسە لەعنەتیە لە ئەویشی داو لەمی دورخستەوە، کاتێک دەستمی گرتبوو تاوەکو نەمخزنە ناو ئۆتۆمبێلی پۆلیسی ئەخلاق و لە گەڵ کارتێکی بڵاش بە ڕەنگی خەڵن بمنەرن بە ئەو دونیا.
ئەگەر ئەو پۆلیسە نەفامە زڕ بە دەندانە پۆلکەشی ناو ئۆتۆمبێلی پۆلیسی ئەخلاقی نەکردابام، ئێستا لە ماڵەکەی خەمدا بە کراسە مڕۆکەمەوە دانیشتبووم و قژە ڕەشە درێژەکەم دادەهێنا و دەمکرد بە کەزی و لەواری کراسە مارنەکەمم بە بەنی گوڵە بەیبون و سەوسەن وجریوەی چڵەکە وهاژەیی ڕووبار دەچنی و گوێم لە گۆرانییەکانی

"خالقی" کە عاشقی دەنگیم و" حەسەن زیرەک" کە هەژدەک پەش کوشتنم سەردانی گۆڕەکەیم کرد دەگرت. هەنوکە لە سپێتیی بەیانیان و قرچە قرچی ئاگری ناو ئاگردانەکەی بەر پەم سەرپەشکم دەدوری، بێنام نەفرەت لەو پەلیسە.
ئەگەر ئەو پەلیسە گەمژەیە بەو دەندەیە ئاینەکەشامایە، وا بە توندی لەی نەدامایە، منی مرۆڤ وێوی گیاندارێکی درندەی کوێر بە کەبەی گورگەوە پەلاماری نەدابام، ئێستا لە ژورەکەمدا دانیشتبووم و سەرم خستبووە سەر کتێبێکی مەژوو، شکەمەندەکانی ئابردووی گەلەکەمم دەخوێندەوە، دەنگە خنکاوەکانی ئەمەمان، ناڵەکانمان کە سنگمانی گوشیوە و چیرکی ئەو چڵە قژەی کە کەتای بە ژیانم هەنا. پەلیسی گەمژە، ئەگەر نەتکوشتمایە، ئێستاکە لە قوماشی خشۆیستی بەشاکم بە شەش مندااڵەکەم کە دمهێنانە ژیانەوە، لە کەتانی بەختەوەری شەواڵ بە کوڵەکانم و لە پەموی خشبەختی کراس بە کچکانم دەدوری، فێرم دەکردن چۆن ژیانیان خۆش بوێت و ڕێز لە مرۆڤایەتیی خۆیان بگرن کە کوشتنی ئاسانترە لە وەستانییان لەبەردەم ئاوەنێکدا و ناشرینی ناخیان پەشان بدات.
بەنەفرەت بیت، ئەگەر نەتکوشتمایە، ئێستاکە لە یەکەک لە سوچکانی ماڵەوەمان دور لە چاوی دایک و باوک و براکەم خەم خشاردەدا و لە وشە ئاوریشمیەکان پەیامکم بە هەموو دەنگکانی پەلکە زەرینە دەنووسی، بە گاڵتە بە خشۆیستکەم دەوت خشم ناوێت، بە پەلە دەمسیەوە و بەم دەنووسی کە چەندە خشم دەوێت و چەندە ئاواتە خوازم لە نەو کەانەکانی شارکەمان سەقز پەکەوە ون ببین.
ئەگەر ئەو گەمژەیە نەیدکوشتم، هەنووکە خۆنکانم بە دارتڵی گەکەکەماندا هەدەواسی وئاواتکانم لە ناو گوەدانی بەختەوەریدا دەچاند و هەموو ڕۆژێک بە ڕوونی وشنایی ئاوی قەزوین ئاوم دەدان .
ئەگەر چارنووس لەو ڕۆژە شومە ڕەشەدا ئەو پەلیسەی نەدەهنایە سەر ڕێگەم، ئێستاکە پزیشکێک دەبووم و تەماری نەخشکانم دەکرد، یان پارێزەرێک دەبووم و بەرگریم لە ستەملێکراوەکان دەکرد، یاخود هونەرمەندێکی شەوکار دەبووم وبە دەنگە بەزراوەکان تابلۆی نەفامیتانم دەکێشا، یان گەرانیبێژێک دەبووم و تراژیدیاکانی ژیانمان دەکردە گەرانی، یان تەنانەت سەمام دەکرد وەک ئەوەی پەتان بەم چەندە مرۆڤم و شایستەی ژیان و مردنکم کە شایستەی میهرەبانییەکم بێت.
ئاە ئەی نەفرەت لەکراو، ئەی پەغەمبەرکەتان وستی بە نەکردوون کە لەگەڵ شووشە عەترکان میهرەبان بن، کە ئەمەی ژنین، کە دەڵێت: " رفقاً بالقواریر"؟
ئەگەر بە پرچم پەلکەشت نەکردابام، ئێستا نەدەبوومە هەزاران پارچە

شوشەوە، کە ئێستەش بەتان کەیانبکەنەوە، دەنگم بەاو نەدەبووەوە ونەدەگەیشتە هەموو مەملەکەتەکەتان کە بە ئەسک و پروسکی شەهیدان هەڵتانچنیوە.
دەبینیت پالیسی گەمژە، کە چەن دەنگم چووە ناو قوڕگی ملیۆنان کەس، تووڕەیم چووە ناو دەیان و ئازارکانم بوونە شەشک کە پەردەی لە سەر بەگانیەکانتان هەڵماڵی و بەنی ڕزیوتانی بە هەموو نیشتماندا بەاوکردەوە و زەنگی لەناوچوونتانی بەم نزیکانە پێیە؟

- لە زاری ژینا ئەمینی، یان "مەهسا ئەمین"ی کوردەوە.

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ڕزا حەمە ساڵح

کام نووسین و کام وردەکاریی؟!.. سەدیق سەعید ڕواندزی

بە هەی دنیای تەڵە کەمەڵایەتییەکانەوە و هەبوونی دڵەها مینبەری گوتن و نووسین، جارە فەزایەکی کراوە لە بەردەم هەمووانداها تاتە ئاراوە، کە بنووسن و سەرنج و ئایدیاکانیان تەدا بخەنە ڕوو. ئەم فەزا کراوەیە، جارە گوتارکی بەرهەم هەناوە، کە بنەماکانی لە چی گوتن دایە، نەک چەن گوتن، بەو مانایەی هەموومان دەنووسین و شتەک

دەبین، بە بۆی پۆیست و گرنگ بێت، لە ڕووی مەعریفی و هۆشبیریەوە، یاخود ئیزافەیەک بخاتە سەر گوتاری هۆشبیری کوردیەوە. ئەم بە بایەخکردنی نووسین، وەک کایەیەکی گرنگی مەعریفی، هیچ جۆرە شکێک و بۆشایەکی بە دنیای نووسین نەهێشتووە، لەو سەنگەشۆوە هۆزانە ئەمە، بەر سەدەها بە ناو نووسین و وتار دەکوین، کە بە قوڵایی و بە ناوەڕۆک و هەڵگری هیچ هۆهەندێکی هۆشبیری نین. بە جۆرێک مرۆڤ زۆرجار قەز لە دنیای نووسین دەکاتەوە. لە کاتێکدا نووسین، یەکێکە لە کردە هەرە قوڵس و ئاڵۆز و هزرییەکان. بۆیە هیچ کاتێک نابێ ئەو فەزا کراوەیە، لە پڕاوێزی بە ناو هەبوونی ئازادی دەربڕینەوە دەخشمان بکات بەوەی کە هەموو شتێک دەنووسرێت، بەڵکو لەوە گرنگتر هەوڵستکردنە لە ئاست ئەوەی دەنووسرێت، چونکە هەموو نووسینێک کە بۆاو دەبێتەوە، دەرئەنجام خوێنەر لە خوێندنەوە و هەستنگاندنیدا دەبێتە پەیوەر و ئەوە دواجار بۆهایەک بۆ نووسینە دەدات، بەوەی کە چەند پۆیستە و ماهیەتی لە چۆن گوتن دایە یان چی گوتن. ئەگەر گوزارشکی خراپ، بە ناو ئەو دنیا ئاڵۆز و شەواوەی نووسینی کوردی بکەین، هۆزانە بەر دیەها نووسینی کرچ و کاڵ و بە ناوەڕۆک و لەشکرێک قەڵەم بەدەست دەکوین، کە هەر تەنها مەبەستیانە شتێک بنووسن، نەک ئەوەی چی دەنووسن. بە نموونە: هەیانە، چەند دێرێک بە ناو شیعر بۆاو دەکاتەوە، کەچی لە شکرێک قەڵەم بەدەست، دەکەونە شانامە و ستایشی شیعرکانی دەکەن، لە کاتێکدا نە زمان، نە وێنەی شیعری، نە شیعریەت و جوانی لە شیعرکانی ئەو بە ناو شاعیرە نییە، جگە لە قسە هۆزکردنێک. بەوام وایە، ئەو خشی هۆنگە پێ شاعیر نەبێت، وەلە کاتە دەبینەت، پێسن و ستایش دەکرێت و بەوە ناوی دەبەن، کە شیعرکانی داهێنەران و جێگای هەموو شتێکیان تێدا دەبێتەوە، ئیدی خۆی لە دەگۆڕێت و بێردەوام دەبێت لە سەر ئەو دێردە دانە، هەیانە ئابردووی خۆی کە سێردەمانێک بە نموونە فۆق بووە، دەکاتە کەرستەی گاڵتەجاریانەی نووسین، بە بە ئەوەی بە ئەوانیتر هیچ مانایەکی هەبە، ئەمانە و دیان و سەدان نموونەی تر، کە ئەمە هۆزانە بێریان دەکوین. ئەم دەخە لە غیابی هۆخنەی جدی و شرۆڤەیەوە بێردەوام بوونی هەیە، بە تایبەتیش کە نووسەر و خوێنەری بیرکەرەوە بە سلیقە زەر کەم بوونە، کە حەوسەڵەی ئەوەی هەبێت ئیستێک لە ئاست ئەو هەموو بە ناو نووسینانە بکات. بگومان هەر وشەیەک کە دەینووسین بەرپرسیاریەتیەکی گەورەی فەرهەنگی و هۆشبیریە، نووسین دەبە پێام و مەبەستکی هەبێت و شوێنێک لە هزر و دیدی خوێنەران بگرێت، نەک تەنها هۆشکردنەوەی لاپۆڕەکان بێت. نووسەر کاتە باس و بابەتێک لە نووسینەکەی دەخاتە ڕوو،

دەیوروژێنێت، دەبێ لە چاوەڕوانی ئەوەش دابێت، خوێنەرانێک هەبن، لە پەراوێزی خوێنەوەی ئەو نووسینەی ئەو پرسیاریان لادروست بێت و گومان بکەن لەوەی نووسەر دەیەوێت چی بڵێت؟ لەو سەنگەوە، وەک خوێنەرێک دەماندەوێت هەوەستە لە ئاست وتارێکی (زانا ئیزاق) بە ناوی (نووسین و وردەکاری) بکەین، بە مەبەستی گفتوگۆ و پرسیار لە چیەتی نووسین. ئەم بڕگەیە، ماوەیەکە لە ئیمەی هەندێک کورتە وتاری دووسێ دێڕی، هەر جارە و دەیەوێت وەک مەلای دوانزە عیلم لە بارەی شتەکەوە بنووسێت و وەعز بە هەموومان بدات و گوایە، مەعریفە و زانینمان فەردەکات. کێشەکە لەوە دانییە چی دەنووسێت، بەڵکو گرفتی گەورە لەوە دایە، ئەو بابەتانەی هەیان دەبژێرێت، نێک بە نووسینێکی سادە و بە ناوەڕۆکی چەند ڕستەیی ئەو مافی تەواویان بە قسە لەسەر کردن پە نادرێت، بەڵکو هەیانە پێویستیان بەوەیە، دەیان کتێبیان لە بارەوە بنووسرێت. ئیدی نازانم، ئەم چۆن بوونی ئەوەی هەیە، بەو کورتە بە ناو نووسینانە، قسە لە سەر ئەرز و ئاسمان بکات؟ ئەم بڕگەیە، لە نووسینەکی کورتی دیکەیدا، بە ناوی (نووسین و وردەکاری) کە لە ماڵپەڕی پە خوێنەری دەنگەکان بەاو بتەوە، چەندین بەچوونی سادە و هاودژ دەردەبڕێت وگوایا ڕێنوینی هەمووان دەکات چۆن بنووسن. سەیر و شۆخی لەوە دایە، باس لەوە دەکات، کە ئەوەی ئەم دەیڵێت، تاکو ئێستا کەس نەینوسیوە و بگرە فەیلەسوفە کانەکانیش باسیان نەکردووە، لەڕووە کارساتکانی دنیای بە خنەیی دەردەکەوێت، کاتە نووسەرەکی گەنج لە کورتە وتارەکدا باس لەوە دەکات کە قسەی جیاوازتر لە فەیلەسوفانی دنیا دەکات و ئەوان مەعریفەی هەموو شتەکیان نەبووە. نووسەر لە دەسپێکی ئەو کورتە وتارەیدا دەنووسێت:(

نووسەران و ئەدیبان بە تایبەتی، چیان مەبەست بێت، لە پەراوێزی داڕشتنی بیرۆکەکانیانەوە ئەوە دەنووسن، لە کاتێکدا بە پێچەوانەوەیە . من ساتی وا هەبووە، کاتژمێر دووی شەو، بێدار بوومەتەوە، چونکە لە پڕ بیرۆکەی وتارێکم بە خەیاڵ داهاتووە، یەکێکیش لە سرووشتەکانی ژیانم ئەوەیە، کە مەحاڵە بنووم، قەڵەم و تێنووسم لە ژێر سەرین نەبێت . هیچ بیرۆکەی ئەوەشم نەبووە، بنووسم، چ جای ئەوەی ڕەچاوی وردەکاری بکەم، وەک ئەوەی ئەم بەڕێزە دەیڵێت .ئەم کڵێشازییە بۆ نووسینی وشک و بریشکی ئەکادیمی ڕەنگە، دروست بێت،بەڵام نووسین مامەڵە کردنە لەگەڵ دۆخێکی زۆر تایبەت، کە زۆرجار لە دەرەوەی ویست و دەسەڵاتی نووسەرە . هەر لە درێژەی ئەو نووسینە کورتەیدا، نموونەی سەیرو سەمەرە دەهێنێتەوە و دەنووسێت :(کاتێ ئێمە خەڵکی فێری بەڵێ و نەخێر دەکەین، دەبێ فێری ئەوەشیان بکەین بۆ چ شتێک بەڵێ بڵێن و بۆ چ شتێکیش نەخێر بڵێن و ئەمەش بە وردەکارییەوە یەک شتیش ئەوەیە واقیع گۆڕینیش پرۆسەیەکە، وردە وردەیە) هەروەها دەنووسێت: (ئەوەی من دەیڵێم کەس نەیگوتووە نە لە پێشوو، نە لە ئێستاشدا تەنانەت فەیلەسوفەکانیش ئەمەیان نەگووتووە) بێگومان ڕاست دەکات، چونکە تا ئێستا کەس بوێری ئەوەی نەبووە، قسەی لەو شێوەیە بکات . ئاخۆ کەس تا ئێستا، قسەی سەیرو سەمەرەی لەو جۆرەی کردووە؟ ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە، مەگەر ئەرکی ئێمە ئەوەیە خەڵک فێری بەڵێ و نەخێر بکەین، یان خۆیان هوشیاری هزری ئەوەیان هەبێت، فێری بەڵێ و نەخێر بن؟ ئایا مرۆڤ توتییە، تا ئەوەی کەسێک چی وت هەمووان دووبارەی بکەنەوە؟ بەڵێ و نەخێر لە هیچ شتێکی ژیاندا، ڕەها نییە بەڵکو ڕێژەییە، ئەوە مرۆڤە دەبێ خۆی فێری ئەوە بێت، چۆن بڕیار دەدات و لە چ کاتێک بەڵێ و لە چ کاتێکی دیکە نەخێر دەڵێت . مەرج نییە ئەوەی لای تۆ بەڵێ بێت، لای بەرانبەرەکەشت هەمان شت بێت . دەبێ مرۆڤەکان خۆیان هوشیاری ئەوەیان هەبێت و درک بکەن، کە گوتیان نەخێر بۆچی دەبێ بڵێن نەخێر و کە وتیشیان بەڵێ، بۆچی دەیانەوێت بڵێن بەڵێ . ئەوانەی دەیانەوێت خەڵک فێری بەڵێ و نەخێر بکەن نەک خۆیان فێری بن، ئەوانەن کە دەیانەوێت میللەتێکی مێگەل و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و ستەمکار هەبێت . ئەم جۆرە لە کردەی بەڵێ و نەخێر بێگومان، ئەو دۆخە دێنێتە ئاراوە . کاتی خۆی سەددام وتەیەکی هەبوو دەیگوت :(گەر سەددام گوتی واتا گەلی عێراق گووتی) بۆیەشە بینیمان لە هەمووهەڵبژاردنەکاندا، لە سەدا سەدی دەنگەکانی دەهێنا. نابێ مرۆڤ لە سەر ئەو بنەمایە فێر بکەین، کە من چیم ویست، ئەویش ئەوەی بووێت. بەڵکو دەبێ خۆی ئازاد بێت لە بیرکردنەوە و هەڵبژاردن. ئەم جۆرە کولتوورە کە لە ڕۆژهەڵات باوە،

هەمیشە مایەی نەهامەتی بووە بۆ ئەمە، چونکە بەردەوام نەمانتوانیوە گوتارێکی جیاواز بەرهەمبهێنین. مرۆڤ دەبێ خۆی فێری هەموو شتێک بێت لە ژیان، بۆ تایبەتیش کاتێ قەناغی منداڵی دەبڕێت. هەڵبەتە ئەمە بەو مانایە نییە مرۆڤ پێویستی بە ئامۆژگاری نەبێت، بەڵکو بەو مانایەی دەبێ خۆی سەربەست و ئازاد بێت لە هەڵبژاردن و کردنەوە. هەر لە نووسینێکی دیکەی کورتیدا، زانا ڕەزاق باسی داهێنان دەکات و دەنووسێت:_(داهێنان جاری یەکەم زەحمەتە دووەم جارو سێیەم جار ئاسان دەبێت) ئەم بڕادەڕە، وا لە داهێنان گەیشتووە، کە کارێکی زۆر ئاسایی و هێژانەیی بێت و هەموو کەسێکیش دەتوانێت داهێنەر بێت، بۆ ئاگا لەوەی داهێنانەکان یەکجار لە ژیان دەنێ ئاراوە و ئەوانی دواتر هیچ بۆهایەکیان نییە. مەگەر لە دوای گەران دەیان شاعیری دیکە، شیعری ئازادیان نەنووسی؟ بۆچی تەنها گەران بە نوێکارەوەی شیعری کوردی و داهێنەری شیعری ئازاد دەناسرێت؟ چونکە لە بنەڕەتدا داهێنانەکە هی ئەو بوو، بەیە ئەوە نییە داهێنان هەموو کات و سەردەمێک، هەموو هێژگار و قەناغێک، لە هەموو هووکە بێتە ئاراوە، یان کەینە ویست و مەبەستمان بوو، داهێنان بکەین. ئەم شێوە تێوانینە بە داهێنان تەنها لە خەیاڵی ئەودا هەیە. دواجار دەڵێم هیوادارم وردترو بە دیقەتتر بێت، لەو وتارانەی لەمەو دوا دەیانnووسێت، بە ئەوەی بزانێت خوێنەرانێک هەن، دەخوێننەوە و هەڵوەستە دەکەن و پرسیاریان لادروست دەبێت، هەروەها هێچاوی خاڵبەندیش بکات و بەهێچ بە کاری نەهێنێت، چونکە ڕستە هەیە، پرسیاری تێدا نییە کەچی نیشانەی پرسیاری بە دا ئەنێت، هەیانە سەرسوڕمان نییە، کەچی نیشانەی سەر سوڕمانی بە دا ئەنێت .

سەرنج: نووسین و وردەکاری، کورتە وتارێکی (زانا هێزاق) ە لە 16/9 لە ماڵپەڕی دەنگەکان بڵاوبۆتەوە.

دەستەچیلەیەک شیعری ئەرمەنی.. و: نەژاد عزیز سورمێ

- **کەوانەی مانگ**

ئا . ئەسمان(1)

بێ هەست و خوست پێکگەیشتین
دەرگای سێبووریمان لێ بەسترا
کزەێشنایی سەفەر
کەوانەی مانگی گێشەی خەوەت
لە ئاسمانا
تینوو بوو
یادگارییەکانی دەنووسی ..

دوو چاوی گەورە
ووبەووی چاوەکانم
بێچی کز بوون و
ناکاو پێکەنین و گێژینەوە ؟
دوو پیاڵەی سپی
لەسەرخێ شکان
ئەستێرەی سەحەر
جوانەئەسپی ، سپی خێی تاودا ..
کە گوێی لێوی پشکووت
ئەستێرەیێ لە ئاسمان
بە سەرسامییەوە داێژا .

• **دەنگی خوێن**
ئا . ئەسێان
نە ئەستێرەی بەربەیان بوو
نە مانگ
چاوی تێ بوون
بە چاوەکانم پێکەنین ..

نە شایی بوو نە ئاهەنگ
دەنگ و ئاوازی خوێنی من بوو
لەژێر پێی تێدا
ئاوزنگی دەدا ..
نە باێدارێ بوو
نە خەون
سێبەری تێ بوو ێێیی
تا جارێکی دی دێەکەم
هەلا هەلا کات .

• **مێتەکە**

زرایر میرزاییان(2)
ئاسمان موەکانم ادەکش
زەمینیش خی بە لەشم هەواسیوە
منیش پەنا دەبەمە بەر دی شەو
لە هانام بێ ..
هاواری من ،
کە وەك گیی ئاگر کپە دەکا
یەکەم قرچەی سووتان
لە هەنییەی سم دەچەق ..
زمانی مەشخەداری شەو
ەەەوە ەەشنەکان دەلسەتەوە ..
بەام من خلەر دەبمەوە
لە ناو پچی گەردەلوولدا خلەر دەبمەوە
دەستە قواوییەکانیشم
بە دەم و چاومەوە گرتووە .

• پاسەوان
ئارشاویر مەگەردیچ(3)
درزەمانکە هەتاو
بە چەکووشی پەلکەزێینەی ەنگینی
ئەشکەوتکی بێ دروست کردووم
هەموو ماێ و دەوەتی من
بە دیواری ئەشکەوتەوە
چوار وێنەیە ،
چوار وێنەی پارچە پارچە :
خاك ، برسی و گشەگیرە
ئاو ، بە لوی وشك هەاتوو
ئاگر ، بە چاوی بێ ونا‌هی
با ی بریندار ،
لەسەر پخەفدا کەوتووە ..
لە دەروازەی ئەشکەوتەکەم
گوبەژێ پاسەوانە
بەرابەر
هرشی خر وەستاوە .

• سەت سای تر
گالست خانس(4)

سەت ساڵی تر
یەکێ دێت و دەڕۆت :

- لێرە
لەسەر ڕووی ئەم کاغەزە
لە هەناسەی ئەم خاکەدا
لە خانوویەکی ئەم کۆڵانە خوارەدا
مرۆڤێ دەژیا
بە دڵێکی گەورە
بە هەستی پاك و پیس
بە عەشقی یەکەمنگی و بە بێ وەفایی
بە پێی ماندووی نەسایەوە
بە دەستی بێ ئاسمان بەرز
بە چاوی بێ تیشك شێت
بە گفتوگۆ و قسەی ناخۆش
مرۆڤێ دەژیا
مرۆڤێ
هەموو شتێ بە کەچ تێدەگەیشت
لەباتی نان
تریفەی ئەستێرەی دەجووی
گردی بە پێیان وەنەبوو
لە جیاتی جەستە
گیانی ئافرەتی دەویست ..
ئەوەی خۆش دەویست لێی بێزار بوو
وەك ئادەمزادێکی سەراست
ڕۆی گرتبوو
هیچ وەختێ کەنۆش بلردنی نەدەویست ..
ئا ئەو مرۆڤەی
سەت ساڵ لەمەوبەر ژیاوە
ئەو مرۆڤە دڵڕانە
ئاوازی زۆمی بیستووە و
وتوویەتی :
سەت ساڵی تر
یەکێ دێت و دەڕۆ :
لێرە
لەسەر ڕووی ئەم کاغەزە
مرۆڤێك دەژیا

ئینسانی خۆش دەویست
هەموو شوێنکی پشکنیوە و
تاڵی چەشتووە
لە تەواوی ڕەبوارانی پرسیوە
بەڵام لای هیچ کەس
لە هیچ کوچەیێ
ناو ونیشانی (عەدالەت)ی نەدۆزیوەتەوە .

(1) ئا . ئەسرین ، شاعیرێکی ئەرمەنییە ساڵی 1907 لەدایك بووە
لە زۆربەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا شیعری بڵاو کردووەتەوە
بە تایبەبەتی لە گۆڤاری (واردزنونەد)دا
و بە یەکێك لە شاعیرە لەپێشەکانی ئەرمەن دادەنرێ .

(2) زۆرایر میرزاییان ،1916 لە دایك بووە ، میرزاییان جگە لەوەی
شاعیر بووە ، چیرۆکنووس و وەرگێڕیش بووە . چەنین بەرهەمی ناوازەی
کردووە بە ئەرمەنی لەوانە چوارینەکانی بابا تایەری هەمەدانی .
(3) ناوی تەواوی (ئارشاویر مەگەردیچیان)ـە 1913 لەدایك بووە .
(4) گالێست خانس ، 1910 لەدایك بووە ، یەکەمین بەرهەمی 1928 بڵاو
کردووەتەوە .

(*) کۆی شیعرەکان لە ژمارە (11) ی ئێردیبەهەشتی ساڵی 1349ی
هەتاوی گۆڤاری (سخن)ی فارسی تایبەت بە ئەدەبیات و کولتوور
کراون بە کوردی .

ژیـــان بێ جـــووتێ نەعلەوێ..
نەوزاد بەندی

ساڵانێکە خەم حازر ناکەم بێ زستان ..
نە نەوت ئەکەم ..
نە کومبار ..
نە گوێز ..
نە دەستکێش و گەڵوی خوری ..
وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ ،

بۆ تۆنیشتیدا □□ت ئەبم ..
ساڵانێکە خەم حازر ناکەم بۆ بەهار ..
نە جلی کوردی ..
نە کڵاشی پ□□ ..
نە سەیران …
وەک چۆن خ□□ک خەیان حازر ناکەن بۆ سەری مانگ ..
وەک چۆن سەری مانگ هیچی پێ نییە بۆ خ□□کی ..
وەک نائومێدبوونی خ□□ک لە پەرلەمان ..
وەک چۆن ئازادی هیچی پێ نیە بۆ خ□□کی ..
ئاوا ساڵانێکە ، خەم حازر ناکەم بۆ سەری ساڵ ..
نە سەفەر ..
نە ئاهەنگ ..
نە پیاسە ..
وەک چۆن خ□□ک نائومێد بوون لە ش□□ش ..
وەک چۆن ش□□ش کەم□□ بازرگانی پشتا و پشتی خستە ک□□ی خ□□کی ..
وەک چۆن خ□□ک ، خەیان حازر نەکرد بۆ هەبژاردن ..
وەک چۆن هەبژاردن خ□□کی لە هەموو هیوایەک دانی ..
وەک چۆن منا□ خەی بۆ مەکتەب حازر ناکا ..
وەک چۆن زانکۆ ، ووڵاتی پێ کرد لە خاوەن بڕوانامەی بێ ئیش ..
وەک چۆن شەقام بوو بە ژێر ع□ربانە و سواکەرەوە ..
وەک چۆن مزگەوت تەنها کوشکەکی □□نگا و □□نگ بوو ، خاڵیی لە باو□□دار ..
وەک چۆن باران خەی دزییەوە لە پاییز ..
وەک چۆن بەهار گیرفانەکانی پێ بوون لە قاڵەنچە ..
ئاوا ساڵانێکە خەم حازر ناکەم بۆ نیشتمان ..
هیچ شەقامێکی بانگم ناکا بۆ پیاسە ..
خەم بۆ هیچ ئاهەنگێکی حازر ناکەم ..
شەوان تەماشای هەواڵی ئاڵجەزیرە ئەکەم ..
سەیری دراما یەکی ئینگلیزی ئەکەم ..
تەماشای شەقامەکانی ئستەنبوڵ ئەکەم ..
وەک چۆن ئیبراهیم ئەمین باڵدار دوای ئۆوەی هەموومانی فڕی خوەندەواریی کرد ، لە غەریبیی مرد ..
وەک چۆن حاجی قادری کۆیی ، دوای ئۆوەی هەموومانی فڕی نیشتمانپەروەریی کرد ..□□حی لە تورکیا کۆشرا ..
وەک چۆن نالی ، لە ئستەنبوڵ نەگ□□ایەوە ..
وەک چۆن ئەمین فەیزی لە خانەی پیرانیی غەریبیی ، گیانی بەخشی ..
ئاوا خەم بۆ هیچ هەوا□□کی بۆ پڵەی کورد حازر ناکەم . ..

هیچ گۆڤارێکی ناتوانێ قژی سەرنجەکم داهێنێ..
خەم بە وادەی دابەشکردنی هیچ کتێبێکی حازر ناکەم ..
هیچ نوسەرێکی هەستی شانازیم تێدا ناوروژێنێ ..
خەم بە بینینی هیچ کچێکی حازر ناکەم ..
ناتوانم شیعر بۆ هیچ دیمەنێکی بنوسم ..
گرانییەکانی تەریقم ئەکەنەوە..
ئاوەی ئەیبینم هەر تەنکەی خۆێ ..
بەگەنی زبۆ دیارترین داهێنانێ لەرێ ..
من بەگەنی زبۆ بوومایۆ خەم کاندید ئەکرد ،
دەنگی ملیارێک مەش مسۆگەر بوو ..
ئاوا خەم بۆ شۆوچەرەی پایێز حازر ناکەم ..
لە پەنایەکا بۆ دیار گوگۆ ترانسلەیتەرەوە ،
خەم بە زمانێکی ئینگلۆ سەکسنیەوە سەرقاڵ ئەکەم ..
هیچ شۆوە خەم بۆ خۆوتن حازر ناکەم ..ئاخر لەرێ خۆون بە چیەوە ببینم ؟
وەک چۆن دادگاکان پۆ بوون لە تۆاق ..
وەک چۆن دەریاکان پۆ بوون لە کوردی خنکاو ..
وەک چۆن شۆقامەکانی دنیا ، پۆ بوون لە کوردی بۆ ئیش ..
وەک چۆن مەدفۆع و فۆکۆ و درێنەکانی دنیا ، بۆیانیان دەستنوژ هۆئەگرن و خۆیان بۆ کورد حازر ئەکەن ..
وەک چۆن هەرچی کافر و خەلیفەی دنیایە ، چۆز لە کوشتنی کورد ئەبینن ..
وەک چۆن کورد خۆیشی ، سەگ ببینێ کورد نەبینێ ..
ئاوا لە هیچ شتێکا خەم بۆ کورد حازر ناکەم ..
لە بیابانێکدام ، لمێکی زەری لە ژاوە ،
ئیتر خەم بۆ چی حازر کەم ؟
لەجیاتی لە ژێرکاندا بژیم ، وەک سەهۆڵفرۆشکی بۆ ئیش ، خولەک و سەعاتەکان ئیز ئەکەم و .. بۆ ئاوەی خەمیان بۆ حازر کەم ، ئەتونەوە ..
چەشتەنگاو ، خەر ەمە بەرز بەتاوە و
من لەناو پەخۆفدا ئەتلەمەوە …
وەک چۆن جەنەاڵی پایێز لە خونی خۆیدا ئەتلایەوە ..
وەک چۆن حەسانی قزەجی کەس نەیزانی چی بەسەرهات ..
وەک چۆن کەبەرەکان لەسەر تاوەرە بەردەکان ، زەرانبازی لەگەڵ نانا ئەکەن ..
وەک کارەبا …
وەک جامی ڕۆشی ئوتومبیل ..

وەکو تیرەر ..
وەک ئەپەزیسیۆنی درەزن ..
وەک یەکگرتنەوەی هەزەکانی 70 و 80
وەک ئیسلامیی بە خوێنی سەری یەکتری تینوو ..
شتی تریش ..

ـــــنەوزاد بەندی ـــــــ

یەکێتی بە بەردەک دوو پەستی لەدەستی پارتیا کوشت.. سامانی وەستا بەکر

سەرەتای گەمەکە:
ئاگەر کەمەک بەووردی لە دیمەنی شانۆی هەڵبژرادنی سەرۆک کەمار بەوانی ئەتوانرێ بە ئاسانی لایەنی سەرکەوتووی شانۆکە ببینرێ و هەرئەوەشنا بەکو ئەتوانرێ لەوەش تێبگەی کە سیاسەت چ زەلکاوێکە.

ی.ن.ک و سەرۆکەکەیان زۆر بە سانایی ی.ن.ک گەمەیەکی زۆر زیرەکانەیان کردوو و توانیان بەجۆرێک پ.د.ک فریووبدەن کە نەک بەس تەنها پەستی سەرۆک کەماریان لەبردنەوە و جارێکی تریش مۆری موڵکی یەکێتی پەونایەوە، بەکو بەجۆرێک گەمەیان کرد کە پارێزگاری داهاتووی کەرکوکیش ئاگەر جارێکیتر بە کوردبە ئەوا هەر بە ی.ن.ک ئەبە.

سەرەتا یەکێتی باش ئەوەی ئەزانی کە سەرۆکی پ.د.ک هەمیشە شۆڕی کەنە قین ئەکات و شکستی پەشووی فواد حسێنی بەرامبەر د.بەرهەم سالح لەبیرناچێ و بەهیچ جۆرێک بەئاسانی ناگەڕێ بە هەڵبژاردنەوەید. بەرهەم نایەن، هەربۆیە بۆیە بە مسۆگەرکردنی ئەو پستە د. بەرهەم سالحیان وەک کەپشی فیدا لەدژی خواستی سەرکەی پارتی دیاریکرد.

کەواتە ئەمیان بە کرد؟
ئەوان باش لەوە تێگەشتبوون و ئەیانزانی کە هەر کەسێک بەربژێر و

دیاریبکەن بە هیچ گومانێ کابرەکی پارتی بەرامبەر دیاری ئەکرێ، بۆیە ئەبوو ئەو کاندیدە د. بەرهەم ساڵح بێت، کە بەهیچ جۆرێ شانسی متمانەوەرگرتنی پارتی و سەرکەکەی نابێ، لەهەمان کاتیشا ترسەکی زۆر لەدڵی پارتی و سەرکەکیا دروست ئەکات، بەجۆرێک کە ئەبێتە شۆرشیەکی گەورەی ئاگر دووجار بەرامبەر هەمان کاندید شکست بهێنن، ئەوەش وا لە پ.د.ک و سەرکەکیان ئەکات کە بە دڕبازبوون لە شکست داوای کشانەوەی د. بەرهەم ساڵح بکەن، لەبەرامبەریشا هەر کاندیدێکیتر ی.ن.ک دیاریبکات ئەوان دەنگی پێئەیەن، ئەمەش نهێنی ئەو گەمەیە بوو کە یەکێتی کاری لەسەر ئەکرد.
بەو جۆرە ی.ن.ک پەستی سەرکەکمار هەر لای خۆیان ئەهێنێوەو بە جاری چوارەم، بەڵام ئەمجارەیان بە ناچاراندی پارتی و سەرکەکیان مەری مەرکی یەکێتی بووونی ئەو پستە بدەستی خودی پارتی و سەرکەکەی لە کەشکی کەماری عەراق بە یەکێتی ئەنخشێنن، سەرنجامیش یەکێتی کاندیدە دڵخوازەکەی خۆیان و گەیاندنی پوری سەرکی یەکێتی وەک خانمی یەکەمی عەراق بە کەشکی کەماری بدەستئەهێنن، بەمەش ئەوترێ زیرەکی ئاگەر وا بیریان لەکردبێتەوە.

خواستی ی.ن.ک یان بنەماڵێ؟
بە یەکێتی و سەرکەکەی بگومان کەسێک لەبنەماڵەی خۆیان باشترە تا هەر بەربژەکیتر، بەتایبەتی ئاگەر ئەو کەسە هاوسەری کارگێڕی مەکتەبی سیاسی حیزبەکە و مەردی پوری سەرکی حیزبیش بێت، نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە کچانی ئیبراهیم ئەحمەد هیچ کاتێ کۆیفیان بە خەزانی د. بەرهەم ساڵح نەهاتووەو ناشیەت، پشتریش ناڕازای زۆریان هەبوو وەک ڕاگری زۆریان کرد تا ڕاگەنەیێن ببێتە خانمی یەکەمی عەراق، بەڵام ئەو کاتێ ناچاربوون چونکە د. بەرهەم ساڵح بەربژەری پەسندکراوی زۆربەی لایەنە عەراقیەکان بوو.

ئاگەر لەسەرتاوە ی.ن.ک د. لەتیف ڕەشیدی کاندید کردایە بە سەرکەکمار هیچ گەرەنتیەک نەبوو بە سەرخستنی بە ئەو پستە، بەڵام زیرەکانە و وەک بەربژەری سەربەخۆ ڕاگەیان لەنەگرت، بەڵام هیچ کاتەکیش وەک کاندیدی ئەو حیزبە ڕەفزیان نەکردەوە، بەڵکو تەنها ئەیان ووت تاکە کاندیدی ئەمە د. بەرهەمە، ئەمەش بەو واتایەی کە ئەو حیزبە بەئاگری سوتاندنی شانسی د. بەرهەم ساڵح ڕاگەی بەردەمی د. لەتیف ڕەشیدی ڕووناک ئەکردەوە.

یەکێتی چی تریشی بردەوە؟
ی.ن.ک بەم کارەی تەنها پەستی سەرکەکماری بە خۆی قەرخ نەکرد، بەڵکو کارەکی کرد کە بەربژەرە دڵخوازەکیان لەلایەن پارتی و

سەرکەکیانەوە وەک کاندیدی ناچاری پارتی دیاری بکرێ بە جێگری کردن لە هەڵبژاردنەوەی د. بەرهەم ساڵح، بەوەش یەکجارێکی تر هەر سەرک کەماری بردەوە، بەڵکو یاریکەی بەجارێک زیرەکانە کرد کە لە پێستەکانی تری حکومەتی داهاتوو بەبەش نەبێ، لەهەمان کاتیشا پێستی داهاتووی پارێزگاری کەرکوکیش هەر بۆ ئەو حیزبەبێت.
لە نەخشە ڕێگای بەرەو کۆشکی کەماری ی.ن.کوردستانا بەجارێک پ.د.ک فریویرا کە بەربژێرە دڵخوازەکەی یەکجاری و سەرکەکیان وەک بەربژێری دڵخوازی پارتی و سەرکەکیان دەستنیشان بکرێ، بەجارێش لە داهاتووا ی.ن.ک داشی سوارئەبێ، ئەتوانێ شەڕی ئەوە بە پارتی بفرۆشێ کە پێستی سەرک کەمار بدە و خواستی پارتی و سەرکەکیان بووە، بۆیە لەبەرامبەرا ئەبێ پێستی پارێزگاری کەرکوک بە یەکجاری بێت، واتە ی.ن.ک و سەرکەکیان بە بەردەک نەک دوو چۆلەکە بەڵکو دووجار پ.د.ک و سەرکەکەکیشیان کوشت.

سیمای سیاسەت:
لە کەی جیهانابەشەوەیەکی گشتی نە سیاسەت کارەکی بە نیشانەی پرسیارە، نە سیاسەتوانیش خەڵکانەکی بە گومانلەکراون، ئەم نەسانەی پرسیار و گومانەش لە شوێنەکەوە بە شوێنەکیتر ڕۆژەکەی ئەگەڕێ، تا لە ڕۆژهەڵات نزیک ببیتەوە ڕۆژەکە زیائەکا، وە لە عەراق و هەرێمی کوردستان ڕۆژەکە بەجارێک بەرزە تەنانەت خودی سیاسیەکان لە مەدیاکانەوە باس لە گومان و نیشانەی پرسیار لەسەر ئەو ئەزموونە ئەکەن کە خۆیان خوڵقێنەر و بەهێزبەرین.

یەکێک لە نیشارینیەکانی سیاسەت ئەوەیە کە شوێنێک نیە بە متمانە بوون و باوەڕکردن، بۆیە هەمیشە مرۆڤ ڕاستگۆ بە فێڵ تەڵەکەکان تیا یا شکست ئەهێنن.
براوەی سیاسەت ئەوانەن کە هەمیشە لەیەک کاتا دوو ڕوو، دوو زمان و دوو دیویان هەیە.
لەسیاسەتا گرنگ نیە چۆن وە بۆچی پێبکەنی، گرنگ ئەوەیە لەکەتایا پێ بردەی خەت پێبکەنی، تاکە ڕێگاش بۆ ئەمە تەنها درۆ، فێڵ، تەڵەکەبازی، فریودان، فرشتنی نزیکترین هاوڕێکان بۆ کەینی کورسی زیاتر.

سامانی وەستا بەکر
٢٠٢٢-١٠-١٤
سوید-ستۆکهۆڵم

سەمای پەنجەکان.. نوسینی: نەوشیروان ئازاد

بە جووڵەی سەری پەنجەکانی.. ئەو ئارامیەک دەبەخشێتە ڕەحەماندووکان ، ئەو بەسەمای پەنجەکانی خشنودیەک دەبەخشێتە گوێگرەکانی .. تا لەکوێ بیت ئەو لەوێیە .. ئەو هونەرەکەی بەتەنیا لەماڵەکەی خۆدا قەتیس نەداوە ، دەتەسەر شەقام و بەهەموو میللەت دەڵێ …خەڵکینە جەم بن ..ئارام بن …گوێبگرن ژیان چەن بەچەژە چەند خۆشەگەر بەخۆشەویستیەوە لەی بەوانن و گوێبیستی بن . ئەو جیاوازلەدەستگەڵەکانی ناوبازاڕ ..جەنجاڵی ناداتەژیان..بەسەری پەنجەبزەکانی ئازارەکانی ناخی خۆی دەکات چەپکە سەمفونیای خۆشەویستی تا ئاسودەگی بکاتەوە بەبەر گیانماندووکاندا…

حەمیدی جوان جەمیدی هەمیشە لەدەڵاشیرین ..لەدایک بووی گوندجوانەکەی ئاوەکورتە و دانیشتووی ئێستای بازیان …دەرچووی پەیمانگەی هونەرجوانەکانە ئەو پترلەپەنجا خەڵاتی جوراو جەر ی وەرگرتووە..ئەو دەیان شارو شارچکەی نیشتمان گەڵاوەو لەسەرشەقامەکانی ئەرمینیا و تورکیان و زۆرێک لەشارو شارچکەکانی نیشتمان..میوزیکی ژێنیوە ئەو میوزیکی لەستەدیەکانەوەگواستەتەوە بەسەر شەقام ،تالەنزیکەوە تەکەڵە بەڕەحی هەژارو ماندووکانی شاربەت …ئەولەوجگەیەیە کەتە لەوێیت …ئەو دەروەش عبدالڵای سەردەم…..بەڕام داخەکەم ئەوخەڵکەی کە بەیاندژنە هەمان خەڵکی سەردەمەکەی دەروەش عەبدوڵان …

ئەوندەم بیست لەمسقاو خرشی ڕەحی بگانە…

میزاجی کوردەواریم تەکچوە دەروەش عبدوڵا ..

دەخیلت بم دەسا بەو ئای ئای و لاوک و حەیرانە…

سکاڵایەک لەگەڵ ڕەحی کەڵەم کە…

Nawshirwan Azad

بیروەریی کانی فەقیێکێ گوومڵا..31 شەماڵ بارەوانی

بەشی سی و یەک/

فەقیێکێ چاوچنۆک..!

کاتێک فەقێ بووم و لە حوجرە و خوێندنی ئیسلامی دەمخوێند، هەموو ساڵێک، کاتێک کە مانگی ڕەمەزان دەهات، من و هاوڕێ فەقێکانم بەسەر دەیەکان دا دابەش دەبووین.
لە یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزانەوە، تایەکەم ڕۆژی جۆژن لەوە دەماینەوە و نۆژی تەراویحمان بۆ ئەنجام دەدان و وتاری عەسرانەی ڕەمەزانمان بۆ دەدان، جا جاری وابوو هەندێک لە فەقیاکان هەرلەناو شاری هەولێر لە یەکێک لە مزگەوتەکان ئەو مەایەتیەی ڕەمەزانەمان دەکرد.
ئینجا ئەو خێڵکەی دە، یان شار، لە بەرامبەردا زەکات و سەرفیترە و خێر و خێراتیان پێدەداین.
بەینی خۆشمان بیت، هەرکاتێک مەایەک پێی بگووتباین وەرن بۆن بۆ فلان دەیە، هەندێک لە فەقیێکان، یەکسەر بیرمان بۆ گیرفان و پارە دەڕیشت و خێرا و بەر لەهەر شتێک دەمان پرسی: چۆرە، یان، نا؟ چەند ماڵن؟ خێڵکەکە سەخی و دەستکراوەن، یان قرچێک و چاوچنۆکن؟

ئەوەش بەینی خۆمان بیت، منیش لە کاتی فەقیاتیم، بە فەقیێکی تەزێک قرچێک و چاوچنۆک ناسراو بووم. فەقێکان وایان پێ دەگووتم، هەرچەند ئەوەم زۆر پێ ناخۆش بوو کە وایان پێ دەگووتم. چونکو من هەرگیز خۆم وا نەدەبینی و دانم بەوە دانەدەنا.
هاوڕێ فەقێکانم زۆرجار پێیان دەگووتم: تۆ قەناعەتت نییە، قەناعەت!
ئەو کاکە فەقیێکی برادەرم هەبوو، ساڵێکی لە مەایەتی ڕەمەزانە، زیاد لە دەفتەرێک دۆلاری وەرگرت، لەناو شاری هەولێر و بە زمانەی عەشایەری و بازاییکەی دەڵێت:ڕێک ڕەیشت ژنەکی بۆ زیاتر لەو دەفتەرە دۆلارە ئازیزە هێنا.
منیش لە دێیەکی لای دەڤەری خۆشناوەتی و شەقاوەی، دێیەکی لە خۆم

چاوچنۆک و قرچۆک تر، ستت دارت لە بدابان دینارەکیان لە بڕنەدەبوویە و مەلاکان لە پانزەی ڕەمەزان و ئەو ناوە باسی سەرفیترە و زەکات و شتیان دەکرد،
کاکە بە خوای من هەر لە یەکەم ڕۆژی ڕەمەزانەوە دەستم پەدەکرد و مەشکی ئەو خەڵکەم کاسدەکرد هەندەی باسی فەزلی دەستکراوەیی و خەرکردن و زەکات دان بکەم.
ئینجا نەک هەر ئەو هەموو ئایەت و فەرموودانەی کە لە ئیسلامدا هەن و هانی دەستکراوەیی و خەرکردن و زەکات و شت دەدەن ڕیزم دەکردن، دەهاتم هەرچی ڕیوایەتی زەعیف و هەڵبەستراو درۆش هەبوو دەمهێناوە و لەسەر مینبەر و لە وتاری جومعە و عەسرانی ڕەمەزانە دەمگووتنەوە و دەمگووت: ئەو خەڵکە بەستەزمان و عەرەبی نەزان و شارع نەزانە توزانن ڕیوایەت و حەدیسی سەحیح و مەزوع و حەسەن و مەقتوع و مەرفوع و فلان لیغەیریهی و فیسار لیزاتیهی چییە و کامە قەڵە و کامەی لاواز و کامەیشی دڕیە.
جوان جوان هەموویم دەهێنان و هەندەی تر شەکر و ترش و خوەم پەدادەکردن و بەم دەگووتن و دەمگووت: دەی مادام لە کاری خەڕە و هاندان لە چاکەکردنە و فەزائیلی ئەعمالیە، دروستە و بە دەی خەم ملی شەرعم لە خەم خواردەکردەوە.
ئینجا تە لەوە بگەڕێ کە کە توزانت مەسەلە چییە و وەڵاهی قسەی بە عەربی بکە و بڵێ: وە فی ڕیوایەتین فی کیتابو"ئەلتەرغیب وەلئەغانی لەی جەمالول دین ئەلکەسنەزانی" ئەننە ڕەسوڵ اللە(سەلاهە عەلەیهی وەسەلەم) : ڕەئا ڕەجولەن، فەوقەلشەجەرەتی یەئکولو ئەلتوفاحەتی،
هەمووی وادەیزانی ئایەت و حەدیسە هاهاها

لەو دەییە تە گەر بشتگووتبایە: خوا و پەیامبەر لە خوون نامەکەی ئیبنولسیرین و فلان کیتابەی فرەیدی وا دەڵێن، کەسیان نەیدەزانی مەسەلە چییە و تەقەی سەریان دەهات !
هەرهەندە بەسە ناوی خوا و پەیامبەرت بە زیادکردبا و تەواو، ئیتر هەمووی سەماوەت و سوبحانەللەیان بە دەکرد و بە لام و جیم وەریان دەگرت.
ئە چاوەکەم من ئەو هەمووەم کرد و لەگەڵ ئەوەشدا هەزار دووعا و شەو نوێژ و شتم دەکرد، هەتاکو حەفسەد هەزار دیناری حیزم وەردەگرت.
فەقێی هاوڕێشم دەفتەرێک زیاتر و ئینجا پێشی دەگووتم تە قەناعەتت نییە براکەم قەناعەت.
ئە کو قەناعەتم هەبێت و ئیمان لەکەڵەم بمەنێت و دەهری نەبم؟

لە کاتێکدا تە سەرووی دەفتەرێک وەربگریت و میش کەمتری لە ملیۆنێک؟

ئینجا باسەرتان نیشتنم و درێژەی پێ ندام و بابینەوە سەر بەسەرهاتێکی تری ژیانی فەقیاتیم لەو دەیە.
هەبەت، بە پێی فیقه و شەرعی ئیسلامی هەر کەسێکی ساخ و سەلامەت بێت، لە هەموو مانگی رەمەزانە هەموو ساڵێک دەبێت پێ پارەیەک، یان بەکسی دیاریکراو لە یەکێک لەو جۆرە دانەوانەی کە مزهەبەکانی ئیسلام و بە تایبەتی شافیعی دیاریکردووە بدات بە هەژارەکان، ئەوەی پێی دەڵێن سەرفیترە.
جا ئەو سەرفیترەیە، یان سەر قەبەاندن و سەرچاکردن، بە کەسێک پارەی بدابووایە، لەژنەی فەتوا لە یەکێتی زانایان لەو ساڵەی من تێدا مەلای گەورەزانە بووم لەو دەیەی مەنتیقەی خۆشناوان و نزیک پیرە چیای سەفینە، بڕەکەی بە هەر کەسێک لە تەواوی مانگەکە(٣٠٠٠) هەزار دینار بوو.

بە کەسێکیش کە چووە ناو تەمەنەوە و نەتوانێت بە رۆژوو بێت، ئەوا دەبێت بە هەر رۆژێك (٣)هەزار فیدیە بدات و لە مانگەکدا و هەرسی هەژدەکی گەورەزان دەکات بە (٩٠)هەزار. جا لە فەقیاتی لەو دەیەی نزیک شەقاوەی، کە مەلای رەمەزانە بووم، هەر رۆژەی دەچوومە مالێکی لە نانخواردنێ.
رۆژێك هەشتەم مالێکی، دایە حاجیەک و مامە حاجیەکی زۆر بە تەمەنیان هەبوو، هەندە بە ساداچووبوون لە پیریان بە گاگڵکە دەریشتن، لە دەی خەمدا گووتم: لەدە مەلا، وەڵا لەتی گرت، لە وەناکەی، ئەخەی ئەوجارە بە دەی خێت دەبێت، دوو نەفەر دەکاتە(١٨٠)هەزار دینار و نەمردم و لە کەتاییدا فیدیەیەکی چەوری سەت و هەشتا هەزاری ئەو دووەم مسۆگەرکرد.
